# رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

## دەسەڵاتی پێنجەم لە هەرێمی کوردستان

**ئاری رەفیق**

**کوردستان، هەولێر**
**٢٠١٩**

**بە هاوكاری دەستەی ڕێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان چاپكراوە وەك بەشێك لە پرۆژەی هاوكاری چاپكردنی بەرهەمی نووسەرانی گەنج.**

**كتێبی ژمارە ـ ٥ ـ**

ناوی كتێب: **ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەسەڵاتی پێنجەم لە هەرێمی كوردستان**

نووسین: **ئاری ڕەفیق**

گرافیك و دیزاین: **لوقمان ڕەشیدی**

شوێن و ساڵی چاپ: **ڕۆكسانا ـ ٢٠١٩**

نۆرەی چاپ: **یەكەم**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان/ هەرێمی كوردستان
ژمارەی سپاردنی (٢٩٢) ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

# ناوەڕۆک

پێشـەکی نوسـەر ..... ٥

**دەروازەی یەکەم**

**ناساندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەڕووی چەمك، مێژوو، ئاستەنگ، رەگەزو دامەزراوەکانی**

ناسـاندنی چەمکـەکان ..... ١٠
سـەرەتای سـەرهەڵدان و ناسـاندنی کۆمەڵگـەی مەدەنـی ..... ١٤
سـەرهەڵدانی کۆمەڵگـەی مەدەنـی لـەڕووی مێژووییـەوە ..... ١٧
روانینـە جیـاوازەکان لەبـارەی کۆمەڵگـەی مەدەنـی ..... ٢٠
کۆمەڵگـەی مەدەنـی لەڕوانگـەی تۆمـاس هۆبـز ..... ٢٠
کۆمەڵگـەی مەدەنی لەڕوانگـەی ئەنتۆنیـۆ گرامشـی ..... ٢١
کۆمەڵگـەی مەدەنـی لەڕوانگـەی جـۆن لـۆك ..... ٢٣
کۆمەڵگـەی مەدەنـی لەڕوانگـەی فریدریـك هیـگڵ ..... ٢٤
ئایـا دەوڵـەت و کۆمەڵگـەی مەدەنـی دژبـە یەکـن؟ ..... ٢٨

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستان کەی و چۆن سەریانهەڵدا؟ ... ٣٥
مەرجی پێشینەی کۆمەڵگەی مەدەنی ... ٣٦
ئاستەنگەکانی بەردەم کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستان ... ٤٣
ئەو نۆ ئەرکەی هێز دەداتە بەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ... ٥٣

## دەروازەی دووەم
## ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەڕووی بەڕێوەبردنەوە

سەرکردایەتیکردنی سەرکەوتوو لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ... ٦٤
خۆبەخشی – Voluntary لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ... ٧٤
- تۆڕبەندی – التشبيك – Networking لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ... ٨٢
دەرئەنجامە گشتییەکان ... ٩٢
ڕاسپاردەکان ... ٩٧
سەرچاوەکان ... ١٠٠

## پاشکۆکان

یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ... ١٠٦
یاسای کۆمەڵەکان ... ١٢٠

# پێشەکی نوسەر:

هەرێمـــی کوردســـتان دوای بەکۆتاهاتنـــی پرۆســـەی ئازادکـــردنی بەشـێکی گرنـگ لـە ناوچـەکانی و هاتنەکایـەی جۆرێـک لـە گۆڕانکاریـی فرەلایـەن و گشـتگیر، کـە خـۆی لـە بیناکـردنی دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی دادوەری و دەسـەڵاتی جێبەجێکـردنی خۆماڵیـدا بینییـەوە، جۆرێـک لـە گەشـە و پێشـکەوتنی لـە کایـە و دامـەزراوە سـیاسی و فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتییـەکانی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا. بەشـێک لـەو پەرەسـەندنە گرنگەیـش، بنیاتنـان و پاشـان گەشـەپێدانی "دەزگـە و ئۆرگانـە مەدەنییـەکان" بـوو لـە کوردسـتاندا.

ئـەوەی لـە پـرۆژەی ئـەم کتێبـەدا بـە لای منـەوە جێـی بایەخـە، تیشکخسـتنە سـەر دوو دەروازەی سـەرەکییە، دەروازەی یەکـەم بریتییـە لـە " ناسـاندن و شـیکردنەوەی چەمکـی ڕێکخـراو و پاشـانیش چەمکـی کۆمەڵگهـی مەدەنـی؛ دواتـر خسـتنەڕووی مێـژووی سـەرهەڵدانی ئۆرگانـە مەدەنییـەکان و لەوێیشـەوە بـاس لـە سـەرهەڵدانی کۆمەڵگهـی مـەدەنی دەکەیـن لـە هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ باسـکردنی ئاسـتەنگەکان و پاشـانیش ڕاڤەکـردنی ڕۆڵ و نەخـش و کاریگەرییـەکانی ئـەو تەوژمەیـە کـە لـە ئێسـتای گۆڕەپـانی کاری ئۆرگانـە مەدەنییەکانـدا دەبینرێـت".

هەروەهـا دەروازەی دووەمـی کتێبەکـە بریتییـە لـە باسـکردنی "لایـەنی بەڕێوەبردنـی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی".

پێویسـتە بڵێیـن لـە کوردسـتان تـا کۆتایـی سـاڵی ٢٠٠١، دوو یاسـای سـەرەکی لـە لایـەن ئەنجومەنـی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەرچـوون، بەپێـی ئـەم دوو یاسـایە ڕێکخـراوەکان و کۆمەڵـەکان دامـەزراون و بەپێـی بڕگـە و ماددەکانـی ئـەم دوو یاسـایە شـێوازی کارکـردن و ئاسـتی پابەندبوونـی کۆمەڵـەکان، سـەندیکاکان، یەکێتییـە پیشـەییەکان، یانـە کۆمەڵایەتییـەکان، بنکـە و ناوەنـدە ڕۆشـنبیرییەکان دیـاری کـران. بـەڵام لـە کۆتاییـی سـاڵی ٢٠١١وە یاسـایەکی نـوێ بـۆ ڕێکخسـتنی کاری ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگهـی مـەدەنی لـە لایـەن پەرلەمـانی کوردسـتانەوە پەسـەند کـرا. لەگـەڵ دەرکـردنی یاسـا نوێیەکەیشـدا، کـە مەبەسـتمان یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠١١یـە، یاسـای ژمـارە (١٥)ی سـاڵی ٢٠٠١ی تایبـەت بـە ڕێکخـراوە ناحکوومییـەکانی هەرێمـی کوردسـتان کاری پـێ ناکـرێ.

یەکێـک لـە گرنگییـەکانی ئـەم کتێبـە بریتییـە لـە زیادکـردنی سـەرچاوەیەکی تـر بەزمـانی کـوردی لەبـارەی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی

مـــەدەنی، چونکـــە ئەگـــەر چاوێـــک بـــە کتێبخانـــەکانی کوردســـتاندا بخشـــێنین بـــە ئاســـانی ئەوەمـــان بـــۆ دەردەکـــەوێ کـــە لەنـــاو رەفـــەی کتێبخانەکانماندا کەمتریـــن ســـەرچاوەمان بـــە زمـــانی کـــوردی بەردەســـت دەکـــەوێ لەوبارەیـــەوە، رەنگـــە ئـــەوە یەکێـــک بێـــت لـــە فاکتـــەرەکانی ســـەرهەڵدان و پاشـــان بەردەوامبـــوونی رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی بەشـــێوازێکی نارێـــک و بـــاش گەشـــەنەکردنیان لـــە هەرێمـــی کوردســـتان.

**"نوسەر"**

# دەروازەی یەکەم

# کۆمەڵگەی مەدەنی

## چەمك، مێژوو، ئاستەنگ، رەگەز و دامەزراوەکانی

# ناساندنی چەمکەکان:

● **چەمکی ڕێکخراو Organization:**

شاکر مستەفا سەلیم پێناسەی ڕێکخراو دەکات و دەڵێت:

ڕێکخراو: دامەزراوهیەکی یاساییە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە باوەرپێکراوە، خاوەنی کەسایەتی نەگۆڕە و لە پێناو چەند ئامانجێکی دیاریکراودا تێدەکۆشێت، بەپێی پەیڕەو و پڕۆگرامی بڕیارلەسەردراو کار دەکات، بۆ نموونە: کۆمەڵە بەخشەرەکان، حزبە سیاسییەکان، سەندیکاکان، ڕێکخراوە زانستیەکان و. . . هتد.

لە لایەکی ترەوە ڕێکخراو ئاوا ناسێنراوە کە بریتییە لە پێکەوەکارکردن و گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی، کە مەرجن بۆ بنیاتنانی ڕێکخراوێک، تاکوو توانای مانەوەی لە داهاتوودا هەبێ. دەستەی بەڕێوەبردن کە ڕەنگدانەوەی پلە و ڕیزبەندیی ڕێکخراوە، بڕیار و تێڕامانەکانی دەبنە دەنگ و هێزی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی

کــە لــە دەوری ئامانجــی هاوبەشــدا کۆبوونەتــەوە.

هەروەهــا لــە یاســای ڕێکخــراوە کوردســتانییە ناحکومییــەکانی ســاڵی ٢٠٠١ی ژمــارە(١٥)دا هاتــووە کــە:

ڕێکخــراو: دەســتەیەکی ســەربەخۆی ناحکوومییــە و، لــە چەنــد کەســانێکی سروشــتی پێکهاتــووە بــۆ بەدیهێنــانی ئامانجــەکانی خــۆی لــە بــواری بەهاناچــوون و ئاوەدانکردنــەوە و بزاڤــی مرۆڤایــەتی.

لــە یاســای ڕێکخــراوە کوردســتانییە ناحکومییــەکانی ســاڵی ٢٠١١ی ژمــارە (١)یشــدا هاتــووە کــە:

ڕێکخــراوی ناحکومــی، کــە کۆمەڵێــک کــەسی ئاســایی، یــان مەعنــەوی، بەگوێــرەی حوکمــەکانی ئــەم یاســایە خــاوەن کەســایەتی مەعنەوییــەو، هــەوڵ بــۆ بەجێگەیانــدنی ئامانــج دەدات، کــە دابەشــکردنی قازانجــی تێــدا نیــە.

لــە لایەکــی تــرەوە ســتیفان ڕابینــز پێناســەی ڕێکخــراو دەکات بــەوەی کــە ڕێکخــراو: دیاردەیەکــی کۆمەڵایەتییــە، بــە شــێوەیەکی هۆشــیارانە ڕێکخــراوە و خــاوەنی مــەرج و ســنوورێکی تــا ڕادەیــەک دیاریکــراوە، بــە مەبەســتی بەدیهێنــانی ئامانجێــک، یــان چەنــد ئامانجێــک لەســەر بنچینــەی زنجیرەیــەک بنەمــای هەمیشــەیی.

**کەواتە لە فۆڕمێکی گشتیدا دەتوانین بڵێین:**

ڕێکخــراو: Organization بــەو گروپانــە دەگوتــرێ کــە لــە لایــەن خەڵکــەوە پێکدەهێنرێــن، وەکــو "ئەنجومەنــە نافەرمییــەکان"؛ بــۆ نموونــە "ئەنجومەنــەکانی گــەڕەک" یــان "یانــە وەرزشی و کۆمەڵایەتییــەکان"، یــان ئــەو" ڕێکخــراوە گەورانــەی کــە بــە شــێوەی فەرمــی تۆمــار کــراون"، واتــە بریتییــە لــە کۆبوونــەوە و پێکــەوە کارکردنــی کۆمەڵــە کەســێک

بــە ڕێگهــی یاســایی و، لــە چوارچێــوەی خــاڵ و بەندەکانــی پڕۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخۆیانــدا، هــاوڕان لەســەر جێبەجێکــردن و هێنانــەدی ئــەو ئامانجــە واقعیانــەی کــە ڕێکخراوەکــەی لەســەر بیناکــراوە.

**بەگشتیش لەبارەی چەمکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

بــە دەزگــە و پێکهاتەیەکــی گرنگــی کۆمەڵگــەی مــەدەنی دادەنرێــن؛ شــوێنگەیەکن بــۆ کۆبوونــەوە و بەیەکەوەکارکــردنی کەســانێک کــە بەرژەوەندییەکــی هاوبــەش بەیەکــەوە گرێــی داون؛ هەنــگاو دەنێــن بــۆ بەدەستخســتن و هێنانەدیــی چەندیــن ئامانجــی هاوبــەش و دیاریکــراو، لــە ڕێگــەی داڕشــتنی نەخشــەی پێویســت بــۆ بــرەودان و هۆشــیارکردنەوە و بەرەوپێشــبردنی ئاســت و توانــای تاکــەکانی یەکــەی خێــزان و کۆمەڵگــە و شــۆڕبوونەوەیان بەنــاو قووڵایــی دیــاردە و گرفتــەکان لــە ڕووی کۆمەڵایــەتی و فەرهەنگــی و پیشــەییەوە، بــە جیاوازیــی جــۆری کارکردنیــان بــە هــۆی ناچونیهکــی و تایبەتمەندیــی "کهلتــووری کۆمەڵگــەکان. "

● **چەمکــی کۆمەڵگــەی مــەدەنی Civil Society – و تێگەیشــتنە جۆربەجــۆرەکانی:**

(ئێرنســت گێلنهــر)، زانــای کۆمەڵنــاسی و مرۆڤنــاسی بەریتــانی، بەمجــۆرە پێناســەی کۆمەڵگــەی مــەدەنی دەکات:

کۆمەڵگــەی مــەدەنی: Civil Society - کۆمەڵێــک لــە دامــەزراوە ناحکوومییــە جۆراوجــۆرەکان، لــە نێــوانی خۆیانــدا وەکــو پێویســت بەهێــز بــن بــۆ هاوســەنگکردنی دەوڵــەت و، توانــای ڕێگەگرتنیــان هەبــێ لــە ســەپاندنی هێژمــوون بەســەر کۆمەڵگــە و پەرتەوازەکــردنی، بــەڵام

بەبێ ئـەوەی ببێتـە کۆسـپێک لـە بـەردەم دەوڵـەت، لـە بینینـی ڕۆڵـی خۆیـان وەک پارێزهرێـک لـە پرۆسـەی ئاشـتی و وەک ناوبژیوانێـک لـە نێـوان بەرژەوەندییـە سـەرەکییەکان. واتـە بریتییـە لـە بوارێکـی ژیـانی کۆمەڵایەتیـی تاکەکەسـەکان، کـە لـە لایـەن یاسـاوە پارێزگارییـان لـێ دەکرێـت.

هەروەهـا لـە دیوێکـی تـرەوە، بـە کـۆی ئـەو ڕێکخـراوە خۆبەخشـە ئازادانـە دەگوترێـت کـە بـواری گشـتی لـە نێـوان "خێـزان و دەوڵـەت"دا بـۆ بەدیهێنـانی بەرژەوەندیـی تاکـەکانی فەراهـەم دەکـەن. لـەم کارەیانـدا ڕێـز لـە بەهـا و پێوانـەکان دەگـرن و بـە جیاوازییـەکان رازیـن و گیـانی هەڵکـردن و بەڕێوەچوونێکـی تەندروسـت پیـادە دەکـەن.

لـە ناسـاندنە گشتییەکەیشـیدا کۆمەڵگـەی مـەدەنی بـەو دامـەزراوە سـیاسی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیرییانە دەگوترێـت کـە لـە بـوارە جیاوازەکانیانـدا بـۆ سـەربەخۆبوونی خۆیـان لـە دەسـەڵاتی دەوڵـەت و، بـۆ هێنانـەدی چەنـد مەبەسـتێکی جیاجیـا کار دەکـەن، وەک: مەبەسـتی بەشـداریکردن لـە دروسـتکردنی بڕیـاردا، مەبەسـتی پارێزگاریکـردن لـە بەرژەوەندیـی ئەندامـەکانی، مەبەسـتی بەشـداریکردن لـە کاری کۆمەڵایەتیـدا و. . . هتـد

# سەرەتای سەرهەڵدان و ناساندنی کۆمەڵگەی مەدەنی:

کۆمەڵگەی مەدەنی (Civil Society) چەمکێکی لێکدراوە نەک موجەڕەد؛ جگە لەمەیش ناتوانین یەک نموونەی کۆمەڵگەی مەدەنی وێنا بکەین. بە دەربڕینێکی دیکە کاتێک باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین، دەبێ بپرسین و بزانین کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوێوە هاتووە؟

- **جوگرافیبونی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

کۆمەڵگەی مەدەنی لە جوگرافیای جیاجیادا لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە و بە واتای جیاواز لێکدراوەتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر سەیری ئەو چەمکەی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین کە لە ئەڵمانیا و لە ڕێی فەیلەسووفانی ئەڵمانییەوە، بۆ نموونە "هیگڵ" خراوەتە ڕوو، لەگەڵ ئەو چەمکەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بیرمەندان و زانایانی

بەریتانیـا، بـۆ نموونـە "هۆبـز و لـۆک"، یـان زانایـانی فەڕەنسـی، بـۆ نموونـە" ڕۆسـۆ" باسـیان لێـوە کـردووە بەراوردیـان بکەیـن، دەبینیـن ئـەم پێناسـانە تـەواو لەیەکـتری جیـاوازن.

لـە بریتانیـا پێناسـەی کۆمەڵگـەی مەدەنـی، زیاتـر بـۆ ئابوریـی سیاسـی دەگەڕێتـەوە و، کۆمەڵگـەی مـەدەنی بـۆ بـوارەکانی ئازادیـی ئابـووری و موڵکایەتیـی تایبـەت بـەکار هێـنراوە. ئەمەیـش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە کۆمەڵگـەی بەریتانیـا پێشـڕەوی زانسـتی ئابـوری چ "کلاسـیک" و چ" نـویێ" بـووە. بـەڵام کاتێـک لـە فەڕەنسـادا بـاس لـە کۆمەڵگـەی مـەدەنی دەکرێـت، باسـی لیبرالیـزم دێتـە ئـاراوە. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، لـە فەڕەنسـا چەمکـی کۆمەڵگـەی مـەدەنی بـۆ ئازادییـە سیاسـییەکان "مانـا گشـتییەکەی" و پەیوەندیـی دەوڵـەت و دامـەزراوە و گروپـە نادەوڵەتییـەکان دەگەڕێتـەوە. بـەڵام فەیلەسـوفانی ئەڵـمانی وەکـوو هیـگڵ" و هاوبیـرانی و دواتـر "مارکس"یـش زۆر فەلسـەفیانە کۆمەڵگـەی مـەدەنی شـیدەکەنەوە.

دەتوانیـن بڵێیـن کۆمەڵگـەی مـەدەنی چەمکێکـی مێژووییـە؛ واتـە وەک هـەر چەمکێکـی دیکـەی مێژوویـی بەپێـی کات و شـوێن و زەمینـەی مەعریفـی دەگۆڕێـت. بۆیـە ناکرێـت پێناسـەیەکی گشـتگیری بـۆ بکەیـن تـا لـە سـەردەم و بارودۆخـی جیـاوازدا بـەکار بهێنرێـت. لەگـەڵ ئەوەیشـدا دەتوانیـن بڵێیـن بـە شـێوەیەکی گشـتی کۆمەڵگـەی مـەدەنی بوارێکـە لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا، کـە دەسـەڵاتی سیاسـی، خـۆی تێهەڵناقورتێنێـت و کۆمەڵێـک دامـەزراوە و دامودەزگـە و ڕێکخـراوی تایبەتـی و مەدەنـی "نـا تایبەتـی" دەگرێتەخـۆ، واتـە کۆمەڵگـەی مـەدەنی بوارێکـە کـە دەوڵـەت تێیـدا مافـی دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی نییـە. لـە ڕوویەکـەوە دەتوانیـن کۆمەڵگـەی مەدەنـی بـە

واتــای هێنانەکایــەی دیموکراســی و بــوونی ئــازادی لــە قەڵــەم بدەیــن.

یەکێکیــش لــە ســیما جوانــەکانی دیموکــراسی لــەم ســەردەمەدا ســەرهەڵدان و کارکــردنی ئۆرگانــە مەدەنییەکانــە. بێگومــان گرنگیپێــدان و گەشــەکردنیان نیشــانەی گەشــەی کۆمەڵگــە و پێکهێنــانی کۆمەڵگــەی مەدەنییــە؛ چونکــە ســەندیکا و ڕێکخــراوەکان باشــترین ســەکۆی ئــازادن بــۆ داکۆکیکــردن لــە ســەرجەم توێــژ و چینــەکان و دوور لــە ململانێــی بەرژەوەندخــوازی ســیاسی و حــزبی. لــە لایەکــی تــرەوە ســەندیکا و ڕێکخــراوە پیشــەییەکان دەتوانــن لــە پڕکردنــەوەی کەموکورتییــەکانی دەوڵــەت و پێشکەشــکردنی پــڕۆژەو پێشــنیار ڕۆڵــی بەرچــاو بگێــڕن. بــۆ ئــەم مەبەســتەیش، دەکرێــت ڕێکخــراوەکان بەیەکــەوە کار بکــەن، بــۆ زیاتــر دروســتکردنی کاریگــەری لەســەر هێــزە ســیاسی و دەســەڵاتدارەکان و ســەنتەر و ناوەنــدی هاوبــەش دروســتبکەن.

کەواتــە لەبەرئــەوەی ڕێکخــراوە مەدەنییــەکان یەکێکــن لــە ســتونە بەهێــزەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی، پێویســتە ناســاندنێکی بابەتیانــە بــۆ چەمکــی کۆمەڵگــەی مــەدەنی و شرۆڤەیەکــی زانســتیانەی مێــژووی ســەرهەڵدانی ســەرەتاکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی بکەیــن.

# سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕووی مێژووییەوە:

ڕایەکـی نـوێ هەیـە، پێیوایـە کۆمەڵگـەی مـەدەنی تەنیـا ئەوەیـە کـە گرووپێـک لـە خەڵـک لـە دەوری یـەک کـۆ ببنـەوە، بۆئـەوەی کێشـە هاوبەشـەکانیان چارەسـەر بکـەن. هەروەهـا پێیوایـە کۆمەڵگـەی مەدەنـی بریتییـە لـە کۆمەڵگەیـەک کـە ئەندامەکانـی ئەوەنـدە ئـازادن دەتوانـن بـۆ ڕاپەڕاندنـی کاروبـارە کۆمەڵایەتییەکانیـان ڕێکخـراو و ئەنجومەنـی جۆراوجـۆر پێکبهێنـن.

ئەگـەر بمانـەوێ لـە مێـژووی سـەرهەڵدانی کۆمەڵگـەی مەدەنـی تێبگەیـن، پێویسـت دەکات ئـەم ئامـاژە مێژووییـەی عەبدولغەفـار شـکور بەهەنـد وەربگریـن کـە لەبـارەی سـەرهەڵدانی کۆمەڵگـەی مەدەنییەـوە دەڵێـت:

سـەرەتای سـەرهەڵدانی چەمکـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی بـۆ بیـری یۆنانـی کـۆن دەگەڕێتـەوە، لـە کاتێکـدا "ئەرسـتۆ" بـاس لـەم چەمکـە

دەکات و دەڵێــت دەوڵــەت و کۆمەڵگــەی مەدەنــی لــە یەکــتر جیــا ناکرێنــەوە و، پێیوایــە کۆمەڵەیەکــی سیاســین و ملکەچــی یاســان، هــەروەک ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکات کــە دەوڵــەت لــە بیــری سیاســی ئەوروپــی کۆنــدا کۆمەڵگــەی مەدەنییــە، کــە لــە شــێوەی کۆمەڵەیەکــی سیاســیدا خــۆی دەردەخــات و ئەندامەکانــی ئــەم کۆمەڵگەیــە بریتییــن لــە هاووڵاتیــان و ئەوانــەی کــە یاســاکانی دەوڵــەت پەیــڕەو دەکــەن و لــە چوارچێــوەی ئــەو یاســایانەدا ڕەفتــار دەکــەن.

هــەر لــە هەمــان بابەتــدا دێتــە ســەر ســەدەکانی پەرەپێدانــی واتــای کۆمەڵگــەی مەدەنــی و ئامــاژە بــۆ چەنــد ســەدەیەک دەکات و دەڵێــت:

لــە ســەدەی هەژدەیەمــدا چەمکــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی لەگــەڵ گەشەســەندن و پێکهاتنــی پەیوەندییــە ســەرمایەدارییەکاندا پــەرەی ســەند و، لــە نێــوان دەوڵــەت و کۆمەڵگــەی مەدەنیــدا جیــاوازی کــرا. ســەرهەڵدانی کۆبوونــەوەی دەســەڵاتی سیاســی لــە یــەک ســەرچاوەی بڕیــارەوە جێــی گفتوگــۆ بــوو. هەروەهــا ئــەو بیرۆکەیــە هاتــە ئــاراوە کــە بزاڤــی ڕێکخراوەیــی، خاوەنــی مــاف و هێــزی ســەرەکییە لــە بەرگریکــردن دژی مەترســی دەســەڵاتی سیاســی.

لــە کۆتاییــی ســەدەی هەژدەیەمــدا، بیــری سیاســیی ڕۆژئاوایــی دووپاتــی کــردەوە کــە پێویســتە کەمکردنــەوەی هەیمەنــەی دەوڵــەت لــە بەرژەوەندیــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی بێــت و، دەبێــت بــە ســەربەخۆیی کار بــکات و کاروبارەکانــی خــۆی جێبەجێبــکات و، نەهێڵێــت حکوومــەت دەســت بخاتــە کارەکانییــەوە؛ تەنیــا لــە کاتــی پێویســتدا نەبێــت.

لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا گۆڕانکاریـی دووەم بـۆ چەمکـی کۆمەڵگـەی مەدەنــی ڕوویــدا، لێــرەدا کارل مارکــس پێیوابــوو کــە "کۆمەڵگــەی مەدەنــی، مەیدانــی ململانێــی نێــوان چینەکانــە."

لــە ســەدەی بیســتدا، گرامشــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی لــە چوارچێوەیەکــی نوێــدا ناســاند و گوتــی: "کۆمەڵگــەی مەدەنــی، مەیدانــی ململانێــی ئابــووری نییــە، بەڵکــو مەیدانێکــە بــۆ ململانێــی نێــوان ئایدیۆلۆژیــی جیــاوازی نێــوان دەســەڵاتی سیاســی و هەیمەنــەی ئایدیۆلــۆژی و، پێکدێــت لــە کۆبوونــەوەی تاکەکــەس و دەســتە نافەرمییــەکان؛ بــە ســیفەتی ئــەوەی کــە ئەندامەکانــی لــە زۆربــەی بوارەکانــی پــەروەردە، ئابــوری، خێزانــی، تەندروســتی، ڕۆشــنبیری، خێرخــوازی و چەنــد بوارێکــی تــردا چالاکــن." هەروەهــا دەڵێــت: " کۆمەڵگــەی مەدەنــی پێکدێــت لــەو دەســتانەی لــە کۆمەڵناســیدا پێیــان دەگوترێــت "دامــەزراوە دووەمییــەکان" وەک: "کۆمەڵــە ئەهلییــەکان، ســەندیکاکانی کرێــکاران و پیشــەییەکان، کۆمپانیاکانــی کار، ژوورە بازرگانــی و پیشەســازییەکان و هەمــوو ئــەو دامەزراوانــەی بەخۆبەخشــی کار دەکــەن."

# ڕوانینە جیاوازەکان
# لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنی

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕوانگەی:
تۆماس هۆبز، ئەنتۆنیۆ گرامشی، جۆن لۆک، فریدریک هیگڵ:

● **کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕوانگەی تۆماس هۆبز:**

تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩) بیرمەندی ئینگلیزی و لایەنگری پەیمانی کۆمەڵایەتی، لە چەمکی دۆخی سروشتی (Natural State) و مافی سروشتییەوە (Natural Right) بەرەو چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاو دەنێت، بە ڕای هۆبز دۆخی سروشتی، واتە ئەو دۆخەی کە مرۆڤ پێش گرێدانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی حکومەت تێیدا ژیاوە. ئەو پێیوایە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا هیچ هەست بە لێپرسراوێتی و ئەرکداری لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا ناکات و، هەر بۆیە ئاژاوە و شەڕوشۆڕ باڵی بەسەر ئەم

دۆخـــەدا کێشـــاوە. مـــرۆڤ لـــەو حاڵەتـــەدا هەمیشـــە لـــە مەترســـیی مردندایـــە.

هۆبـز پێیوایـە لەبەرئـەوەی سروشـتی مـرۆڤ شـەڕانگێزییە و مـرۆڤ هەتـا مـردن هـەر ئـارەزووی لـە دەسـەڵاتە، بۆیـە بـەردەوام لـە ململانـێ و بەربەرەکانێدایـە لەگـەڵ ئەوانـی دیکـەدا. ئـەو ململانـێ و بەربەرەکانێیەیـش سروشـتییە؛ هەروەهـا لەبەرئـەوەی بـە مەیلێکـی وەکـوو یەکـەوە بـۆ ئامانجگەلێکـی وەکـوو یـەک تێدەکۆشـن. کاتێـک لـەو ئامانجانـە نزیـک دەبنـەوە، ڕووبـەڕووی یەکـتر دەبنـەوە و ناکۆکیـان لـێ پەیدادەبێـت. بۆیـە بـە ڕای هۆبـز کۆمەڵگـەی مەدەنـی لـە ئەنجامـی ترسـێکەوە سـەری هەڵـداوە، بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان ژیانێکـی ئاشـتییانە و ڕێکوپێکـی تێـدا بەسـەر بـەرن. لێـرەدا هۆبـز نایـەوێ بـۆ پشتڕاسـتکردنی تیۆرییەکـەی خـۆی لەمـەڕ دۆخـی سروشـتییەوە، نموونـەی مێژوویـی بهێنێتـەوە. ئـەو پێیوایـە ئـەوەی گرنگـە ئیعتیبـاری فەلسـەفی و مەنتقیـی تیۆرییەکەیـە. تۆمـاس هۆبـز لـە کتێبـی لیڤیاتـان (Leviathan)دا بـەم شـێوەیە پێناسـەی پەیـمان (Contract) دەکات: "گواسـتنەوەی دوولایەنـەی مافـی تاکـەکان بـۆ یەکـتری، کـە بنچینـەی کۆمەڵگـەی مەدەنییـە."

- **کۆمەڵگەی مەدەنی لای ئەنتۆنیۆ گرامشی:**

گرامشـی لـە یەکێـک لـە دەقـە گرنگـەکانی و لـە دەفتـەرەکانی زیندانـدا دەڵێـت:

ئـەوەی تـا ئـەو سـاتە دەتوانیـن بیکەیـن، جێگیرکـردنی دوو ئاسـتی بـاڵا و بنەڕەتیـن: یەکـەم، دەکرێـت پێیـان بگوترێـت کۆمەڵگـەی مـەدەنی، کـە سـەرجەم ئـەو ڕێکخسـتنانەن بـە زۆری بـە تایبـەت نـاو

دەبردرێن. هەروەها ئاستی دووەم کۆمەڵگەی سیاسی، یان دەوڵەت دەگرێتەوە. ئەو دوو ئاستە لە لایەک ئەرکی هێژموونگەری دەگرنە خۆ، کە چینی سەردەستە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵدا پیادە دەکات؛ لە لایەکی تر پیادەی هێژموونی ڕاستەخۆ، یان ڕۆڵی دەسەڵات دەبینن لە نێوەندی دەوڵەت یان حکومەتی شەرعی.

گرامشی دەڵێ: "لە نێوان بونیادی ئابوری و دەوڵەت، کە دەوڵەت تیایدا لە یاسادانان و دەسەڵاتی تۆتالیتار پێکدێت، کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە."

ئەو کۆمەڵە ئەوەیە کە دەبێ بە شێوەیەکی واقعی و بنەڕەتی بگۆڕدرێت، نەوەک بە تەنیا لەسەر کاغەز و لە ڕێگەی یاسا و کتێبی زانایانەوە. دەوڵەت ئەو ئامێرەیە کە لە پێناو ئاساییکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ بونیادی ئابورییانە بەکاردێت و، لە ئەستۆی دەوڵەتە ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ. لێرەوە لەسەر شانی پێشەنگانی گۆڕان لە بونیادی ئابوری بوو، کەوا پێشڕەوایەتی دەوڵەت بکەن. ئەو وێناکردنە بۆ مێژووی کۆمەڵگەکان، پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵگەی مەدەنی جیا لە دەوڵەت بەدەردەخات؛ دواجاریش پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی، کەوا کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ دەوڵەت پێکدێنێ و بە دامەزراوەی سیاسی لە گۆمەڵگەدا دەناسرێ. بەو مانایەی گرامشی گوتوویەتی، کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگە لە حزبەکان و سەندیکا و ڕەوتە سیاسییەکانی پێکدێت.

ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدێنن، پانتاییەکی کۆمەڵایەتی فراوان لەخۆ دەگرن و هەر لە خێزانەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە دامەزراوەی بەرهەمهێنی تایبەت، سەندیکا

و دامـەزراوە ئایینیـەکان و دامودەزگـەی پەروەردەیـی و ڕۆژنامەگـەری و ڕاگەیانـدن و، لەوێیشـەوە تـا دەگاتـە حزبـە سیاسـییەکان و پەرلەمـان. لـە ڕێگـەی ئـەو گـرووپ و دەسـتانەوە کۆمەڵگـەی مـەدەنی پیـادەی چالاکـی و جموجۆڵـەکانی لـە بـوارە جیاجیـاکان دەکات؛ لـە هەمـان کاتـدا پارێـزگاری لـە سـیما تایبەتییەکـەی دەکات کـە مەدەنیەتـە و لـە دەرەوەی ناواخنـی دەوڵەتـە.

- **کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕوانگەی جۆن لۆک:**

فەیلەسـوفی نـاوداری ئینگلیـزی، جـۆن لـۆک (١٦٣٢- ١٧٠٤)، کـە بـە تیۆریدارێـژەری گـەورەی شۆڕشـی شـکۆداری ئینگلیـزی دەژمێردرێـت، لـە کتێبـە ناودارەکەیـدا بـە نـاوی دوو نامـە لەبـارەی حکوومەتـی مەدەنییـەوە (Two Treatises Of Civil Government)، بنەمـا تیـۆری و فەلسـەفییەکانی ئازادیـی سیاسـیی دارشـت، لـۆک پێیوایـە هەمـوو مرۆڤێـک کـە لەدایـک دەبێـت، بـە شـێوەیەکی خۆڕسـک کۆمەڵێـک مافـی هەیـە کـە یەکـەم و گرنگترینیـان بریتییـە لـە مافـی پاراسـتنی ژیـان.

ئـەوەی بـە پلـەی یەکـەم هەڕەشـە لـەو مافـە دەکات مەترسـیی مردنـە، کـە لـە برسـێتییەوە سـەر هەڵـدەدات. بۆیـە تێکۆشـانی ڕۆژانـەی مـرۆڤ بـۆ دەسـتەبەرکردنی هۆیەکانـی ژیـان و ڕێگرتـن لـە زاڵبوونـی مەترسـیی برسـێتی، هەقیقەتێکـی ڕەهـای هەیـە و هیـچ کـەس بـە هیـچ ناونیشـانێکەوە بـۆی نییـە ڕێ لـەو تێکۆشـانە بگرێـت.

لـۆک کۆمەڵگـەی مەدەنـی (سیاسـی) لـە بەرامبـەر دۆخـی سروشـتیدا بـەکار دەهێنێـت. لـە دۆخـی سروشـتیی لـۆک دا هیـچ دامەزراوەیەکـی سیاسـیی ڕێکخـراو نییـە و مرۆڤـەکان شـوێنکەوتووی

یاسـای سروشـتین. ئـەم یاسـایەیش هەمـان عەقڵـە کـە حوکـم دەکات و، هیـچ کـەس مافـی ئـەوەی نییـە زیـان بـە ژیـان و تەندروسـتی و ئازادیـی خەڵـکانی دیکـە بگەیەنێـت، چونکـە هەمـوو مرۆڤـەکان یەکسـان و سـەربەخۆ و خـاوەن مافـی سروشـتیی وەکـوو یەکـن.

ئەگەرچـی تۆمـاس هۆبـز کۆمەڵگـەی مەدەنـی بـە هەمـان دەوڵەتـە شـاری یۆنانـی (دەوڵـەت) دادەنـا، بـەڵام جـۆن لـۆک یەکـەم کـەس بـوو بیرۆکـەی لێکجیاکردنـەوەی دەوڵـەت و کۆمەڵگـەی مـەدەنی خسـتە ڕوو. لەگـەڵ ئەوەیشـدا جیاکردنـەوەی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە کۆمەڵگـەی سیاسـی لـە سـەردەمی ئەوانـدا ڕوون نەبـوّوە، بـەو شـێوەیەی کـە لـە تیۆریـی سیاسـیی هاوچەرخـدا دەبیـنرێ، چونکـە هۆبـز و لـۆک هـەر دوو سـیفەتی مـەدەنی و سیاسـییان لـە جیـاتی یەکـتری بـەکار دەبـرد. بـە شـێوەیەکی پوخـت، کۆمەڵگـەی مـەدەنی لای تیۆروانـانی پەیـمانی کۆمەڵایـەتی، بریتیـی بـوو لـە شـێوەیەکی تایبـەتی ڕێکخسـتنی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی.

بە ڕای ئەوان کۆمەڵگەی مەدەنی:

١) خاڵی بەرامبەر کۆمەڵگەی سروشتییە.

٢) دیاردەیەکـی دروسـتکراوە؛ واتـە دۆخـی سروشـتی ژینگـەی خۆرسـکی تاکـە؛ بـەڵام کۆمەڵگـەی مـەدەنی شـتێکە، پێویسـتە دروسـت ببێـت یـان دروسـت بکرێـت.

**● کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە ڕوانگـەی فریدریـک هیـگڵ (١٧٧٠-١٨٣١):**

گۆڕانکارییەکـی هـەرە گرنـگ کـە لـە چەمکـی نوێـی کۆمەڵگـەی مەدەنیـدا ڕوویـدا، لـە فەلسـەفەی سیاسـیی هیگڵـدا بـوو. ژمارەیەکـی

زۆر لـە فەیلەسـووفانی سیاسـی ئـەم سـەردەمە، هیـگڵ بـە دامەزرێنـەری سـەرەکی بیـری نـوێ و هاوچەرخـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی دادەنێـن.

هیـگڵ لـە بنەماکانـی فەلسـەفەی هەقـدا بیروڕاکانـی خـۆی لەمـەڕ کۆمەڵگـەی مەدەنـی و دەوڵەتـدا دەخاتـە ڕوو. ئـەو لەژێـر کاریگـەری قوتابخانـەی ئابـوری سیاسـی ئینگلیـزدا کۆمەڵگـەی مەدەنـی بـە سیسـتەمی پێداویسـتییەکان لـە قەڵـەم دەدات. هیـگڵ لـە پەرەگرافـی ١٨٢ی کتێبـی بنەماکانـی فەلسـەفەی حەقـدا دەڵـێ: "تاکەکەسـی عەینـی کـە خـۆی بـۆ خـۆی ئامانجێکـی تایبەتـە، بـە سـیفەتی ئـەوەی کۆمەڵێـک پێداویسـتییە و تێکەڵێکـە لـە زەرورەتـی سروشـتی و ئیـرادەی زۆردارانـە، پرەنسـیپی یەکەمـی کۆمەڵگـەی مەدەنییـە، لـە کاتێکـدا کـە تاکەکەسـی تایبـەت لەنـاو خۆیـدا پەیوەندیـی بـە شـتە تایبەتییەکانـی ئەوانـی دیکـەی وەک خۆیـەوە هەیـە؛ تەنانـەت ئەگـەر هـەر یەکەیشـیان خـودی خـۆی بسـەپێنێ و ڕازی بـکات. لـە هەمانکاتـدا، ناچـارە لەسـەر شـێوەیەکی گشـتی بـڕوات، کـە ئەویـش پرەنسـیپێکی دیکەیـە."

لـە تیۆریـی هیگڵـدا چەمکـی کۆمەڵگـەی مـەدەنی مانایەکـی تایبـەتی وەرگـرت. بـە ڕای ئـەو، کۆمەڵگـەی مـەدەنی یەکێکـە لـە تایبەتمەندییـەکانی کۆمەڵگـە بۆرژوازییـە نوێیـەکان. ڕاسـتە هیـگڵ کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە دەوڵـەت جیـا دەکاتـەوە، بـەڵام ئـەم چەمکـە بـە مانـای کۆمەڵگـەی بۆرژوازیـی بـەکار دێنێـت؛ وەک چـۆن لـە زمـانی ئەڵمانیـدا کۆمەڵگـەی مەدەنـی (burgerliche gesellschaft) ی پـێ دەگوترێـت. جگـە لەوەیـش ئـەو پێیوایـە لـەو شـوێنەی کـە ژیانـی کۆمەڵایـەتی خێڵەکییـە، نـە کۆمەڵگـەی مـەدەنی و نـە دەوڵەتیـش – وەک ئـەوەی خـۆی وەسـفیان دەکات – بوونیـان نییـە. بەرەبـەرە کـە کۆمەڵگـەی مـەدەنی سـەر هەڵـدەدات، خێـڵ و کۆمەڵـی خزمایـەتی

پاشەکشـــە دەکــەن و لەنــاو دەچــن.

تێگەیشــتنی هیــگڵ بــۆ کۆمەڵگــەی مــەدەنی گەلــێ دەوڵەمەنــد و فراوانــە؛ بــەوەی تەنیــا لــە پەیوەندیــی ئابوورییانــە و پێکهاتــە چینایەتییــەکان پێکنایــەت، بەڵکــوو بونیادێکــی میکانیزمــی دادوەری و کارگێــڕی و هاریکارییــە. نوێگەریــی هیگڵیــش کۆمەڵگــەی مــەدەنی وەک نێوەنــد لــە نێــوان خێــزان لــە لایــەک و، دەوڵــەت لــە لایەکــی تــر بینــا دەکات. لەبــەر ئــەم هۆیەیــش چەمکــی هیگڵــی ســەرجەم ئــەم دامودەزگــە و پەیوەندییانــەی پێــش دەوڵــەت وەک خێــزان لەخــۆ ناگرێ.

بیرۆکــەی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لای هیــگڵ لەســەر بەزانــدن، هەڵوەشــانەوەی ئاســتەکانی خێــزان بینــا دەکــرێ. ئــەو منداڵانــەی کــە لەنــاو خێــزان چاودێــری و پــەروەردە دەکرێــن، لــە کاتێکــدا کــە گــەورە دەبــن و دەگەنــە تەمــەنی توانایــی لــە هەڵســوکەوت و، بــوون بــە خــاوەنی کەســێتی ســەربەخۆ و ڕەچاوکــراو لــە بــەردەم یاســا، بــۆ ئەوەیــە کــە لــە خێزانەکانیــان جیــا ببنــەوە و خێــزانی نــوێ بونیــات بنێــن. بــەو شــێوەیە ژمارەیەکــی زۆر لــە کەســانی بێلایــەن، لەوانــەی کــە پەیوەندییــان بــە ڕایەڵــی دەرەکییــەوە هەیــە، دەردەکــەون؛ بــەو وێناکردنــەی کــە ئــەوان لەنــاو خێزانەکانیانــدا ڕەگــەزی کۆمەڵایەتیــی ســەربەخۆن (automization). ویســتە خودییــەکان ئامانــج نیــن، بەڵکــوو ئامانجــی ســەرەکییان خێزانــە. ئەمــە لــە کاتێکدایــە کــە ئــەوان لــە دەرەوەی خێــزان، کــەسی ســەربەخۆن و هــەر یەکەیــان لــە خــودی خۆیــدا ئارەزوویەکــی هەیــە و هەڵســوکەوت لەگــەڵ ئــەوانی تــر (دەوروبــەر) دەکات، لەســەر ئــەو بنەمایــەی کــە ڕێگــەی بەدیهێنــانی ویســتەکانیەتی؛ بــەو مانایــەی هــەر تاکەکەســێک پشــت بــە هەمــوو تاکــەکانی تــری (بەرامبــەر) دەبەســتێت، چونکــە بەبــێ ئــەوان ناتوانــێ ویســتەکانی

بەدیبێنــێ. بــەم شــێوەیەیش هــاوکاری و ئاڵوگــۆڕ لــە نێوانیانــدا دێتــە ئاراوە. ئـەو حاڵەتەیـش، یـان حاڵـەتی پشتبەسـتنی کەسـە سـەربەخۆکان، هــەر یەکــەی بــەوی تریــان، جەوهەرەکــەی ئەوەیــە کــە هیــگڵ نــاوی نــاوە کۆمەڵگــەی مــەدەنی.

بــەم شــێوەیە بنەمــای ســەرەکی لــە کۆمەڵگــەی مەدەنیــدا "تــاک"ە و، لەســەریەتی لــە ئەندامــانی ســەربەخۆی پێکبێــت، کــە هــەر یەکەیــان ڕوانینــی تایبــەتی بەرامبــەر بــە شــتەکانی دەوروبــەر هەبــێ و لــە بنەڕەتــدا کار بــۆ پێویســتییە کەســییەکان بــکات. بــەڵام وەک ئــەوەی لــە یەکــەم تێڕوانینــدا دەردەکەوێــت، کۆمەڵگــەی مــەدەنی ئــەو مانایــە نییــە کــە گشــتگیرییەکی ڕەهــا بێــت، بەڵکــوو ســیمای یاســایی و ئۆرگانیکــی بەخــۆوە دەگرێــت: بــەشی خــۆی لــە گشــتییەکەدا دەبینێــت و خەڵــک لــە ســنووری یــەک پانتاییــدا پەیوەندیــی لەگــەڵ دەگــرن. کۆمەڵگــەی مەدەنییــش بەتواناکردنــی ئــەو دەزگــە ئەهلییانەیــە بــۆ ئــەوەی بەرپرســیارێتییەکی زیاتــر لــە بەڕێوەبردنــی کۆمەڵگــە لــە ئەســتۆ بگــرن، بــۆ ئــەوەی بتوانــن لــە داهاتــوودا بــۆ بەڕێوەبردنــی کاروباریــان پشــت بــە خۆیــان ببەســتن.

# ئایا دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی (دژ بەیەکن)؟

کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی لـــەڕووی پرەنســـیپەوە ڕایەڵێکـــی پێکەوەبەســـتراوە، لـــە نێـــوان "تاکەکانـــی کۆمەڵگـــە" لەلایـــەک و لـــە نێـوان (تاکەکانـی کۆمەڵگـەو دەوڵـەت) لەلایەکـی تـر، ئـەم پەیوەندییـە بیناکـراوە لەسـەر بنەمـای گۆڕینـەوەی بەرژەوەنـدی و سـود و ڕازیبـوون و لەیەکـتر تێگەیشـتن و جیـاوازی و مـاف و ئـەرک و بەرپرسـیاریەتی و لێپرســینەوەی دەوڵــەت لەهەرکاتێکــدا کــە پێویســت بێــت.

پەیوەنـدی نێـوان (دەوڵـەت و دامەزراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی) پەیوەندییەکـی "تەواوکـەرو پشتبەسـتن بەیەکـتری و دابەشـکردنی ڕۆڵـە، نـەک جیـاوازی و دژایەتـی کـردن"، ئـەم دوو لایەنـە بەیەکـەوەن، نـە دەوڵـەت بـێ کۆمەڵگـە و نەکۆمەڵگـەش بـێ دەوڵـەت دەبێـت، کۆمەڵگـەی مەدەنـی دروسـتکەری هێـزی دەوڵەتـە و لەپێنـاو یەکسـان ڕاگرتنـی هێـزی وڵاتـدا دێتـە دی.

هەر لەسەروبەندی پەیوەندی کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەوڵەتەوە، وەک وەبیرهێنانەوەیەک ئەگەرچی پێشینەی مێژوویی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگەڕێتەوە بۆ (یۆنان و ڕۆم)، بەڵام گومانی تێدانیە کە ئەم چەمکە بەوشێوەیەی کە لەچەمک و واتای ئێستای نزیکە، لەسەر دەستی بیرمەندان و زانایان و تیۆروانانی لیبراڵ و پەیمانی کۆمەڵایەتی (Social Contract) دا پەرەی سەندووە.

هەرچەندە هەندێک پێیانوایە کۆمەڵگەی مەدەنی وەرگێڕدراوی دەستەواژەی (Koinonia Politike)ی (ئەرستۆ)یە. (ئەرستۆ) لە باسکردنی جۆرەکانی ئەنجومەن و گروپ و کۆمەڵە مرۆییەکاندا، دەوڵەتی شار (Polis) ی خستۆتە بەرانبەر (خێزان و لادێ) و بە خاڵی تەواوێتی و غایەی کۆمەڵگەکانی دیکەی داناوە، بە پێچەوانەی (خێزان) کە بۆ تێرکردنی پێداویستییە بایۆلۆژی و ژیارییەکانی ئەندامەکانی دروست دەبێت، (شار)" لە ڕووی توانای تێرکردنی پێداویستییەکانی خۆی بە پلەی ئەوپەڕی کەمال گەیشتووە".

هەروەها هەر بۆ بیرهێنانەوەی خوێنەر "کۆمەڵگەی مەدەنی وەک چەمکێکی نوێ لە سەدەی ١٧ -١٩ دا سەریهەڵدا. (ئادەم فەرگۆسن) لە نامەیەکی دەربارەی مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی دا کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرانبەر (کۆمەڵگە سەرەتاییەکان) دا بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دادەنێت، تا درەنگانێکی سەدە نوێیەکان چەمکی "کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی سیاسی" جیانەدەکرایەوە، سەرەداوی ئەم لێکجیاکردنەوەیە بۆ دوای هەوڵی زانایانی لیبراڵ و لایەنگرانی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

بۆچوونێکی گشتیش هەیە کە زۆرینەی ڕوانینەکان لەبارەی

کۆمەڵگـەی مەدەنییـەوە لەسـەری ڕێککەوتـوون، لەڕێگـەی دیراسـاتی ئەکادیمـی و بەدواداچوونـی مێژوویـی و سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنی، کـە دەڵێـت:

(کۆمەڵگـەی مەدەنـی کۆمەڵێـک کاری ڕێکخـراوی خۆبەخشـی ئازادانەیـە، ئـەو بـوارەی نێـوان خێـزان و دەوڵـەت پڕدەکاتـەوە، بـۆ بەئـاکام گەیاندنـی بەرژەوەنـدی تاکەکانـی نـاو کۆمەڵگـە، یـان پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری بۆهاوڵاتـی، یـان ئەنجامدانـی چالاکییـە مرۆییـە هەمەجـۆرەکان، کـە لـە جێبەجێکردنیـدا پابەنـدە بـە پێوەرەکانـی ڕێزگرتـن و قبوڵکـردن ولێبوردەیـی وبەشـداریکردن وبەڕێوەبردنـی ئاشـتیخوازانەی ململانـێ و نزیککردنـەوەی جیاوازییـەکان).

## ● چەمکی هاوچەرخی کۆمەڵگەی مەدەنی:

لـە "تیـۆری لیـبراڵ و پەیـمانی کۆمەڵایەتیـدا" جیاوازییەکـی ئەوتـۆ لـە نێـوان "دەوڵـەت و کۆمەڵگـەی مەدەنـی"دا نەکـراوە، بـەڵام لەگـەڵ دووبـارە دزەکردنـەوەی دەوڵـەت بۆنـاو بـوارە نادەوڵەتیـەکان و کۆمەڵگـەی مەدەنـی، تیـۆری سیاسـی بەرەوئاقارێکـی دیکـە ڕۆیشـت، گەڕانـەوەی کۆمەڵگـەی مەدەنـی بـۆ نـاو زاراوە سیاسـییەکان تـا سـنورێک دەرەنجامـی بیرۆکـەی نوێـی لیبراڵەکانـە، وەک (بەتایبەتیکـردن، نانەتەوەییکـردن، ئازادکـردن، یـان لـە ڕێسـاداماڵین و نـا دەوڵەتیکـردن)، کـە هەوڵـی پاشەکشـەکردن بـە دەوڵـەت دەدەن، زاراوەی (پاشەکشـەکردن بەدەوڵـەت) لـە تیـۆری هاوچەرخـدا بـە دەسـتەواژەیەکی دیکـەش دەربـڕدراوە ئەویـش کۆمەڵگـەی مەدەنـی لـە بەرانبـەر دەوڵەتدایـە، دەسـتەواژەیەک کـە تیۆروانـانی لیبراڵـی و کلاسـیک کـەم بایەخیـان پێـداوە.

**● لەبارەی ناکۆکی نێوان دەوڵەت کۆمەڵگەی مەدەنی:**

لەبـارەی ناکۆکـی کۆمەڵگـەی مـەدەنی و دەوڵـەت "پاتریـک چاپـان" دەڵێـت:

کۆمەڵگــەی مەدەنــی بریتییە(لــە کۆمەڵێکــی فــراوان لــە گــروپ و تاکەکەســان، کــە بــەردەوام دەگۆڕێــن و تاکــە لایــەنی هاوبەشــیان ئەوەیـە کـە لـە دەرەوەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتـدان و تـا ڕادەیـەک دووری و نێــوانی خۆیــان لەگــەڵ دەوڵەتــدا پاراســتووە).

(بایارت)ــــیش ناکۆکــی نێــوان دەوڵــەت و کۆمەڵگــەی مەدەنــی بەوشــێوەیە دەناســێنێ:

زۆربــەی تیۆروانــان و توێــژەرانی ئــەم بــوارە داکۆکــی لەســەرئەوە دەکەنــەوە کــە (پەیوەنــدی کۆمەڵگــەی مەدەنــی و دەوڵــەت پەیوەندییەکـی پـڕ ململانێیـە). جگـە لـەوەش لـە تیـۆری هاوچەرخـدا دەوڵـەت و کۆمەڵگـەی مەدەنـی نـەک تەنیـا دژی یەکـتر ڕادەوەسـتن بەڵکــو پەیــڕەوی لــە مەنتقێکــی لێکجیــاش دەکــەن، بەپێــی بــڕوای تیۆروانـانی هاوچـەرخ لەبـارەی ئـەم چەمکـەوە، دەوڵـەت بـواری قەهـرو زۆرلێکردنــە، بــەڵام کۆمەڵگــەی مەدەنــی بــواری بونیــادە پارێــزراو و هاوبەندییــەکان و کۆمەڵــە ســەربەخۆکانە.

چەمکــی نوێــی کۆمەڵگــەی مــەدەنی داکۆکییەکــی زۆر لەســەر تــاک دەکاتــەوە، ئــەم چەمکــە پەیوەنــدی بــە ئاراســتەی نوێگەرێتــی سیاســییەوە هەیــە، ئاراســتەیەک کــە لەســەر بناغــەی تاکگەرێتــی و بەرگریکـردن لـە مافـەکانی مـرۆڤ دامـەزراوە، هـەر بۆیـە چەمکـی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لەســەر بناغــەی جیاکردنەوەیەکــی شــیکارییانەی هــەر دوو بــواری مــەدەنی و سیاســی دامــەزراوە، کۆمەڵگــەی مــەدەنی وەک واقیعێــک بــۆ دروســتکردنی پەیوەندییەکــی دوولایەنــەی ئــەم دوو

کایەیــە هاتــە ئــاراوە، ئــەم چەمکــە لەلایەکــی دیکەشــەوە پەیوەنــدی بــە نوێگەرێتــی سیاســییەوە هەیــە، ئەندامــانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی تاکەکەســانی (ئــازاد و ســەربەخۆ)ن و ئەندامێتــی لــەو کایــەدا بــۆ هەمــووان واڵا و کراوەیــە و هەمــوو کەســێک ئــازادە لــە ئینتیــماو ئەندامێتــی لــەو کایەیــەدا و پەیوەنــدی بــە پێگــەی بۆماوەیــی تاکــە کەســانەوە نییــە.

"گرامشــی"ش دەڵــێ " کۆمەڵگــەی مــەدەنی دەکەوێتــە نێــوان پێکهاتــەو بەرژەوەنــدی ئابــووری لەلایــەک و دەوڵــەت و دەســتگاکانی یاســادانان لــە لایەکــی دیکــەوە. "

## ● دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

دامــەزراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی ئەوانــەن کــە دەکەونــە نێــوان دەوڵــەت و تاکــە کەســەوە وەک: دەزگا و دامــەزراوە و کۆمەڵــەو، ناوەنــدی ڕۆشــنبیری و پیشــەیی و ســەندیکاکان و چاپەمەنــی ئــازاد و ڕێکخــراوە کۆمەڵایەتییــەکان.

هەروەهــا چەنــد رایەکــی دیاریکراویــش هــەن کــە "پــارتی ســیاسی"یش دەخەنــە ریــزی دامــەزراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی، بــەڵام زۆرینــەی ڕاکان "پــارتی ســیاسی"یان خســتۆتە دەرەوەی بازنــەی دامــەزراوە مەدەنییەکانــەوە، چونکــە "دامــەزراوەی مــەدەنی لــە بنەڕەتــدا دەســەڵاتێکە نابــێ هەوڵــی گەیشــتن بــە شــوێن و کــورسی دەســەڵاتی ســیاسی بــدات"، بەڵکــو دەســەڵاتێکە لەبەرامبــەر دەســەڵاتی ســیاسی ســەربەخۆیی خــۆی دەپارێــزێ، هەربۆیەشــە لەریــزی چــوار دەســەڵاتەکەی تــر نــاوی دەهێــنرێ و بــە "دەســەڵاتی پێنجــەم" دەناسرێتــەوە لــەدوای دەســەڵاتەکانی "یاســادانان، جێبەجێکــردن،

دادوەری، راگەیانـــدن، ئنجـــا کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی".

هەروەهـــا لەگـــەڵ ئـــەوەی دەســـەڵاتی چـــوارەم لەریـــزی پێنـــج دەسـەڵاتە سـەرەکییەکەوە نـاوی دەهێـنرێ، بـەڵام بەشـێکی کۆمەڵناسـان و بایەخپێـدەرانی پـرسی کۆمەڵگـەی مـەدەنی "راگەیاندن"یـش جیاناکەنـەوە لـە دامـەزراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، چونکـە ئـەو ئـەرک و رۆڵانـەی ئۆرگانـە مەدەنییـەکان لەئەسـتۆی دەگـرن راگەیاندنیـش هەمـان ئـەرک و رۆڵ پراکتیـــزە دەکات.

**بەهاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

بەهاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیین لە:

**بەشداریکردنی سیاسی:**

بەواتـــای ئـــازادی سیاســـی و ئـــازادی ڕادەربڕیـــن و ڕێزگرتـــن لـــە مافـــەکانی مـــرۆڤ.

**وەڵامدانەوەی دەوڵەت:**

بەواتـای هاتـن بـە دەنـگ خواسـتەکانی تاکـەکانی کۆمەڵگـە لەلایـەن دەوڵـەت.

**گشتیبونی سیاسەت:**

بەواتـای ئـەوەی سیاسـەت موڵکـی خۆڕسـکی کـەس نیـەو هەمـوو کـەس دەتوانێـت بچێتـە نـاو کایـەی گشـتییەوە بەبـێ سـڵەمینەوەو هەسـتکردنی بـە تـرس و تۆقیـن.

هەرکەســێک ئــاگاداری هەلومەرجــی نــاوەوەی کوردســتان بێــت دەزانێـت کـۆی ئـەو دەزگایانـەی کـە دەشـێت کۆمەڵگـەی مەدەنیـان لـێ دروسـتببێت ئامـادەن، بـۆ نموونـە لەکوردسـتاندا چەنـدان گـروپ و یانـەو ڕێکخـراوو کـۆڕو کۆمەڵـەی خوێنـدکاران و ئافرەتـان ومنـداڵان. . . هتـد، ئامـادەن و لەشـێوەی کـۆڕو کۆمەڵـی هونـەری و وەرزشـی

وئەدەبی هەن، بەڵام نەبوون بە "ڕەهەندی ڕەمزی"، ئەم ئامادەگییە دەزگاییە نەیتوانیوە ئەوەی لە کوردستاندا هەیە بکاتە کۆمەڵگەی مەدەنی بە مانا ڕاستەقینەکەی ئەم چەمکە، دەزگاکان هەن بەڵام لەراستیدا "ڕۆحی کۆمەڵگەی مەدەنییان تێدا نیە"، واتە ئەو ڕۆحە ڕەخنەیی و چاودێریکەرو گفتوگۆخواز و لێبووردەو هاریکارەیان تێدا نیە کە کاراکتەرێکی مەدەنی دەبەخشن بە دەزگاکان و دەیانکەنە دەزگای مەدەنی ڕاستەقینە.

مەبەستم لە "ڕەهەندی ڕەمزی"ش کۆی ئەو بەهاو نۆرم وبیرو بۆچوون و ڕەمزو پێکهاتە سایکۆلۆژی و کێشە ڕۆشنبیرییانەن کە لە فۆرمی هێزێکی ئەخلاقی و ڕۆشنبیری و ویژدانی وسایکۆلۆژیدا لە جومگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا ئامادەن. بەمانایەکی دیکە ڕەهەندی ڕەمزی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لەو ڕۆح و ویژدان و وزە مەدەنییەی بە دەزگا جیاوازەکان کاراکتەرێکی مەدەنی دەبەخشن، لە بونەوەری بێ ڕوح و بێ جوڵەو بێ ئیرادەوە دەیانکەن بە دەزگای زیندو و بڕیاردەر و خاوەن ئیرادە.

بەبۆچونی من بۆ قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ڕاستەقینە ئەم ڕەهەندە ڕەمزییەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهەمان ئەندازەی ڕەهەندە دەزگاییەکەی گرنگە، ئەگەر گرنگترو کاریگەرتریش نەبێت، ئەم ڕەهەندە ڕەمزییە ڕوح دەکات بە بەری دەزگاکانداو وایان لێدەکات ببنە "بونەوەرێکی ڕۆحلەبەر نەک ڕیزێک دەزگای مردوو"، بێگومان ئەم ڕەهەندە ڕەمزییەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەشێت هەم بەئاراستەی چەسپاندن وبەهێزکردن و پایەدارکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی کاربکات، هەم بەئاراستەی زیان پێگەیاندن و لاوازکردن و ڕێگرتن لە گەشەکردنی ئەم کۆمەڵگەیە تا ئەندازەی لەناوبردنیشی.

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کەی و چۆن سەریانهەڵدا؟

بەرلـەوەی بچینـە نـاو وردەکاری سـەرەتاکانی دەسـتپێکردنی کاروبـاری ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە هەرێمـی کوردسـتان، دەمـەوێ ڕۆشـنایی بخەمـە سـەر ئـەو خاڵـەی ڕاسـتە لـە کۆمەڵگەکانـدا دامـەزراوە مەدەنییـەکان بەپێـی فۆرمـی کارکـردن و ژمارەیـان و یاسـاو ڕێنمایـی کارکردنیـان وەک یـەک نیـن و لەیەکـتری ناچـن، بـەڵام چەنـد مەرجێکـی ڕیشـەیی هـەن کـە وەک "مەرجـی پێشـینەی کۆمەڵگـەی مـەدەنی" دەناسرێنـەوە، هەریـەک لـەم مەرجانـە سـتراکتۆری بیناکـردنی کۆمەڵگـەی مـەدەنی تۆکمـەو کامڵـی بەهـاو دامـەزراوەکانی ئـەو بـوارەن، دەشـکرێ لـەدەرەوەی ئـەو مەرجانـە دامـەزراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی بـە پێـی یاسـاکانیش بێنـە کایـەوە، بـەڵام لەبەرچاوگرتنـی ئـەو مەرجـە پێشـینەییانە چوارچێـوەی کارکـردنی یاسـایی و لۆژیکـی کۆمەڵگـەی مـەدەنی مسـۆگەرتر دەکـەن.

**● مەرجی پێشینەی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

**١- مەرجی پێشینەی سیاسی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

کۆمەڵگــەی مــەدەنی لــەو کۆمەڵگەیــەدا ســەرهەڵدەدات کــە بــە پلەیەکــی بــەرزی "ســەقامگیریی سیاســی - الاســتقرار السیاســی" گەیشــتبێت، ســەقامگیریی سیاســی دوورمــەوداش لــەو وڵاتــەدا دەچەســپێ کــە خــاوەن دەوڵەتێکــی بەهێــز و ســەربەخۆ و خــاوەن دەســتوور بــێ، بەڵگەشــمان بــۆ ســەلماندنی ئــەم قســەیە هەمــوو ئــەو کۆمەڵگەیانەیــە کــە ئێســتا بــەوە نــاسراون کۆمەڵگــەی مەدەنــی تۆکمــەو بەهێــزو کامڵیــان تێــدا چەســپاوە، لەهیــچ قوژبنێکــی ســەر ئــەم زەوییــە ناوچەیــەک نابینینــەوە کــە بەبــێ بــوونی دەوڵــەت یــان ســەقامگیری سیاســی کۆمەڵگــەی مــەدەنی تێــدا بەرجەســتەبووبێت.

خــودی چەمکــی کۆمەڵگــەی مــەدەنی پەیوەنــدی بەســەرهەڵدانی دەوڵــەتی نەتەوەییــەوە هەیــە، بۆیــە دەشــێ لــە واقیعــی کوردستانیشــدا گریمانــە ســەرەکییەکەمان روویەکــی ڕاســتەقینەی هەبێــت، هەربۆیــە تــا ئێســتا نەتوانــراوە کۆمەڵگەیەکــی مــەدەنی راســت و دروســت و بەهێــز بینــا بکەیــن.

ســەقامگیری سیاســی و هەبــونی دەســتوور و ئاســایش مەرجــی پێشــینەی کۆمەڵگــەی مەدەنیــن، تــا ســەقامگیری سیاســی و دەســتورێکی نــوسراوی ڕاگەیەنــراو نەبــێ کــە بەرگــری لــە مافــی تاکــە کەســانی کۆمەڵگــە بــکات، زۆر ئەســتەمە بتوانــرێ کۆمەڵگەیەکــی مــەدەنی "راســتەقینە" بێتــە ئــاراوە، کۆمەڵگــەی مەدەنــی لــە کــەش و هــەوای ئــاژاوەی سیاســی و شۆڕشــگێریی و شەڕوشــۆڕدا گەشــە نــاکات، کۆمەڵگــەی مەدەنــی بــونی خــۆی لەنــاو دەوڵەتــدا دەدۆزێتــەوە.

**٢- مۆدێرنێته و كۆمەڵگەی مەدەنی:**

كۆمەڵگـەی مەدەنـی باسـێكە پەیوەنـدی بـە چەمكـی مۆدێرنێتـەوە هەیـە، واتـە كۆمەڵگـەی مەدەنـی دەكەوێتـە چوارچێوەیەكـی لەخـۆی بەرفراوانـتر و قەبەتـرەوە كـە مۆدێرنێتەیـە، مۆدێرنێتـە ئاراسـتەیەكی فەلسـەفی و ئەخلاقییـە بـۆ ناسینی ئەمـڕۆ یـان سـەردەم، ئاراسـتەیەكە بـۆ دابـڕان لـە نەریتـەكان، بێگومـان ئـەم ئاراسـتەیە جۆرێـك لـە كەلتـوری سیاسـیمان بـۆ بەرهەمدەهێنـێ كـە لەگـەڵ كۆمەڵگـەی مەدەنـی تێكدەكاتـەوە، نـەك هـەر ئەوەنـدە، بەڵكـو كۆمەڵگـەی مەدەنـی بـەو شـێوەیەی كـە لـەم ڕۆژگارەدا لێـی دەدوێیـن و مشـتومڕ لەسـەر ئەنجامـەكانی دەكەیـن، واتـە كۆمەڵگـەی مـەدەنی چەمكێكـە ڕاستەوڕاسـت پەیوەنـدی بـە "بیـری نـوێ"وە هەیـە.

**٣. مەرجی ئابوری كۆمەڵگەی مەدەنی:**

لـەڕووی مێژوییـەوە كۆمەڵگـەی مەدەنـی دوای ئـەوە هاتـە ئـاراوە كـە سیسـتەمێكی (ئابـوری ئـازاد - سـەرمایەداری) لـە ڕۆژئـاوادا دروسـتبوو، جگـە لەمـە بەشـێوەیەكی گشـتی (كۆمەڵگـەی مەدەنـی) لەسـەر بنەمایەكـی ئابـوری دامـەزراوە، تـا ئـەو بنەمایـە پتـەو نەبێـت و مرۆڤـەكان ئـازادی ئابـوری دەسـتەبەر نەكـەن، ناتوانـن ئازادییـەكانی تـر و مافـە مەدەنییـەكان بـە كـردەوە بەدەسـتبێنن.

**٤. مەرجە كۆمەڵایەتییەكان:**

أ. دابەشكردنی كاری كۆمەڵایەتی:

بـۆ كۆمەڵگـەی مەدەنـی پێویسـتە لانی كەمـی دابەشـكردنی كاری كۆمەڵایـەتی هەبێـت، واتـە جۆراوجـۆری و هەمەچەشـنی لـە بونیـادی كۆمەڵایەتیـدا هاتبێتـە ئـاراوە، ئەویـش لـە ئەنجامـی پەرەسـەندنی بونیـادی كۆمەڵایەتییـەوە.

ب. کایەی گشتی:

بـۆ لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵگـەی مەدەنـی پێویسـتە لـەو بەشـانەی سـتراکچەری کۆمەڵایـەتی بکۆڵنـەوە کـە پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی بـەوەوە هەیـە.

لە تێڕوانینی کۆمەڵناسیدا کۆمەڵگە بۆ سێ کایە دابەشدەکرێت:

- کایەی تایبەتی:

خێـزان و پەیوەنـدی خزمایـەتی و مۆڵکایەتـی تاکەکەسـی و بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکان.

- کایەی دەوڵەتی:

دەسەڵاتی سیاسی و دامودەزگا حکومیەکان.

- کایەی گشتی:

دامـەزراوە و ڕێکخـراوە پیشـەیی و هونەرییـەکان و سـەندیکا و دەزگا و کۆمەڵـە ڕۆشـنبیرییەکان، کـە ئەمەیـان دەکەوێتـە نێـوان کایـەی تایبـەتی و دەوڵەتییـەوە.

## ● ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان

بـەر لـە ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ بەهـۆی باڵادەسـتبوونی حوکمێکـی تۆتالیتاریانـەی شـموولی، زەمینـەی کارکـردنی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی نـەک لەبـار نەبـوو، بەڵکـو جگـە لـە چەنـد ڕێکخراوێکـی کەمـی سـەربە حـزبی دەسـەڵاتی حـزبی بەعـس، هیـچ کـەس بـواری ئیشـکردن و ئـازادی قسـەکردنیشی پێنـەدەدرا، دوای ئـەو قۆناغـەش دەرهاوێشـتەکانی شـەڕی ناوخۆیـی، قۆناغـی کارکـردنی ڕێکخـراوە مەدەنییـەکانی لـە چوارچێوەیەکـی سـنورداردا هێشـتەوەو کەمتریـن ڕێکخـراوی کۆمەڵگـەی مـەدەنی دروشـمی ریفۆرمـی کۆمەڵایەتییـان لـە

چوارچێوەیەکی کرداریدا هەڵگرتبوو، دەکرێ بگوترێت (باڵادەستبوونی حوکمێکی سیاسیانەی تۆتالیتار لەساڵانی بەرلە پرۆسەی ئازادی کوردستان و دواتر ناسەقامگیری سیاسی و شەڕی ناوخۆیی لە ساڵانی نەوەدەکان و دواتریش پڕۆسەی ئازادی عێراق)، پەرەپێدان و کارکردنی دامەزراوە مەدەنیەکانی دواخست و تێگەیشتنێکی ناڕۆشن و ئەزموونێکی ناکامڵی لە کارکردنی ڕێکخراوەیی هێنایە کایەوە، بە جۆرێک کە کەمترین ئۆرگانی مەدەنی لەفۆرمی کردەییدا توانیویەتی لەگەڵ (چوار رەگەزە سەرەکییەکانی کۆمەڵی مەدەنی) خۆی بگونجێنێ کە بریتیین لە:

١-کۆمەڵی مەدەنی: کردەیەکی ئازادانەی خۆبەخشە.

٢- کۆمەڵی مەدەنی: کردەیەکی ڕێکخراوە (منظمة).

٣- کۆمەڵی مەدەنی: قبوڵکردنی رای جیاواز و جیاوازییەکان.

٤- کۆمەڵی مەدەنی: هەوڵنەدانە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی.

بۆ بیرهێنانەوەی خوێنەر بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوە کوردستانییە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان پەرەی سەند و لەساڵی (١٩٩٣) پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە(١٨) ی تایبەت بە (کۆمەڵەکان، سەندیکاکان، یەکێتییە پیشەییەکان، ناوەند و بنکەو سەنتەرە رووناکبیرییەکان، یانە وەرزشی وکۆمەڵایەتییەکان) دەرچوو، بۆ ئەوەی ئەم دەزگایانە لە چوارچێوەی یاسایەکی دیاریکراودا کار بکەن، دواتریش یاسای ژمارە(١٥) ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە (ڕێکخراوە کوردستانییە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان) دەرچوو.

هەروەها دواتر لە ساڵی ٢٠١١ یاسایەکی تری تایبەت بە

رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لەلایــەن پەرلەمــانی کوردســتانەوە دەرچوێــنرا، بەنــاوی یاســای ژمــارە "١"ی ســاڵی "٢٠١١"ی تایبــەت بــە رێکخــراوە ناحکومییــەکان لــە هەرێمــی کوردســتانی عێــراق، کــە پێکدێــت لــە ٢٩ بەنــدی یاســایی، لــە بەنــدی ٢٥ی یاســاکەدا هاتــووە کــە بــە دەرکــردنی ئــەم یاســا تازەیــە یاســای ژمــارە ١٥ی ســاڵی ٢٠٠١ هەڵدەوەشــێتەوە، هەربۆیەشــە لــەدوای دەرچــوونی یاســا نوێکــەوە دامەزرانــدنی رێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لــە "مۆڵەتپێــدان"ەوە بوبــە "تۆمارکــردن" بــە میکانیزمێکــی ئاســانتر.

بەپێــی ئــەم یاســایانە "جگــە لــە یاســای نوێــی رێکخــراوە ناحکومییــەکانی ســاڵی ٢٠١١" هیــچ ڕێکخــراوو ناوەنــد و بنکــەو ســەنتەری رۆشــنبیری و یەکێتــی پیشــەیی، بەبــێ ڕەزامەنــدی "وەزارەتــی ناوخــۆ" نەیانتوانیــوە دابمەزرێــن و پێویســت بــووە لەســەر بنەمــای بەنــدەکانی ئــەم یاســایانەی ســەرەوە پەیــڕەوی ناخۆیــان دابڕێــژن، تابتوانــن کار و پــڕۆژەی یاســاییانە و ئاســاییانەی خۆیــان پەرەپێبــدەن، ئــەو (ڕێکخــراوو کۆمەڵــەو ناوەنــدو ســەنتەری رۆشــنبیری و ســەندیکاو یەکێتــی پیشــەیی) یانــە لــەرووی جوگرافییــەوە ســەرجەمیان لەســنوری پارێزگاکانــی هەولێــرو دهــۆک و ســلێمانی و کەرکــوک هەڵەبجــەو و ئیــدارەی گەرمیــان، مۆڵــەتی یاســاییان لــە وەزارەتــی ناوخــۆ وەرگرتــووە و لــە فەرمانگــەی رێکخــراوە ناحکومییــەکانی هەرێمــی کوردســتان تۆمارکــراون، ئــەم کۆمەڵــەو رێکخراوانــە زۆرینەیــان بەپێــی ناواخنــی پرۆگــرام و پەیــڕەوی ناوخۆیــان ئیــش لەســەر بڵاوکردنــەوەی (هۆشــیاری کۆمەڵایــەتی و پرســەکانی توندوتیــژی دژبــە ئافرەتــان و پەرەپێــدانی کۆمەڵــی مــەدەنی و دیموکــراسی و مافــەکانی مــرۆڤ و چارەســەری گرفــت ودیــاردە کۆمەڵایەتیــەکان و بــوارە پیشــەیی و توێــژە تایبەتــەکان) دەکــەن لەهەرێمــی کوردســتاندا.

شـــایانی باســـە ئـــەم کۆمەڵـــەو ڕێکخـــراوو ســـەنتەرانە، بەشـــێکیان بەگوێـرەی توانـای مـادی و مرۆییـان هەوڵیـان داوە پـڕۆژەی بنیاتنەرانـە جێبەجێبکـەن و بەشێکیشـیان تەنهـا نـاوی سـەر وەرقـەن و نەیانتوانیـووە یـەک خـاڵ لـە ئامانجـەکانی پەیـڕەوی ناوخۆیـان پراکتیـزە بکـەن کـە لـە بنەڕەتـدا بـۆی دامـەزراون و پێـی دامـەزراون.

دامەزرانـدنی ئـەم ژمـارە زۆرەی ڕێکخـراو و کۆمەڵـەکان بـە بـەراورد لەگـەڵ ڕێـژەی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان پێشـبینی کارو پـڕۆژەی گەورەتـر و رۆڵ و کاریگـەری کـردەی ریفۆرمخوازانـەی فشـارهێنانەی زیاتریـان لێدەکـرا، بـەڵام لەلایـەک پابەندبوونـی تونـدی کۆمەڵگـەی کوردسـتان بەنـۆرم و نەریتـی کۆمەڵایەتـی و سـنورداركردنی ئازادیـەکانی تـاک لـە دامـەزراوەی خێزانـداو بەریەککەوتنـی ئاراستەکانی بیرکردنـەوەی هـەردوو جیـلی کـۆن و نـوێ، لەلایەکـی تریـش کەمئەزمـوونی ڕێبـەرانی کۆمەڵـەو ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە ئاسـت تێگەیشـتن لـە پرەنسـیپەکانی کارکـردنی ڕێکخراوەیـی، کارنامـەی دامـەزراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لەچوارچێوەیەکـی سـنووردارادا قەتیـس کـرد، بۆمامەڵـە کـردن لەگـەڵ ئـەو جـۆرە لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی پێویسـت بـە داڕشـتنی پـڕۆژەی درێژخایـەن و سـتراتیژیەتی فرەلایـەن هەیـە.

بـەڵام ئـەو هەوڵانـەی کـە تـا ئێسـتا لـە هەرێمـی کوردسـتان و لەلایـەن ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مەدەنییـەوە، بەنـاوی ئەجێنـدای ڕێفۆرمـی کۆمەڵایـەتی کاری بۆکـراوە لـە چوارچێـوەی (کۆنفراسـەکان و دواتـر بەدوادانەچـوونی راسـپاردەو پێشـنیارەکان، هەروەهـا کۆنگـرەی رۆژنامـەوانی و سـیمینار، وەرشـەکار) تێنەپەڕیـوە، زۆربـەی جـار بەشـداربووانی ئـەم چالاکییانـە هـەر ئەندامانـی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مـەدەنی بـوون و پەیامەکانیـان نەگوازتۆتـەوە بـۆ دامـەزراوەی خێـزان و

فەرمانگـەو گـەڕەک و گونـدو ناحیـەو قـەزاکان، هـەر بۆیـە ڕێژەییانـە دەتوانیـن دان بـەو راسـتییەدا بنێیـن کـە (سـودی ئـەم جـۆرە چالاکییانـە لەسـنوری تاکەکانـی نـاو ڕێکخـراوەکان تێپـەری نەکـردووە).

ژمارەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی "ناحکومی"و کۆمەڵەو یەکێتی پیشەیی و سەندیکاو ناوەندە رۆشنبیرییەکان و ژمارەی تۆڕی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی "ناحکومی"
تاکو ٢٠١٩/٣/١ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان:

| رێکخراو، کۆمەڵە، تۆڕ | ژمارە | یاسای رێگەپێدەر | دامەزراوەی رێگەپێدەر |
|---|---|---|---|
| رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | ٤٠٥٤ | یاسای ژمارە١ی ساڵی ٢٠١١ی رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان | فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان |
| ژمارەی کۆمەڵەو یەکێتی پیشەیی و سەندیکاو ناوەندی رۆشنبیری | ٧٤٠ | یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣ی کۆمەڵەکانی وەزارەتی ناوخۆ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ژمارەی تۆڕەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | ٥٧ | یاسای ژمارە١ی ساڵی ٢٠١١برێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان | فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان |
| کۆی گشتی | ٤٨٥١ | | |

# ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان

ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لــە هەرێمــی کوردســتان لــە ژمــارەدا زۆرن و لــە جموجــۆڵ و کارکردنیشــدا تــا ڕاددەیــەك هــەن. لــە ڕابردوویشــدا، بەتایبــەتی لــە ســاڵەکانی پێــش قەیــرانی دارایــی بــە بــەراورد لەگــەڵ ئــەم قۆناغــە چالاکــتر بــوون، بــەڵام بەپێــی پێــوەرە ســەردەمی و گشــتییەکانی ڕۆڵ و پێگــەی ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی، نەتوانــراوە بــە دەســتپێکێکی کامــڵ ڕیشــەی خۆیــان لــە هەرێمــی کوردســتان داکوتــن؛ بــەو مانایــەی نەیانتوانیــوە متمانــەی کۆمەڵایــەتی بەدەســت بێنــن و پارێــزگاری لــە ســەربەخۆیی خۆیــان بکــەن لەبــری پشتبەســتن بــە دەســەڵاتی سیاسی، ڕایەڵــی بەهێــز لەگــەڵ ئۆرگانــە نێودەوڵەتییــەکان دروســتبکەن، لەگــەڵ کۆمەڵێــک ئاســتەنگی دیکــە.

بۆیــە گرنگــە ڕۆشــنایی بخەینــە ســەر دەرخســتن و شرۆڤەکــردنی ئــەو ڕەهەندانــەی کــە بوونەتــە ئاســتەنگ لەبــەردەم کارو جولــەی

ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لــە هەرێمــی کوردســتان:

**١. ئاستەنگی کەمئەزموونی:**

زۆرینــەی ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی بــەر لــە دامەزرانــدن و کاکردنیــان، بەبــێ ئامــادەکاری و شــارەزایی لــە بــوارەکانی پێویســتی هاتنەکایەیــان و "هونــەری ســەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوەیــی" و مانــا و بایــەخ و تایبەتمەندییــەکانی تۆڕبەنــدی ڕێکخراوەیــی و، تێگەیشــتن لــە گرنگــی و شــێواز و مــەرج و میکانیــزم و پێویســتی و قۆناغــەکانی کاری خۆبەخشی لـە کارکـردنی ڕێکخراوەییـدا و، هەروەهـا بەبـێ تێگەیشـتن لـە پەیوەندیــی نێــوان ڕێکخــراوی مــەدەنی و حــزبی ســیاسی و پەیوەندییــان لەگــەڵ دەســەڵاتی ســیاسی و، هەروەهــا شــینەکردنەوە و شــۆڕنەکردنەوەی میکانیزمــەکانی کارکــردنی ڕێکخراوەیــی بــۆ ئەندامــان و کارمەنــدانی ڕێکخــراو و کۆمەڵــەکان و، بــە دیوێکــی تریشــدا ناڕۆشــنی هــەر دوو یاســاکەی ڕابــردوو و لــە هەڵبــژاردنی ســتافی بەڕێوەبــردنی ڕێکخــراو و کۆمەڵــەکان و پشتگوێخســتنی مــاوەی بەئەنجامگەیانــدنی پرۆســە دیموکراتییــەکانی کاری ڕێکخراوەیــی، لــە شــێوەی بەئەنجامگەیانــدنی کۆنگــرە و کۆنفرانســەکانیان و، هەروەهــا پشتگوێخســتنی تەمــەنی یاسـاییی کارمەنـدان و ئەندامـانی ڕێکخـراو و کۆمەڵـەکان، بـە یەکەمیـن ئاســتەنگی ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی دادەنرێــن، کــە بونەتــە فاکتــەر بــۆ دانــانی بناغەیەکــی لاوازی کاری ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی.

هەروەهـا ئەوەنـدەی زۆرینـەی کۆمەڵـە و ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی بـە ئاڵۆزبـوونی گرفتـە کارگێڕییەکانـەوە، خۆیـان سـەرقاڵکردووە، ئەوەنـدە نەیانتوانیـوە کار بـۆ جێبەجێکـردنی ئـەو ئامانجانـە بکـەن کـە لـە بنەڕەتـدا بـۆی دەمـەزراون.

**٢. ئاستەنگی کۆمەڵایەتی:**

ڕەگوڕیشەی داب و نەریتە کۆنە کۆمەڵایەتییەکان لەناو قوڵایی پەروەردەی خێزانەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا، ئاستەنگێکی بەهێزە لەبەردەم کارکردنی سروشتییانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. سیستەمی خێزانیی کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، کەمجار ڕێگە بە دامەزراوە مەدەنی و فەرمییەکانی دەرەوەی دامەزراوەی خێزان دەدات تا بچنە ناو قووڵایی گرفتەکانی خێزانەوە، بەڵکوو سەرجەم بڕیارەکانی خێزان پەیوەندی تەواوی بە کەسە سەرەکییەکانی ناو دامەزراوەی خێزانەوە هەیە، ئەوانیش بە شێوەیەکی گشتی بریتیین لە: باوک، برا، هەندێ جار دایک. ئەم بەپیرۆززانینەی دامەزراوەی خێزان وای کردووە، لە کاتی بڕیاردەرکردندا یان لە کاتی سەرهەڵدانی هەر گرفتێکدا، ئەستەمە ڕێکخراوەکان ڕێگەیان پێبدرێ لایەن بن لە دۆزینەوەی میکانیزمی چارەسەرکردن و هاریکاریکردن. دروستنەکردنی ئەم متمانەیە بە کاریگەری و ڕۆڵبینینی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وایکردووە لە زۆربەی کێشەکانی ناو خێزاندا ڕەگەزی ئافرەت (کچ ــ ژن) ببێتە قوربانی بە پلەی یەک و، تەنانەت لە چارەسەریشدا هەر ئافرەت دەبێتەوە بە زەرەرمەندی سەرەکی. بەگشتیش دامەزراوەی خێزانەکان کۆپیکراوی یەکترن و جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت و نەوە دوای نەوە درێژەپێدەری هەمان سیستەمن.

لەلایەکی دیکەوە، بەشێک لەو کەسانەی لەناو ڕێکخراوەکاندا کار دەکەن، هەمان پەروەردە و نەوەی ئەو کۆمەڵگەیەن کە کاری ڕێکخراوەییان وەک کارێکی ڕۆتینی وەرگرتووە نەک وەک پێویستی و پرەنسیپ بۆ دروستکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

**٣. ئاستەنگی یاسایی:**

یەکێکی دیکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندیی هەیە بەو کەموکوڕیانەی کە لە بەند و بڕگەکانی هەر دوو یاسای "کۆمەڵەکان"ی ساڵی ١٩٩٣ و یاسای "ڕێکخراوە کوردستانییە ناحکومییەکان"ی ساڵی ٢٠٠١ و "یاسا نوێیەکەی ساڵی ٢٠١١ی تایبەت بە تۆمارکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان" هەستیان پێدەکرێ، لەوانە:

نەبوونی مەرجی پێشوەختە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی مەعریفی ئەو کەسانەی کە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان لەئەستۆ دەگرن؛ دەکرێ وەکو لاوازترین دیوی هەر سێ یاساکە دەستنیشانی بکەین، چونکە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئۆرگانی مەدەنی، زەمینەخۆشکردن و بەکردەییکردنی پرۆسەی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتییە. هەمیشە گەشەکردن و سەرخستنی پرۆسەی ڕیفۆرم، بەندە بە ڕێبەرایەتیکردنی کەسانی دەستەبژێر (نوخبە)ی کۆمەڵگە.

**٤. ئاستەنگی سیاسی:**

لەدوای شەڕی ناوخۆی ساڵانی نەوەدەکان و دروستبوونی دوو حکومەتی "هەولێر و سلێمانی"، کە بە "دووئیدارەیی" دەناسرێتەوە، یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی بریتی بوو لە لەتکردنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەجۆرێک تێوەگلێنران بە ململانێ سیاسیەکانەوە، تا کار گەیشتە ئاستی دامەزراندنی دوو سەندیکای پزیشکان و دوو سەندیکای ئەندازیاران و دوو سەندیکای پارێزەران و مافپەروەران و کشتوکاڵییەکان و دوو سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستی و پیشە ئەندازەییەکان و. . هتد

جگە لەم دولەتکارییە، دامەزرێنەرانی کۆمەڵەو یەکێتی و سەندیکاو

یەکێتییــە پیشــەییەکانیش مــەرج بــوو ئینتیــمای ســیاسی تۆخیــان بــۆ ئــەم دوو پارتــە سیاســیە ســەرەکییەی هەرێمــی کوردســتان هەبــێ، ئــەم فۆرمــی کارکردنــەش تــەواو ناکۆکــە لەگــەڵ ڕەگــەزە ســەرەکییەکانی کاری ئــۆرگانی مــەدەنی، چونکــە ئــۆرگانی مــەدەنی بۆئــەوەی ســەربەخۆییان لــێ نەســتێنرێتەوە نابــێ لەژێــر هەژمــوونی ئــەو پارتــە سیاســیانەدابن کــە لــە دەســەڵاتی سیاســیدان، کــە بــە یەکەمیــن مــەرج و١) ڕەگــەزی کاری ئــۆرگانی مــەدەنی دادەنــرێ، کاتێکیــش ئــۆرگانی مــەدەنی لەژێــر هەژمــوونی دەســەڵاتی سیاســیدا بــێ، چــۆن دەتوانــێ ببێتــە هێــزی فشــار بۆســەر ناتەواوییــەکانی دامــەزراوەکانی دەســەڵاتی ســیاسی؟

ئــەم کێشــەیە تاکــو ئێســتاش نەیتوانیــوە ئــازادی تــەواو بداتــە کۆمەڵــەو ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لەهەرێمــی کوردســتان.

**٥. ئاستەنگی کارگێڕی:**

فرەبەرپرســیارێتی لــە دامــەزراوە حکوومییــەکانی هەرێمــی کوردســتاندا بــۆ چاودێریکــردن و سەرپەرشــتیکردنی کاروبــاری ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی بــە جۆرێــک ڕەنگدانــەوەی هەبــووە، نەتوانــراوە مەرکەزییەتێــک بــۆ ڕێکخســتنی ئەجێنــدای ئۆرگانــە مەدەنییــەکان لــە ڕووی دارایــی، کارگێــڕی، ڕێکخســتنی کۆنفرانــس و کۆنگــرەکان، لێپێچینــەوە و هەڵســەنگاندن دیــاری بکــرێ. دەکــرێ ئامــاژە بــۆ ئــەو دامــەزراوە حکوومییانــە بکەیــن کــە ئەرکــی بەپرســیارێتیی کۆمەڵــە و ڕێکخراوەکانیــان گرتۆتــە ئەســتۆ.

بــۆ نموونــە بەپێــی هــەر دوو یاســای ژمــارە (١٨)ی ســاڵی ١٩٩٣ی کۆمەڵــەکان و یاســای ژمــارە (١٥)ی ســاڵی ٢٠٠١ی ڕێکخــراوەی کوردســتانییە ناحکوومییــەکان، لــە ڕێگــەی بەڕێوەبەرایەتیــی "کۆمەڵــەکان" لــە وەزارەتی ناوخــۆ دەســەڵاتی مۆڵەتپێــدانی کۆمەڵــە و ڕێکخــراوەکانی

کۆمەڵگەی مەدەنی دراوە بە وەزارەتی ناوخۆ، هەڵوەشاندنەوە و لێسەندنەوەی مۆڵەتەکانیشیان خراوەتە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆ، لە ڕێگەی دادگەی "بەرایی"یەوە. لەبەر ئەوە کۆی ڕێکخراوەکان و کۆمەڵەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە بەپێی هەر دوو یاساکەی سەرەوە مۆڵەت دراون.

هەروەها یەکێک لە ئاستەنگەکان کە ڕووبەڕووی کارکردنی ڕێکخراوەیی دەبێتەوە، دروستکردنی دوو بەڕێوەبەرایەتی ترە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، بە ناوی "بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان"، و "بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکان" لەناو "بینای پارێزگاکان" ئەرکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی کاروباری ناوەند و بنکە و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانی هەرێمی کوردستانە، بەبێ ئەوەی لە هەر دوو یاساکەی سەرەوەدا بەندێکی یاسایی بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕێکخراو و کۆمەڵەکان لەم دوو دامەزراوەی تردا هەبێ.

ئەگەرچی لە خاڵی شەشەمی "ئاستەنگەکاندا" ڕۆشنایی دەخەینە سەر ڕەهەندی ئابوری، بەڵام نەبوونی ستراتیژییەتێکی تۆکمە و، ناڕوونی لە دیاریکردنی پێوەرەکان بە لەبەرچاوگرتنی سیستەمی دامەزراوەیی هاوچەرخ بۆ پشتگیریکردنی ڕێکخراو و کۆمەڵەکان لە ڕووی داراییەوە لە ماوەی ٢٨ ساڵی ڕابردوودا، بە جۆرێک کاریگەریی دروستکرد کە هیچ یەک لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکان ئاستی پڕۆژە و قەبارەی کارکردنی خۆیان نازانن. دیارینەکردنی ماوەی پشتگیرییە داراییەکان و نەبوونی ستانداردێکی ڕوون بۆ تەرخانکردنی ئاستی بەخشینی ماددی بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵەکان و دیارینەکردن و شینەکردنەوەی شێوازی پشتیوانیکردنی ڕێکخراو و

کۆمەڵـەکان لـە هـەر دوو یاسـای کۆمەڵـە و ڕێکخـراوە ناحکوومییـەکانی هەرێمـی کوردسـتان، جۆرێـک لـە نایەکسـانی لـە ڕووی تەرخانکـردنی ئاسـتی پشـتیوانییە داراییـەکان هێنایـە کایـەوە و، وایکـرد کـە ڕێکخـراو و کۆمەڵـەی داهێنـەر و مشـەخۆر تێکـەڵاوی یەکـتری بـن.

**٦. ئاستەنگی ئابوری:**

هـەر لـە سـەرەتای بەیاسـاییکردنی کاری ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە هەرێمـی کوردسـتان، تـا جێبەجێکـردنی سیسـتەمی پاشـەکەوتکردنی مووچـە، سـەرجەم کۆمەڵـە و ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی (جگـە لـە ژمارەیەکـی زۆر کـەم)، هاوشـێوەی موچەخـۆرانی دامـەزراوە میرییـەکان، سـەرەتای هەمـوو مانگێـک بەخشـین-نەسریەی بەردەوامیـان لـە حکوومـەتی هەرێمـی کوردسـتان وەردەگـرت! بەبـێ ئـەوەی هیـچ دامەزراوەیەکـی حکوومـی بەدواداچـوونی ورد و بـەردەوام بـۆ فـۆرم و میکانیزمـەکانی خەرجکـردنی ئـەو میزانییەیـە بـکات، کـە سـاڵانە لـە چوارچێـوەی بودجـەی سـاڵانەی حکوومـەتی هەرێـم میزانییەیەکـی تایبـەت بـۆ کۆمەڵـە و ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی.

لـە کۆمەڵگـەی مۆدێرنـدا بەشـێک لـە ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، بەپێـی سیسـتەمێکی دیاریکـراو کـە خـۆی لـە مەرجـی بـاج و پشـکی قازانجـەکانی کۆمپانیـاکان و داهـاتی دەوڵـەت دەبینێتـەوە، ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن حکوومەتەکانیانـەوە پشـتیوانیی مـاددی دەکرێـن؛ هەروەهـا لەلایـەکی دیکـەش بـە پشـتیوانی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان پرۆژەکانیـان جێبەجـێ دەکـەن. بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە هەرێمـی کوردسـتان زۆرینـەی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی نەیانتوانیـوە لـە چوارچێـوەی "کارکـردن و هەماهەنگیـی لۆکاڵی"یـەوە، کارەکانیـان بگوازنـەوە بـۆ کارکـردن و "هەماهەنگیـی نێودەوڵـەتی" و، لـە بـری

ئـەوەی لـە پەیداکـردنی سـەرچاوەی داراییـان پشـت بـە "بەخشـین"ی مانگانـەی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان ببەسـتن، نەیانتوانیـوە وەک پێویسـت پلانڕێـژی بکـەن بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی و هەماهەنگـی لەگـەڵ ئـەو ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـە بەخشـەرانەی کـە لـە بـوارە جۆراوجۆرەکانـدا بـۆ پشـتیوانیی ڕێکخـراوە جۆراوجـۆرەکانی تـر کار دەکـەن.

ئـەم ناسـەربەخۆییە ئابوریـەی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، کاریگەریـی کردۆتـە سـەر پراکتیزەنەکـردنی ئەرکـە سـەرەکییەکانی کاری ڕێکخـراوە مەدەنییـەکان کـە گرنگترینیـان ئەمانـەی خـوارەوەن:

آ- دروستکردنی گوشار بۆ سەر دامەزراوە فەرمییەکان.

ب- داڕشـتنی سـتراتیژ بـۆ پرۆسـەی ڕێکخسـتن و پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتی و سـیاسی.

ج- بەهێزترکـردنی ڕایەڵـی پەیوەنـدی لـە نێـوان هـاوولاتی و دەسـەڵاتی سـیاسی.

د- ڕۆڵـی یارمەتیدەرانـە بـۆ دەسـەڵاتی یاسـادانان لـە داڕشـتنی یاسـاکاندا و، ڕۆڵـی چاودێریکارانـە لەسـەر دەسـەڵاتی یاسـادانان لـە جێبەجێنەکـردنی یاسـاکاندا.

**٧. ئاستەنگی گوتاری توندوتیژی گوتاربێژانی ئایینی:**

شـیکردنەوەی فرەڕەهەندییانـەی ئاییـن، لەلایـەن بەشـێك لـە گوتاربێـژانی ئایینـی، ڕێگربـووە لـە پێـش هـەر هەنگاوێکـی مەدەنییانـەی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مەدەنـی، چونکـە بـە مۆدێـلی بیانـی و ناکـۆک لەگـەڵ پرەنسـیپەکانی ئایینـی لـە قەڵەمیانـداوە. خەڵکیـان هانـداوە بـە دەنـگ ئـەو جـۆرە پرۆژانـەوە نەچـن کـە پەیوەندییـان بـە پـرسی کرانـەوەی کۆمەڵایـەتی و مافـە مەدەنییـەکان و پرەنسـیپەکانی یەکسـانی

جێندەرییـــەوە هەبــێ، چونکــە پێیانوابــووە ئــەو چەمکانــە هــاوردەی کەلتــووری وڵاتانــی بیانییــن و تەوژمێکــی سیســتەماتیکییانەی دژەدینییــە و، ناگونجــێ لــە کۆمەڵگــەی کوردیــدا کار بــۆ جێبەجێکردنیــان بکــرێ.

بــۆ نموونــە تاکــو ئێســتایش لــە هەرێمــی کوردســتاندا، ئاراســتەیەک پێیوایــە کارکــردنی چەنــد دامەزراوەیەکــی مــەدەنی لەســەر پیادەکــردنی پرەنســیپەکانی یەکســانیی جێنــدەری لــە کۆمەڵگــەی کوردســتاندا، بــە کارکردنێکــی مەترســیدارانەی نەگونجــاو لەگــەڵ دەقــە ئایینییــەکانی دەزانــن؛ لــە کاتێکــدا کــۆی دامــەزراوە کۆمەڵایەتییــەکان لــە کۆمەڵگــەی مۆدێرنــدا لــە کێبڕکێیەکــی گەرمــدان لەگــەڵ دەســەڵاتی ســیاسی، بــۆ سەرخســتنی دروشــمەکانی پــرسی یەکســانیی جێنــدەری، چونکــە بــە دەروازەی بەرقەراربــوونی دادپەروەریــی کۆمەڵایــەتی دەزانــرێ و دەرفەتێــک ناهێڵێتــەوە بــۆ مامەڵەکردنــی پاشــکۆیانەی ڕەگــەزی ئافــرەت و بێبەشــکردنی لــە مافــە ســەرەتاییە بنچینەییــەکانی، لــە ڕووی ئابــووری و کۆمەڵایــەتی و ســیاسی و بەڕێوەبردنــەوە.

ئاشــکرایە لــە کۆمەڵگــەی مەدەنیــدا هەمــوو بنەماکانــی خێڵایەتــی هەڵدەوەشــێتەوە، بــەڵام لــە ڕۆژهەڵاتــدا بەگشــتی و لــە کۆمەڵگــەی کوردیــدا بەتایبەتــی، نــەک هــەر سیســتەمی خێڵایەتــی هەڵنەوەشــاوەتەوە بەڵکــوو سیســتەمی بــاو و باڵادەستیشــە و تاکــوو ئێســتایش ســەرجەم دامــەزراوە کۆمەڵایەتییەکانــی ئــەم کۆمەڵگەیــە، تەنانــەت بــە دامودەزگــەی بەڕێوەبــردن و پەروەردەیشــەوە، تــا ڕاددەیــەک ئەقڵــی خێــڵ زاڵــە بەســەریاندا.

مەبەســت لــە هەیمەنــەی عەقڵــی خێــڵ بەســەر دامەزراوەکانــەوە، کاریگەریــی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان بەســەر کاروبــاری

دامـەزراوەکان و لاوازیـی پـلانی کاری دامودەزگـە پەروەردەییەکانـە بەپێـی پرەنسـیپەکانی سیسـتەمی دامەزراوەیـی هاوچـەرخ، کـە تـا ئێسـتایش لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هەوڵـەکان بـۆ چەسـپاندنی بنەمـاکانی "سیسـتەمی دامەزراوەیـی هاوچـەرخ وەکـوو ئامـاژە دەرکەوتـوون. ئـەو قۆناغەیـش لــە مێــژووی پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتییــدا بــە قۆناغێکــی سروشــتی دادەنرێــت.

# ئەو نۆ ئەرکەی هێز دەداتە بەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

لــەدوای شرۆڤەکــردنی ئاســتەنگەکان، بــۆ ئــەوەی ئەڵتەرناتیڤــی رووئمــان هەبــێ بــۆ چارەســەری بەربەســتەکان، بەگرنگــی دەزانیــن لــەم بەشــەدا ســەرەکیترین ئــەو نــۆ ئەرکــە روونبکەینــەوە کــە تــا ئێســتا رێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی نەیانکــردووە بــە خەمــی لەپێشــینەی خۆیــان، روانینــی ئێمەوایــە کــە جێبەجێکــردنی ئــەم نــۆ ئەرکــە هــەم رێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی دەخاتــە ســەر ڕێــڕەوی راســتەقینەی خــۆی، هەمیــش رۆڵێکــی گرنــگ دەگێــڕن لــە رێکخســتنەوەی دۆخــە ناتــەواوەکان و کەمکردنــەوەی قەیرانــەکان بەتایبــەتی.

- **ئەرکی یەکەم**

**بایەخدان بە چەمکەکانی بەڕێوەبردنی رێکخراوەیی:**

مەرجــی پێشــوەختەی سەرخســتنی کاری رێکخراوەیــی، پێگەیانــدنی

توانـای سـەرۆک و دەسـتەی بەڕێوەبـردنی رێکخراوەکانـە لـەم بوارانـەی لای خـوارەوە، ئەرکێکـی کۆمەڵـەو رێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مەدەنییـە کـە لەمـەودوا بایـەخ بـەم چەمکانـەی لای خـوارەوە بـدەن، تاکـو لـە روحـی کۆمەڵگـەی مـەدەنی و پرەنسـیپەکانی قـوڵ ببنـەوە، لەوانـە:

١- تێگەیشـتن و پێگەیشـتنیان سـەبارەت بـە گرنگتریـن تیۆرییـەکانی رێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی و گرنگتریـن قوتابخانـەکانی کارکـردنی رێکخراوەیـی، کـە یەکەمیـن قوتابخانـەی لەسـاڵی (١٩٠٩) بـە رێبەرایـەتی (ماکـس ڤیبـەر) بەنـاوی (قوتابخانـەی بیرۆکراتیـەت) دەسـتپێدەکات و دواییـن قوتابخانـەی کارکـردنی رێکخراوەیـش لەسـاڵی (٢٠٠٠)دا بەرێبەرایـەتی (مایـکل هـاری و ریتشـارد شرویـدر) بـە نـاوی (سـتە سـیجما)، کارکـردنی رێکخراوەیـی شـیدەکاتەوە.

٢- بایەخ و تایبەتمەندییەکانی سەرکردایەتیکردنی رێکخراوەیی.

٣-ناسـاندنی کەسـایەتی (خۆبەخـش)و بایـەخ وتایبەتمەنـدی و قۆنـاغ و فـۆرم و شـێوازەکانی.

٤-ناسـاندنی چەمکـی (تۆڕبەنـدی)و بایـەخ وتایبەتمەنـدی و فـۆرم و شـێوازەکانی و مەرجـەکانی سـەرکەوتنی (تۆڕبەنـدی)و لایەنـە باشـەکان و خراپیـەکانی (تۆڕبەنـدی) لـە کاری رێکخراوەییـدا.

- **ئەرکی دووەم**

**دامەزرانـدنی " تـۆڕی سـەربەخۆی " بەهێـزو فرەڕەنگـی کۆمەڵـەو رێکخـراوەکان لەسـەر ئاسـتی (پارێـزگاکان، قـەزاکان، ناحیـەکان):**

بـۆ یەکخسـتنی ئەزمـوون و کۆکردنـەوەی توانـاکان و دروسـتکردنی بەهێزتریـن کاریگـەری، گرنگـە لەسـەر ئاسـتی (پارێـزگاکان، قـەزاکان، ناحیـەکان) (تـۆڕی سـەربەخۆی فرەڕەنگـی بێلایـەن یاخـود فرەلایـەنی

کۆمەڵــەو ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی) دروســتبکرێ، تــا بــە یەکدەســتی و یــەک هەڵوێســتی پەرەبــدەن بــە پرۆســە و هەڵوێســتی مەدەنیانــە، لەئاســت پرســە جۆربەجۆرەکانــدا، بۆئــەوەی لەڕێگــەی ئــەم تــۆڕە مەدەنییانــەوە ڕایەڵێکــی بەهێــز دروســت ببــێ لەنێــوان خەڵــک و دامــەزراوەکانی حکومــەت و پەرلەمــان و دامــەزراوە یاســاییەکاندا، ئەرکێکــی تــری گرنگــی ئــەم تۆڕانــە "دروســتکردنی فشــاری ڕاســتەقینە" بێــت لەســەر ئــەو دامــەزراوەو کۆمپانیــاو لایــەن و کەســایەتییانەی کــە لەپێنــاو بەرژەوەنــدی تایبــەتی خۆیانــدا زیــان بــە بەرژەوەنــدی گشــتی کۆمەڵگــە دەگەیەنــن.

- **ئەرکی سێیەم**

**بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران:**

هەرێمــی کوردســتان لەپــاڵ گەشــەکردنی لــە چەندیــن بــواری جۆربەجــۆردا، یەکێــک لــە ســیما ناشــیرینەکانیشی بریتییــە لــە تەشــەنەکردنی گەندەڵــی، کــە تاڕادەیەکــی زۆر، کــەم بــوارو کایــە هەیــە نەیگرتبێتــەوە، یەکێکیــش لــە فاکتــەرەکانی تەشــەنەکردنی گەندەڵــی پەیوەنــدی هەیــە بــە لاوازی ئــەو بەرەیــەی کــە پێویســتبوو بــە وزەو هێــزەوە بەرەنــگاری ببێتــەوە، یەکێــک لەســەرەکیترین ئــەو دەســەڵاتانەی کــە ئەرکــی سەرشــانی خۆیــان بــووە ڕووبــەڕووی ببنــەوە، بریتییــە لــە ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی، بــەڵام تــا ئێســتا نەیانتوانیــوە "بابەتیانــەو بوێرانــە" دەســت ببــەن بــۆ ئــەم دۆســیەیە.

**● ئەرکی چوارەم**

**ێگەیانـدن و بەتوانکـردنی ئافـرەت و ئامادەکردنیـان بـۆ ناوەنـدەکانی بڕیـارو بەشـداری سیاسی:**

یەکێــک لــە گرفتــە ســەرەکییەکان لەنــاو کایــەی ســیاسی و ناوەنـدەکانی بڕیـاردا بریتییـە لـە بەشـداری کەمتریـن ڕێـژەی ئافـرەت لــە ســەرکردایەتی پارتــە سیاســییەکان و ناوەنــدەکانی بڕیــار لەســەر ئاســتی حکومــەت و دامــەزراوەکانی دیکــە.

گەرچــی لــە ســاڵی ٢٠٠٩ ســێ یاســای گرنــگ لەلایــەن پەرلەمــانی کوردســتانەوە دەرچوێــنران، کــە پێگــەی ئافــرەتی لــە ناوەنــدەکانی بڕیاریـاردا بـە ڕێـژەی ٣٠٪ مسـۆگەر کـردووە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

- یاسـای ژمـارە ٢ی سـاڵی ٢٠٠٩ لەبـارەی ڕێـژەی بەشـداری ئافـرەت لـە پەرلەمانـی کوردسـتان:

مــادەی چــوارەم لەیاســای هەڵبژاردنــی ئەنجومەنــی نیشــتیمانی کوردســتان – عێــڕاق، ژمــارە ١ی ســاڵی ١٩٩٢ی هەموارکــراو:

"هــەر قەوارەیەکــی سیاســی لــە کوردســتانی عێــڕاق بــۆی هەیــە لیســتێکی تایبــەت بەخــۆی پێشــکەش بــکات، کەنــاوی پاڵێــوراوەکان لەســەر ئاســتی کوردســتان – عێڕاقــی تێدابــێ، بەمەرجێــک ڕێــژەی ژن لــە ٣٠٪ کەمــتر نەبێــت و زنجیــرەی نــاوەکان بەجۆرێــک ڕێکبخــات ئــەم ڕێژەیــەی ژنــان دەســتەبەر بــکات، بەمەرجێــک ژمــارەی پاڵێــوراوان لەهــەر لیســتێکی هەڵبــژاردن لــە ســێ کەمــتر نەبــێ".

- یاسـای ژمـارە ٣ی سـاڵی ٢٠٠٩ لەبـارەی بەشـداری ڕێـژەی ئافـرەت لـە ئەنجومەنـی پارێـزگاکان:

ئــەم یاســایە کــە لــە ٤١ مــادە پێکدێــت، لــە مــادەی هەشــتەمی تایبــەت بــە ئەندامانــی ئەنجومەنــی پارێــزگا تێیــدا هاتــووە:

"لیستی پاڵێوراوان بەجۆرێک ڕێکبخرێ کە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا ٣٠٪ ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ".

- یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٠٩ لەبارەی بەشداری گەیشتنی ئافرەت بە ئاستی دادوەری:

یاسای پەیمانگای دادوەری هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم یاسایە کە لە ٢٥ مادە پێکدێت، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕەگەزی ژنان لەبواری دادوەریدا پێبگەن، لە ئێستاشدا لەناو دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەک دادوەری ئافرەت هەن، بەشێکیشیان ڕاستەوخۆ دادوەری ئەو دۆسیانەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە مافەکانی ئافرەت و گرفتە خێزانییەکانەوە هەیە.

لەم قۆناغەدا ئەرکە لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە "پڕۆژەی دوورمەودا" پلانڕێژی بکەن بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندنی کچان و ژنان لەبوارەکانی "هونەری سەرکردایەتیکردن، خوێندنەوە، پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان، ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگەکان و. . . هتد.

**● ئەرکی پێنجەم**

**بایەخدان بە ڕەمزە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان:**

چەندە پارتە سیاسییەکان و حکومەت و میدیاو دامەزراوە یاساییەکان بانگەشەی پاراستنی پیرۆزییەکانی "خاک، ئاڵا، شوناس، سەرکردە، زمان" بکەن، ناگاتە ئەو بانگەشە مەدەنییانەیەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە فۆرمێکی بێ لایەنانەو لەدەرەوەی بەرژەوەندییەکان پراکتیکی دەکەن، بەڵام تا ئێستا بە

ئاستی پێویست نەیانتوانیوە بە "پڕۆژە" کار لەسەر کایەو پرسی نەتەوەیی و نیشتیمانی بکەن.

- **ئەرکی شەشەم**

**ڕۆڵ و هەڵوێستی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەبەرامبەر (کۆمپانیا قۆرخکارەکان و میدیا نابەرپرسەکان):**

کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکی خۆیانە دەسەڵاتی(دروستکردنی فشار) بە میکانیزمی مەدەنیانە بەکار بهێنن، لە بەرامبەر ئەو دامەزراوەو کۆمپانیایانەی کە لەپێناو بەرژەوەندی یەکلایەنەی تایبەتی خۆیاندا ئاسایشی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیمان دەخەنە مەترسیەوە، کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕابردوودا نەیانتوانیوە ڕۆڵی کارا بگێڕن لە وەستاندنی کارو هەوڵی قۆرخکارانەی بەشێک لەو کۆمپانیاو دامەزراوانەی کە کاریگەریان بەسەر دۆخی ئابوری و سایکۆلۆجی کۆمەڵگەوە بەشێوەیەکی ناباش بەجێهێشتووە.

لێرەدا دوو نموونەی ئەو پێشێلکاریانە دەخەینەڕوو، کە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستیاندا لەبری وەرگرتنی (هەڵوێست)، (بێدەنگی)یان هەڵبژاردووە:

**أ- پشتگوێخستنی بەرژەوەندی گشتی لەلایەن (کۆمپانیاکانی هێڵەکانی مۆبایل):**

ساڵانە دەیان ڕووداوی (خۆکوژی، تەڵاق، هەڕەشە، ئەشکەنجەدان، هەراسانکردن، هەڵوەشاندنەوەی سەدان خێزان) ڕوودەدەن، بەهۆی بڵاوکردنەوەی دەیان هەزار هێڵی مۆبایلی (بێ مەرج و زانیاری) لەلایەن کۆمپانیاکانی مۆبایل و کۆمپانیاکانی بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی

هێڵـەکانی مۆبایـل لـە بـازاڕەکانی پارێـزگاو قـەزاو ناحیـەکانی هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام کۆمەڵـەو رێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی هیـچ هــەوڵ و هەڵوێســتێکی کاریگــەرو یەکلاییکەرەوەیــان نەنوانــدووە لەئاسـت ئـەم پرسـە گشـتییە گرنگـەدا، لەکاتێکـدا بەشـێکە لـە ئەرکـی مەدەنیانــەی خۆیــان.

**ب- کارکــردنی بەشــێک لەمیدیــاکان، بەبــێ لەبەرچــاو گرتنــی پرەنســیپەکانی (بەرپرســیارێتی کۆمەڵایــەتی):**

لەبەرامبـەر هەوڵـی نابەرپرسـیارانەی بەشـێک لـەو میدیایانـەی کـە تـا دێ رەوشی کۆمەڵایـەتی و ئاسـایشی سـیاسی و ئاشـتەوایی خێزانـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان دەخەنـە مەترسـیەوە، بەهـۆی (بڵاوکردنـەوەی ئــەو هــەواڵ و راپــۆرت و مانشــێت و مێزگــردو فیلــم و درامــا نێگەتیڤانــە)ی کــە تاکــەکانی کۆمەڵگــە ئاشــنا دەکــەن بــە چەندیــن تــاوانی جۆراوجــۆری کۆمەڵایــەتی و نامــۆ بــە بونیــادی کۆمەڵایــەتی کۆمەڵگـەی کوردسـتان، هەروەهـا لـە بەرامبـەر بایەخـدانی بەشـێک لـە میدیـاکان بـە گێڕانـەوەی چیرۆکـی رووداوەکانی "خۆکـوژی و کوشـتنی بـە ئەنقەسـت"، گێڕانەوەیـەک کـە جۆرێـک لـە راهێنـان و فێرکـردنی تاکـەکانی کۆمەڵگـە بـە بەکارهێنـانی رێـگاو میکانیزمـەکانی "خۆکوشـتن و کوشـتنی بەئەنقەسـت"ی هێناوەتـە ئـاراوە، بـەڵام جێگـەی پرسـیارە کـە تـا ئێسـتا کۆمەڵـەو رێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی هـەوڵ و هەڵوێسـتی مەدەنییانەیـان نەنوانـدووە لـە ئاسـتیاندا، لەکاتێکـدا ئـەم فۆرمـەی میدیـاکان پەیـڕەوی دەکـەن تـادێ ژمـارەی قوربانیـەکان زیاتـر دەکات، بەهـۆی پابەنـد نەبوونیـان بـە پرەنسـیپەکانی (بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایــەتی).

**● ئەرکی حەوتەم**

**بایەخدان بە پرۆسەی چاکسازی لە (بەندیخانەکانی پیاوان، ئافرەتان، نەوجەوانان):**

هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی چاکسازی لەناو (بەندیخانەکانی کوردستان) یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی حکومەت، بەرلەوەی ئەرکی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، بەڵام گرنگە ئۆرگانە مەدەنیەکان بۆ پاڵپشتی دامەزراوەکانی حکومەت بن بە بەشێک لە پەرەپێدانی پرۆسەی چاکسازی لەرێگەی کۆڕو سیمیناری جیاجیا لەبوارەکانی (پەرەپێدانی مرۆیی)، بەتایبەت بۆ ئەو بەندکراوانەی کە بە کاریگەی ژینگەی کۆمەڵایەتی توشی تاوانکردن هاتوون.

لەپاڵ ئەو ژمارە زۆرەی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، ساڵانە ژمارەیەکی زۆری ئەو بەندکراوانەی بەهۆی بڕیاری لێبوردنی گشتییەوە ئازاد کراون، یاخود بەهۆی تەواوکردنی ماوەی حوکمدانەکانیان هاتوونەتە دەرەوەی زیندان، جارێکی تر گەڕاونەتەوە سەر کەتن و تاوانی تری هاوشێوە، هەندێکیان تێوەگلاون لەتاوانی قورستر لەتاوانی پێشووتریان، بەشێکی گرنگی کەمتەرخەمیەکە بۆ خەمساردی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگەڕێتەوە، چونکە زۆرینەی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاوی جدیان نەناوە بۆ "دارشتنی پلانی بیناکردنەوەی کەسایەتی بەندکراوان"، لەکاتێکدا لەئەستۆگرتنی ئەم ئەرکە لەدوای دامەزراوەکانی حکومەت بەشێکە لە ئەرکی سروشتی و راستەقینەی ئەوان.

● **ئەرکی هەشتەم**

**بایەخدان بە دامەزراندنی (میدیای سەربەخۆی ڕێکخراوەیی):**

پێویستە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو دەسەڵاتی پێنجەم کار بۆ دامەزراندنی (میدیای سەربەخۆی خۆیان) بکەن، تا لەو ڕێگەیەوە کار بۆ پەرەپێدانی پڕۆسەی هۆشیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی مرۆیی، ژینگە، پەروەردە، سەروەری یاسا و... هتد بکەن، دامەزراندنی (میدیای ڕێکخراوەیی) یەکێکە لەو میکانیزمە بەهێزەی کە دەتوانرێ (متمانەی کۆمەڵگە) بۆ کارکردنی ڕێکخراوەیی بگێڕدرێتەوە.

● **ئەرکی نۆیەم**

**پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی توانای ڕۆژنامەنوسانی بواری (ئاسایشی کۆمەڵایەتی):**

لەپاڵ ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤەی زۆرینەی کایەکانی ڕاگەیاندن دەیگێڕن لەبارەی دۆسیەی ڕوداو و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە خۆیان لە چوارچێوەی دۆسیەی "ئاسایشی کۆمەڵایەتی"دا دەدۆزنەوە، لەبەرامبەردا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نە زانیویانە نە توانیویشیانە کار لەسەر پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی توانای ڕۆژنامەنووسان بکەن، لەکاتێکدا بە دەیان ناوەندو سەندیکاو ڕێکخراوی تایبەت بە پەرەپێدانی ئاستی ڕۆژنامەنووسان بەفەرمی دامەزرێنراون.

# دەروازەی دووەم

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەڕووی بەڕێوەبردنەوە

# سەرکردایەتیکردنی سەرکەوتوو لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا

سەرکردایەتیکردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئەو راستیە دەرکەوتووە کە هەر گروپ و کۆمەڵەو دامەزراوەیەک بۆ هەر مەبەستێک و لە هەر قۆناغێکدا بوبێ پێویستی بە سەرکردایەتیکردن هەبووەو هەیە، بۆیە بۆ هەر کۆمەڵەیەک سەرکردەیەک، بۆ هەر دامەزراوەیەک سەرکردەیەک، بۆ هەر کۆمەڵگەیەکیش سەرکردەیەک پێویستە.

- **پێناسە جیاوازەکان لەبارەی "سەرکردایەتیکردن":**

- هولاندر – Hollander لەبارەی سەرکردایەتیکردنەوە دەڵێ: بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو لایەن، لایەنێکیان پێی دەگوترێ "کارتێکەر" کە مومارەسەی دەسەڵاتێک دەکات بۆ ئەوەی کاریگەری

لەسـەر لایەنەکـەی تـر دروسـت بـکات و پێـی دەگوتـرێ "کارتێکـراو"، لایـەنی یەکـەم باشـترین کـردە دەخاتـەڕوو بـۆ دانـانی کاریگـەری لەسـەر ژینگەیەکـی کۆمەڵایـەتی.

- ویـری جینگـز – Gennigz پێیوایـە کـە سـەرکردایەتیکردن بریتییـە لـە پەیوەندییەکـی "ئاڵوگـۆڕ - المتبـادل" لەنێـوان تاکەکانـدا لـە چوارچێـوەی کردەیەکـی کۆمەڵایەتیـدا.

- ئـوردوای تیـد – Ordway Tead: دەڵێـت سـەرکردایەتیکردن بریتییـە لـە هێـزی دانـانی کاریگـەری لەسـەر خەڵـک، بـۆ ئـەوەی پشـتیوانیت بکـەن لـە بەدیهێنـانی ئامانجەکانتـدا.

- جیراڵـد گرینـبرگ – Jerald Greeberg، روبـرت بـارون – Robert Baron. زۆر بـە سـادەیی پێناسـەی "سـەرکردایەتیکردن"یان کـردووە، کـە دەڵێـت بریتییـە لـە گرتنەبـەری کۆمەڵێـک ڕێگـەی کاریگـەر لەلایـەن کەسـێک کـە پێیدەگوتـرێ "سـەرکردە"، لەڕێگـەی بەکارهێنـانی میکانیزمـی دوور لـە زەبروزەنـگ، لەپێنـاو بەدیهێنـانی ئـەو ئامانجـە دیاریکـراوو مەبەسـتانەی کـە لەچوارچێـوەی ڕێکخراوێکـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی یـان کۆمەڵێکـی تـردا پیـادەی دەکات.

**● سەرکردەی باڵا لەبواری بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەییدا کێیە؟**

هەریـەک لـە دانی کوکس Danny Cox و جـون هوڤـر John Hoover لـە ئەنجامـی دیراسـەکردنی ژمارەیـەک لـە ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لەبـواری بەڕێوەبردنـدا، بۆیـان دەرکەوتـووە کـە (١٠) خەسـڵەتی سـەرکردەی سـەرکەوتوو لەبـواری بەڕێوەبـردنی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی دەتوانـێ سـەرکەوتنی ئەجێنـدای ڕێکخراوەکـە مسـۆگەر بـکات:

**خەسڵەتی یەکەم، نمونەی باڵا لە پێوەرەکانی مۆڕاڵی کەسایەتی:**

هەمــوو ســەرکردەیەک دوو جــۆر ژیــانی هەیــە، یەکێکیــان "ژیــانی تایبــەتی"، دووەمیــان "ژیــانی کار"، ســەرکردەی بــاڵا نابــێ دووفاقــی لەنێوانیانــدا دروســتبکات، بەڵکــو جۆرێــک لــە نزیکــی لەنێــوان ئــەم دووجــۆر ژیانــەدا دەخوڵقێنــێ.

**خەسڵەتی دووەم، کارو پڕۆژەی باڵا:**

ســەرکردەی بــاڵا دەســت بــۆ کارو پــڕۆژەی بــاڵا دەبــات، هــەر جــۆرە کارو پڕۆژەیەکــی بــاڵاش ســەرکێشی پێویســتە، ئــەم سەرکێشــیکردنەش تەنهــا بــە ســەرکردەی بــاڵا دەکــرێ.

**خەسڵەتی سێیەم، دەستکەوت:**

ســەرکردەی بــاڵا هەمیشــە چــاوی لــە بەدەســتهێنانی دەســتکەوتی گــەورەی کارکردنــە، بەدەســتهێنانی دەســتکەوتی گــەورەش بــە دیاریکــردنی ئەولەویــەتی کارو پــڕۆژە دێتــە دی، هەمیشــە بایەخــدان بــە ئەولەویــەتی کاری گرنــگ دەســتکەوتی گرنــگ دێتــە دەســت.

**خەسڵەتی چوارەم، داهێنان لە کاردا:**

ســـەرکردەی جیـــاواز خوڵقێنـــەرە، باشـــترینەکان پەســـەند دەکات، خــەونی گــەورەی هەیــەو لەکوێــدا ئەوانیــتر نەیانتــوانی و نەیانــزانی کاری نــوێ بکــەن، ئــەو بیــر لــە داهێنــانی گــەورەو نــوێ دەکاتــەوە.

**خەسڵەتی پێنجەم، بوێری:**

جیــاوازی هەیــە لەنێــوان ســەرکردەی بڕیــاردەرو بوێــرو ســەرکردەی ترسـنۆک، سـەرکردەی بوێـر بڕیـاری بوێرانـە دەدات بـۆ هەنگاونـان بـەرەو گۆڕینــی بــارودۆخ، بەرپرســیارێتیشی هەمــوو ئەنجــام و لێکەوتەیەکــی ئــەم بڕیــارەش هەڵدەگــرێ، ســەرکردە لاوازو ترســنۆک و شــەرمنەکانیش ئەوانــەن کــە هەمیشــە دەیانــەوێ بڕیــار لەبــارەی ئــەو کارو پڕۆژانــەوە

بــدەن کــە ئاســانن و بــە ڕێگەیەکــی هێــواش و دوور لەئاســتەنگ و ســەرکێشی و سەرئێشــە دێنــە بەردەســت.

**خەســڵەتی شەشــەم، پاداشــتی گــەورە لەبەرامبــەر کارو پــڕۆژەی گــەورە:**

لەگــەڵ ئــەوەی ســەرکردەی بــاڵا پشــتیوانی مەعنــەوی لــە کاری مەترســیدارو داهێنەرانــە دەکات، پاداشــتی گــەورەش دەبەخشــێ لەبەرامبــەر کارو پــڕۆژەی گــەورەدا، ئــەم جــۆرە ســەرکردایەتیکردنە کاریگــەری دەبــێ لەســەر بەهێزکــردنی پایــەکانی خــودی ســەرکردەو خــودی دامەزراوەکــەشی.

**خەسڵەتی حەوتەم، ستراتیژ:**

ســەرکردەی بــاڵا بەبــێ روئیــای ســتراتیژی ناگاتــە ئاســتێکی جیاوازتــر لــە ســەرکردەکانی تــر، بۆیــە دەگوتــرێ بەتەنیــا بوێــری لــە دەرکــردنی بڕیــاردا ســەرکردە بــە بەهێــزی لــە لوتکــەی هەرەمــدا ناهێڵێتــەوە، ئەگــەر پێشــوەختە ســتراتیژی خــۆی دەستنیشــان نەکردبــێ.

**خەسڵەتی هەشتەم، پەرۆشی هەمیشەیی:**

ســەرکردەی بــاڵا تەنهــا بارودۆخێکــی تایبــەت، یــان پڕۆژەیەکــی دیاریکــراو وایلێنــاکات بەجدیبوونــەوە مومارەســەی دەســەڵاتی خــۆی و ســەرکردایەتی دامەزراوەکــەی بــکات و لەکوێــدا پرۆژەکــە تــەواو بــوو لەوێشــدا پێداگیربوونەکــەی لاواز ببــێ، بەڵکــو ســەرکردەی بــاڵا پەرۆشــبوونی راســتەقینەی هەیــە بــۆ ســەرکردایەتیکردنی دامەزراوەکــەی.

**خەسڵەتی نۆیەم، سەرکردەی کاریزمی:**

کاریزمایــی وەک ســەرمایەیەکی گــەورەی مەعنــەوی کــە هەندێــک جــار بەشــێوەیەکی خۆڕســک لــە کەســایەتی ســەرکردەیەکدا دەردەکــەوێ، بــەم خەســڵەتە ناوازەیــەی خــۆی دەتوانــێ ململانێــکان بەرێوەببــات،

ئـــارەزووی ئـــاژاوەو ئاژاوەگێـــڕی لەبـــار ببـــات، هەروەهـــا نابێتـــە بەشـێک لـە گرفتـەکان بەڵکـو دەبێتـە بەشـێک لـە بەڕێوەبـردن یـان چارەســـەرکردنیان.

**خەسڵەتی دەیەم، یارمەتیدانی ئەوانیتر لە پرۆسەی پەرەپێداندا:**

ســـەرکردەی راســـتەقینە تەنیـــا بایـــەخ بـــە پەرەپێـــدانی ئاســـت وتوانـــاو کارامەیـــی خـــۆی نـــادات، بەڵکـــو هەمیشـــە دەبێتـــە ســـەنتەری رەخســـاندنی زەمینەســـازی بـــۆ پێگەیانـــدنی ئـــەوانی دیکـــە، لەرێگـــەی ئاڵوگۆڕکـردنی بیـروڕا بـەڵام لـە ژینگەیەکـی ئازادانـەدا، رەخسـاندنی ئـەم زەمینەســازییە وادەکات کارمەنــدانی رێکخراوەکــە لــە قۆناغــی بەکاربــەرو فەرمانپێکــراوەوە بچنــە قۆناغــی بەرهەمهێــن و بیرکــەرەوە، هەروەهــا ئــەم جــۆرە لــە ســەرکردایەتیکردن دەبێتــە هــۆی مۆدێلێکــی بــاش بــۆ دەســـتەی بەڕێوەبەرایەتیکـــردنی دامەزراوەکـــە.

● **ئـــەو پرەنســـیپانەی کـــە نابـــێ ســـەرکردایەتی دامەزراوەیەکـــی کارگێـــڕی سازشـــیان لەســـەر بـــکات:**

لـــە کتێبـــی " ســـەرکردایەتیکردنی خەڵـــک – قیـــادە النـــاس " کـــە لەلایـــەن روبیـــرت روزیـــن – Robert Rosen و پـــۆل بـــراون Paul Brown ئامادەکـــراوە، هەشـــت خاڵیـــان وەک پرەنســـیپ بـــۆ ســـەرکردایەتیکردنی دامەزراوەیەکـــی کارگێـــڕی ســـەرکەوتوو دیاریکـــردووە، لەوانـــە:

١. متمانە بە خۆبوون و متمانە بە ئەوانی دیکە.

٢. رێزگرتن لە جیاوازیەکان و سودلێوەرگرتنیان.

٣. خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی.

٤. جدی بوون لە کاردا.

٥. پەرەپێـــدانی بیرۆکـــەی داهێنانەرانـــە لەســـەر ئاســـتی تـــاک و

ڕێکخراوەکـــە.

٦. زەمینەسازی بۆ پڕۆسەی خوێندن و ڕاهێنان.

٧. بەشـــداریپێکردنی ســـەرکردە ئیدارییـــەکان لـــە پێشخســـتنی کاری ڕێکخراوەکـــەدا.

٨. توانـــای هێنانەکایـــەی ڕوئیـــای هاوبـــەشی هەبـــێ لەگـــەڵ ئـــەوانی تـــردا.

**● جیـــاوازی ســـەرکردایەتیکردنی ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی لەگـــەڵ دامـــەزراوەکانی حکومـــەت و کـــەرتی تایبـــەت لـــە پێنـــج خاڵـــی ســـەرەکیدا:**

لەگـــەڵ ئـــەوەی کـــە هەرســـێ بـــواری (ڕێکخراوەیـــی و کـــەرتی گشـــتی و کـــەرتی تایبـــەت) خاڵـــی هاوبـــەشی زۆریـــان هەیـــە لـــە خەســـڵەتەکانی ئـــەو کەســـەی وەک ســـەرکردە ســـەرکردایەتی دامەزراوەیـــەک دەکات، بـــەڵام پێنـــج خاڵـــی جیاکـــەرەوەی ســـەرەکی هەیـــە کـــە ســـەرکردایەتیکردنی ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی جیادەکاتـــەوە لـــە ســـەرکردایەتیکردنی کـــەرتی گشـــتی و کـــەرتی تایبـــەت، ئـــەم پێنـــج جیاوازیـــەش بریتییـــن لـــە:

یەکـــەم: ســـەرکردایەتییەکانی ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی ناتوانـــن بڕیـــاری فەرمـــی لەســـەر حکومـــەت و دەوڵـــەت دەربکـــەن.

دووەم: ئـــەوەی دەســـەلاتەکانی تـــر ناتـــوان ئەنجامـــی بـــدەن ڕێکخـــراوەکانی کۆمەلگـــەی مـــەدەنی زەمینـــەی گونجاوتریـــان بـــۆ دەرەخســـێ لـــە جێبەجێکردنیـــدا.

ســـێیەم: ســـەرکردایەتییەکانی ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی هەمیشـــە لەپێنـــاو بەرژەوەنـــدی کۆمەڵگـــەوە کارو پـــڕۆژەکان جێبەجێدەکـــەن.

چـــوارەم: ســـەرکردایەتییەکانی رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی هەمیشـــە بایـــەخ بـــە بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی هۆشـــیاری کۆمەڵگـــەو بەهێزکـــردنی ئیـــرادەی کۆمەڵگـــە دەدەن.

پێنجـــەم: بەشـــداریکردن لـــە چارەســـەری گرفتـــەکانی ژیـــانی گشـــتی یەکێکـــی تـــرە لـــە خواســـتی ســـەرکردایەتییەکانی رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی.

ئـــەم پێنـــج خاڵـــەی ســـەرەوە لـــە کـــەرتی گشـــتی و کـــەرتی تایبەتـــدا بـــە جۆرێکـــی تـــر مامەڵەیـــان لەگـــەڵ دەکـــرێ، واتـــە راســـتە کـــەرتی گشـــتی و کـــەرتی تایبـــەت بەرژەوەنـــدی هاوبەشـــیان لەگـــەڵ کۆمەڵگـــە هەیـــە، بـــەڵام بەپێچەوانـــەی رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی وەک چـــۆن ئامـــادەن "ببەخشـــن" لەبەرامبـــەردا چاویـــان لـــە "وەرگرتـــن" و ســـودوەرگرتن لـــە کۆمەڵگەشـــە.

- **جـــۆرەکانی ســـەرکردایەتیکردن لـــە رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنیـــدا:**

**١. سەرکردایەتیکردنی ئیجرائی:**

ئـــەم جـــۆرە لـــە ســـەرکردایەتیکردنی رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی پشـــت دەبەســـتێ بـــە کارکـــردنی پێکەوەیـــی، بۆیـــە لـــەم جۆرەیانـــدا هـــەم ســـەرکەوتنی رێکخراوەکـــە بـــۆ هەمووانـــە هـــەم شکســـتی رێکخراوەکـــەش دەکەوێتـــە ئەســـتۆی هەمـــووان، هەروەهـــا یەکێکـــی تـــر لـــە خەســـڵەتەکانی ئـــەم جـــۆرە ســـەرکردایەتیکردنە بریتییـــە لـــە ئاڵوگـــۆڕی بەرژەوەنـــدی لەنێـــوان ســـەرکردەو ســـەرکردایەتیدا، واتـــە ســـەرکردایەتی دەنگـــی خۆیـــان دەبەخشـــن بـــە یەکێـــک کـــە وەك ســـەرکردە بەربژێـــر دەکـــرێ، لەبەرامبـــەردا پێشـــبینی و چاوەڕوانییـــان هەیـــە لـــە دیاربـــوونی جێپەنجـــەی

کـەسی هەڵبژێـردراو، واتــە لـەم جۆرەیانــدا بەربژێرکــردن لەپێنــاو پلــەو پایـەدا نیـە بەتەنیـا، بەڵکـو لەپێنـاو ڕۆڵ بینینـی کارەکتـەری سـەرکردەی ڕێکخراوەکەدایــە لــە جــۆرو فۆرمــی بەهێزکــردنی ڕێکخراوەکـەدا.

**٢. سەرکردایەتی ریفۆرمخواز:**

لـــەم جۆرەیانـــدا دەســـتەی ســـەرکردایەتی ڕێکخراوەکـــە وەک دەســـتەیەکی ریفۆرمخـــواز کاروبـــاری ڕێکخراوەکـــە بەڕێـــوە دەبـــەن، سـەرکردەی ڕێکخراوەکـەش بـەردەوام پشـت بـە روئیـای نـوێ و پـڕۆژەی نــوێ دەبەســتێ بــۆ بەرزکردنــەوەی ئاســتی پێشخســتنی ڕێکخراوەکــە.

لـــەم جـــۆرە ســـەرکردایەتیکردنەدا ســـەرکردەی ڕێکخراوەکـــە وەک کارەکتەرێکـی هەلپەرسـتی بەرژەوەندخـواز دەرناکـەوێ، بەڵکـو زێدەتـر وەک کارەکتەرێکـــی ڕەمـــزی لەڕێگـــەی پەنابـــردن بـــۆ ســـەرچاوەکانی بەهێزکـــردنی ڕێکخراوەکـــە دەردەکـــەوێ.

**٣. بەڕێوەبردنی جۆری:**

ئـەم جـۆرە لەسـەرکردایەتیکردنی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە غیـابی کەسـانی خۆبەخـش و کارمەنـدی بەتوانـا، پشـت بـە کەمتریـن ژمـارەی کارمەنـد دەبەسـتێ لـە بەڕێوەبـردنی ڕێکخراوەییـدا، ئـەم جـۆرە بەڕێوەبردنــە ئەوەنــدەی پێویســتی بــە دەســتەیەکی کارگێــڕی بەتوانــا هەیـە ئەوەنـدە پێویسـتی بـە سـەرکردەو سـەرکردایەتییەکی بەتوانـا نیـە، بەشـێوەیەکی گشـتی زێدەتـر دووجۆرەکـەی تـری سـەرکردایەتیکردن لـە ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی باوتـــرن وەک لـــە جـــۆری ســـێیەم، بــەڵام بــۆ دروســتکردنی ڕێکخراوێکــی بەهێــزو پیشــەیی پێویســتمان بــە جـۆری سـێیەمی بەڕێوەبـردن هەیـە، لەجـۆری سـێیەمدا دابەشـکاری لـە ئــەرک و کارو ڕێگەگرتــن لــە قۆرخــکاری لــەرووی دەســەڵات و دارایــی دێتــە کایــەوە.

**● ئـەو تایبەتمەندیانـە کامانـەن کـە دەسـەڵات و ئەرکـەکانی "بەڕێوەبـەر" لـە دەسـەڵات و ئەرکـەکانی "سـەرکردە" جیادەکاتـەوە؟**

■ پەیوەنـدی "بەڕێوەبـەر" لەگەڵـی تیمـی کارەکـەی یـان فەرمانبەرەکانـی لەسـەر بنەمـای فەرمانکـردن و دەرکردنـی ڕێنماییـە، بەبـێ ئـەوەی ڕێگـە بـدات بەهیـچ یەکێـک لـە فەرمانبەرەکانـی گفتۆگـۆی لەگـەڵ بکـەن یـان ئازادانـە ڕای خۆیـان دەرببـڕن، بـەڵام "سـەرکردە" پەیوەنـدی لەگـەڵ تیمەکـەی لەسـەر بنەمـای لێکتێگەیشـتن و ڕاگۆڕینـەوە و گفتوگـۆ کردنـە.

■ "بەڕێوەبـەر" هەمـوو کاروبـارەکان بەشـێوەیەک ئاراسـتە دەکات کـە بەرژەوەندییـە تایبەتەکانـی خـۆی بپارێزێـت، بـەڵام "سـەرکردە" پێـش ئـەوەی بیـر لـە بەرژەوەندیـە تایبەتەکانـی خـۆی بکاتـەوە بەرژەوەنـدی گشـتی لەبەرچـاو دەگرێـت.

■ "بەڕێوەبـەر" زۆربەیجـار لەگـەڵ ژینگـەی دەورووبـەری خـۆی دەگونجێنـێ و چاوەڕێـی دەرفەتـی باشـتر دەکات بۆیـە ڕوبـەڕوی بارودۆخـەکان نابێتـەوە، بـەڵام "سـەرکردە" ڕوبـەڕووی ئـەو بارودۆخـە قورسـانە دەبێتـەوە کـە دێنـە سـەر ڕێگـەی و بـەدوای چارەسـەری گونجـاودا دەگەڕێـت بـۆ دەرچـون و بەدەسـتهێنانی باشـترین ئەنجـام بـۆ تیمەکـەی.

■ "بەڕێوەبـەر" هـەوڵ بـۆ بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتە تایبەتەکانـی خـۆی دەدات، هەروەهـا بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی ئـەو کەسـانەی کـە لـە پلـەی دەسـەڵاتدا لـە سـەروی خۆیـەوەن لـە پێنـاو مانـەوەی لـە پۆسـتەکەی و بەرزکردنـەوەی پلەکـەی، بـەڵام "سـەرکردە" هەرگیـز سـەرکردایەتیکردنی تیمەکـەی ناکاتـە پاسـاوێک بـۆ بەدەسـتهێنانی پلـە و پۆسـتی بەرزتـر و دەسـتکەوتی تایبەتـی، بەڵکـو لەگـەڵ تیمەکـەی

هـــەوڵ بـــۆ بەدەســـتهێنانی باشـــترین ئەنجامـــی هاوبـــەش دەدات بـــۆ هەمـــوان.

■ "بەڕێوەبـــەر" دوای ئـــەوەی گـــوێ لـــە تیمەکـــەی دەگرێـــت، بەجۆرێـــک ڕای خـــۆی دەردەبـــڕێ کـــە دووره لـــە هەقیقەتـــەوە.

■ بـــەڵام "ســـەرکردە" کاتێـــک گـــوێ لـــە ڕای تیمەکـــەی دەگرێـــت بـــە شـــێوەیەکی نزیـــک لـــە بیروبۆچونـــی ئـــەوان ڕای خـــۆی دەردەبڕێـــت.

■ "بەڕێوەبـــەر" گرنگـــی بـــە جێبەجێکردنـــی ڕێنماییـــەکان وەک خـــۆی و لەشـــوێنی خـــۆی دەدات، بـــەڵام "ســـەرکردە" زیاتـــر گرنگـــی بـــە داهێنـــان و پەرەپێـــدان و نوێگـــەری دەدات بـــۆ بەدیهینـــانی ئامانجـــی دوورتـــر.

■ "بەڕێوەبـــەر" بایەخـــی زۆر بـــە چاودێریکـــردنی فەرمانبـــەرەکانی دەدات و بەپێـــی یاســـاو رێنمایـــی مامەڵەیـــان لەگـــەڵ دەکات، بـــەڵام "ســـەرکردە" زێتـــدەر "داهێنـــان"ی لا گرنگـــە.

■ "بەڕێوەبـــەر" لەســـەر بنەمـــای پرســـیارەکانی "چـــۆن و کـــەی؟" وەڵام لـــە فەرمانبـــەرەکانی وەردەگـــرێ، بـــەڵام "ســـەرکردە" لەســـەر بنەمـــای پرســـیارەکانی "چـــی و چـــۆن؟" وەڵام لـــە کارمەنـــدەکانی وەردەگـــرێ.

■ "بەڕێوەبـــەر" بەپێـــی خشـــتەو کات و رۆژ پلانـــەکانی لەگـــەڵ فەرمانبـــەرەکانی جێبەجێـــدەکات، بـــەڵام "ســـەرکردە" زێدەتـــر بایـــەخ بـــە دروســـتکردنی "متمانـــە" دەدات لەگـــەڵ کارمەندەکانیـــدا.

■ "بەڕێوەبـــەر" ئـــەرک و بەپرســـیارێتییەکان بەپێـــی پســـپۆری دابـــەش دەکات، بـــەڵام "ســـەرکردە" زێدەتـــر بایـــەخ بـــە کاری هاوبـــەش و گرووپبەنـــدی دەدات لەنێـــوان یەکتریـــدا.

# "خۆبەخشی - Voluntary "
# لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا:

کـــردەی " خۆبەخـــشی - Voluntary " جۆرێکـــە لـــە مومارەســـەی پرۆســـەی دێمۆکـــراسی، چونکـــە تـــاک بەتەنیـــا یـــان لەگـــەڵ کەســـانێکی تـــردا بەفۆرمێکـــی (ئارەزوومەندانـــە) بەشـــداری دەکات لـــە جوڵـــەو پراکتیککـــردنی پرۆگـــرام و پەیـــڕەوی کاری رێکخراوێـــک یـــان چەنـــد رێکخراوێکـــی مەدەنیـــدا، کـــردەی "خۆبەخـــشی " وەک بەشـــێک لـــە پێداویســـتییە مرۆییـــەکان لەسەرتاســـەری دنیـــا مامەڵـــەی لەگـــەڵ دەکـــرێ، هەربۆیـــە لـــە ٢٠ی نۆڤەمبـــەری ســـاڵی ١٩٩٧ کۆمەڵـــەی گشـــتی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان رۆژی ٥ ی دیســـەمبەری هەمـــوو ســـاڵێکی وەک "رۆژی جیهـــانی خۆبەخشـــەکان" دەستنیشـــان کـــردووە.

کۆمەڵێـــک پێناســـەی جیـــاواز بـــۆ کـــردەی "خۆبەخـــشی" کـــراوە، بـــە گرنگـــی دەزانیـــن بـــۆ تێگەیشـــتن لێـــی چەنـــد پێناســـەیەک لەبـــارەی ئـــەو چەمکـــەوە بخەینـــە بـــەر دیـــد:

- خۆبـەشی لـە دیـدی "Patricia"وا دەناسـێنرێ بریتییـە لـە بەخشـینی توانـــای مـــرۆڤ بـــە شـــێوازێکی ئارەزوومەندانـــەو بەبـــێ بەرامبـــەر، لەڕێگــەی بەشــداریکردنی لــە جێبەجێکــردنی ئەجێنــداو پێشکەشــکردنی خزمەتگــوزاری لــە ڕێکخراویکــی مەدەنیــدا، یاخــود لــە دامەزراوەیەکــی حکومیــدا.

- هەروەهــا چەمکــی "خۆبەخــشی" لــە پێناســەیەکی تــردا وردتــر کراوەتــەوەو تێیــدا هاتــووە کــە:

"خۆبەخـشی" بـە مانـای قوربانیـدان دێـت بـە کات و بـە توانـا و بـە مـاڵ و دارایـی لەلایـەن کـەسی خۆبەخشـەوە، بەبـێ ئـەوەی چـاوی لـە قەرەبووکردنـەوەو دەسـتکەوتی مـاددی بـێ.

- "أمانـی قندیـل" کـە یەکێکـە لـە پسـپۆڕەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی و لەســەر ئاســتی وڵاتــانی عــەرەبی ناوێکــی دیــاری هەیــە، لەبــارەی کــەسی "خۆبــەش – المتطــوع " وایدەبینــێ کــە:

خۆبەخشــەکان بریتیــین لــە ئەندامــانی ڕێکخــراوی مــەدەنی، هــەرکات بیانـــەوێ دەڕۆن و نامێننـــەوە، لەگـــەڵ ئـــەوەی کـــە بەشـــێوەیەکی ئارەزوومەندانـــەو وەک ئەرکێکـــی کۆمەڵایـــەتی کات و توانـــاو ســـامانی خۆیــان پێشــکەش دەکــەن، دەشــیانەوێ ســوود لــە ئەزمــوونی شــارەزاو لێــزان و ئەزموونــدارەکان لــە ڕێکخراوەکــەدا وەربگــرن،

**● ئامانجەکانی خۆبەشی:**

لەوانەیــە هــەر خۆبەخشــێک ئامانجێــک یــان چەنــد ئامانجێــک رایبکیشــێ تـا کاری خۆبەخـشی لـە ڕێکخراوێکـی مەدەنیـدا ئەنجامبـدات، لەوانەشــە ئامانجــی هیــچ یەکێــک لەخۆبەخشــەکان لــە ئامانجــی خۆبەخشـێکی دیکـەوە نزیـک نەبـێ، بـەڵام لێـرەدا بـاسی ئـەو بایەخـە

دروســت و گرنگانــە دەکەیــن کــە پێویســتە خۆبەخشــەکان لەبەرچــاوی بگــرن:

▪ خۆبەخــشی یەکێــک لــە ئامانجــەکانی بریتییــە لــە شــکاندنی دیــواری "گۆشــەگیری"، وادەکات جۆرێــک لــە تێکەڵاوبــون و کارلێکــی کۆمەڵایــەتی لەگــەڵ ئــەوانی تــردا دروســتبکات.

▪ لــە دەســتپێکردنی کاری خۆبەخشــییەوە "ئەزمــوون" و "پەرەپێــدانی توانــا مرۆییــەکان" دروســتدەبێ.

▪ خۆبەخشـــەکان ڕۆڵێکـــی بـــاش دەبینـــن لـــە "سەرخســـتن و بەهێزکــردن"ی ئــەو دامەزراوەیــەی کــە کات و توانــای خۆیــانی تێــدا دەبەخشـــن.

▪ خۆبەخشــەکان بــە کــردەی خۆبەخــشی وەک یەکێــک لــە مۆدیلــە مەدەنییــەکان "ســیمایەکی جــوان دەبەخشــن" بــە کاری ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی.

▪ لەگــەڵ ئامادەیــی هــەر خۆبەخشــێک بــۆ بەشــداری کــردن لــە کاری خۆبەشــیدا وادەکات هێــواش هێــواش "خۆبەخشــیتر ڕابکێشــێ"، زیادبــوونی ژمــارەی خۆبەخشــەکانیش لــە خۆبەخشــێکەوە دەســتیپێکردووە.

▪ خۆبەخــشی وادەکات "ئینتیــما بــۆ نەتــەوەو نیشــتیمان" زیاتــر ببــێ، چونکــە ئاماژەیەکــە بــۆ خۆشویســتنی وڵات و نەتــەوە.

● **جۆرەکانی خۆبەخشی:**

خۆبەخشی دابەش دەبێ بەسەر شەش جۆری سەرەکیدا:

١. خۆبەخشی بە بەخشینی "کات".

٢. خۆبەخشی بە بەخشینی "توانای جەستەیی".

٣. خۆبەخشی بە بەخشینی "پارەو سامان ".

٤. خۆبەخشی بە بەخشینی "زانیاری".

٥. خۆبەخشی بە بەخشینی "ڕاوێژکاری".

٦. خۆبەخشی بە بەخشینی "تواناو ئەزموونی زانستی".

لەناو ئەم شەش جۆرەدا چەند فۆرمێک لە خۆبەخشی هەیە کە هەر تاکێکی کۆمەڵگە دەتوانێ لەدەرەوەی ئۆرگانە مەدەنییەکانیش پراکتیزەیان بکات، لەوانە:

- کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوەکان.
- سەردانیکردنی نەخۆش.
- هاوکاریکردنی بەساڵاچووان.
- لەبەرچاوگرتنی دۆخی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
- وانە گوتنەوە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.
- بەخشینی تواناو ئەزموون بۆ ئەوانەی پێویستیان پێتە.
- بەشداریکردنی لە پرۆسەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و نزیککردنەوەی ناکۆکەکان.
- پیشکەشکردنی وانەو ڕاهێنان بە چین و توێژەکان بەبێ بەرامبەر.
- بەشداریکردنی لە پرۆگرامە میدیاییەکان و هەڵمەتەکانی هۆشیاری یاسایی و کۆمەڵایەتی.
- بەشداریکردن لەچالاکییە مەدەنییەکان.

**● حەوت مەرجی بنەڕەتی کە پێویستە لە "خۆبەخش"دا هەبێ:**

١. ڕێزگرتن لە خەڵک و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و ئارەزووکردن بۆ یارمەتیدانی خەڵک.

٢. خۆبەخش دەبێ لەڕووی ئەقڵەوە گەشەی کردبێ و بتوانێ

کۆنترۆڵـی هەڵچوونـەکانی بـکات لـەکاتی کارکـردن لەگـەڵ ئـەوانی تـردا.

٣. سـینگی فـراوان بـێ و بـە بیرکردنەوەیەکـی دیمۆکراسـیانە مامەڵـە لەگـەڵ کارەکەیـدا بـکات.

٤. توانـــای هەڵگرتنـــی بەرپرســـیارێتی هەبـــێ و بـــە متمانـــە بەخۆبوونـەوە لەچوارچێـوەی سـنووری هێـزو وزەی خۆیـدا دەسـت بـۆ ئـەو کارە ببـات کـە پێـی دەسـپێردرێ.

٥. کەسـایەتی و رەوشـتی خـۆی بپارێـزێ و نەبێتـە مایـەی مەتـرسی و بێزارکـردنی ئـەوانی تـر.

٦. لـەکاتی پێویسـتدا ئامادەیـی تێدابـێ کاتـەکانی خـۆی ببەخشـێ بـۆ ئـەو کارەی کـە دێتـە پێـش و پێـی دەسـپێرن.

٧. خۆبەخـش تەنهـا لەپێنـاوی بەخشـیندا نابـێ کاری خۆبەخـشی بـکات، بەڵکـو دەبـێ لـەم مـاوە کاتییـەدا زۆرتریـن ئەزمـوون کەڵەکـە بـکات لەکەسـانی ئەزمونـداری دیکـەوە.

● **میکانیزمەکانی وەرگرتنی خۆبەخشەکان:**

نابــێ وەرگرتنــی خۆبەخــش بەتەنهــا بــە کاریگــەری پەیوەنــدی کۆمەڵایــەتی و خزمایــەتی و حزبایــەتی و هاوشــارێتی و هاوئایینــی و هاومەزهــەبی قبوڵــی وەرگرتنــی کاری خۆبەخــشی بکــرێ، چونکــە کاری خۆبەخـشی باشـترین سـەرەتایە بـۆ بیناکـردنی توانـای مرۆیـی و دروســتکردنی فۆرمــی کەســایەتی خۆبەخــش.

بۆیــە چــوار میکانیزمــی ســەرەکی دیاریکــراوە بــۆ وەرگرتنــی خۆبەخــش، ئەوانیــش:

**یەکەم، چاوپێکەوتنی کەسی - راستەوخۆ:**

چاوپێکەوتنــی راســتەوخۆ یەکێکــە لــەو میکانیزمــە باشــانەی کــە

دەتوانــێ هــەم جۆرێــک لــە "کارلێکــی کۆمەڵایــەتی" لەنێــوان هــەردوو لایــەن دروســت بــکات، هەمیــش دەتوانــێ "بایــەخ و گرنگــی و پێویســتی کــردەی خۆبەخــشی و کاری ئــۆرگانی مەدەنیــش" بــۆ کــەسی خۆبەخــش شــیبکاتەوە، بەشــێوەیەکی گشــتیش زۆربــەی جــاران پرســە جۆربەجــۆرەکان بــە یــەک چاوپێکەوتنــی راســتەوخۆ لەگــەڵ یەکتریــدا بەلایەکــدا دەکــەون و بــە هەڵــواسراوی نامێننــەوە.

**دووەم، پڕکردنەوەی فۆرمی زانیاری و دیاریکردنی مەرجەکان:**

فۆرمــی زانیــاری و دیاریکــردنی مەرجــەکان وەک کۆنتراکتێکــی نێــوان خۆبەخــش و ئــەو رێکخــراوە وایــە کــە بڕیاروایــە بەیەکــەوە کاری خۆبەخــشی بکــەن، کــە گرنگــە ئــەم زانیارییانــە لــەم فۆرمــەدا هەبــن:

"نــاوی چــواری خۆبەخــش، رێکــەوت، مێــژووی لەدایکبــوون، تەلەفــۆن، ناونیشــانی نیشــتەجێبوون، بڕوانامــەکانی ئەگــەر هەیبــوو، کاری ئێســتای، ئــەو لایەنــەی ئیــشی لــەلادەکات، بــواری شــارەزایی خۆبەخــش، ئــەو چالاکــی و بــوارەی کــە حــەزدەکات کاری تێــدا بــکات، کاتی گونجــاوی خۆبەخــش بــۆ کارکــردن، رۆژی گونجــاوی کارکــردنی خۆبەخــش، ئەزمــوونی رابــردووی خۆبــەش. . . هتــد"

جگــە لــەو مــەرج و بەخشــینانەش کــە رێکخراوەکــە بــە گرنگــی دەزانــێ بــۆ خۆبەخــش دیاریبــکات.

**سێیەم، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کەسی خۆبەخش:**

لەوانەیــە بەتەنهــا چاوپێکەوتنــی راســتەوخۆی خۆبەخــش یــان پڕکردنــەوەی فۆرمــی زانیــاری لەبــارەی کــەسی خۆبەخــش بــەس نەبــێ بــۆ ئــەوەی خۆبەخشــێکی کامــڵ و بــێ گرفــت و گونجاومــان بــۆ یەکلایــی بکاتــەوە تــا ببێتــە بەشــێک لــە رێکخــراو، ســەرەڕای ئــەم دوو قۆناغــەی ســەرەوە، گرنگــەی دەســتبکرێ بــە کۆکردنــەوەی زانیــاری لەبــارەی

رابــردووی کــەسی خۆبــەش لەڕێگــەی کەســانی دیکــەوە کــە ئــاگاداری ژیــان و ژینگــەی دوێنێــی کــەسی خۆبەخــش بــوون، ئــەم قۆناغــە دڵنیایــی زیاترمــان لەبــارەی کەســایەتی خۆبەخــش دەداتــێ، بەشــێک لــە بۆچوونــەکان لەبــارەی ئــەم قۆناغــەوە پێماندەڵــێ کــە گرنگــە دڵنیابنــەوە لەلایــەنی تەندروســتی و لایــەنی دەروونی کــەسی خۆبەخــش، بۆئــەوەی لــە کاتی کارکــردن لەگــەڵ ئــەوانی تــردا نەبێتــە مایــەی مەتــرسی و ئاســتەنگ بــۆ ســەر هــاوکارەکانی خــودی ڕێکخراوەکــە.

**چوارەم، تاقیکردنەوە:**

قۆناغــی چوارەمــی وەرگرتنــی خۆبەخــش بریتییــە لــە بەکارهێنــانی تاقیکردنــەوەی توانــاکانی خۆبەخــش، واتــە لــە چ بوارێکــدا شــارەزایی هەبــێ لەوبــوارەدا تاقیکردنــەوەی پێبکــرێ و لــەو بوارەشــدا هەوڵبــدرێ بایــەخ بــە پەرەپێــدانی توانــاکانی بــدرێ، تــا دواتــر ڕێکخراوەکــەش هــەر لــەو کایــەو بــوارەی خۆیــدا ســودی لێوەربگــرێ.

● **بەربەستەکانی کاری خۆبەخشی:**

لــە هەرێمــی کوردســتاندا کاری خۆبــەشی لەئاســتێکی نزمــدا دەبیــنرێ، واتــە کاری خۆبەخــشی نەبۆتــە مۆدێلێکــی گشــتی لــە کاری ڕێکخــراوە مەدەنییەکانــدا، لێــردا بەشــێک لــە فاکتــەرەکانی دەخەینــە بەردیــد:

▪ لاوازی هۆشــیاری ســەرتاپاگیری کۆمەڵایــەتی لەبــارەی کاری خۆبەخــشی.

▪ دامــەزراوەکانی وەک "خێــزان، قوتابخانــە، پەیمانگــەو زانکــۆ، میدیــا، ئــۆرگانی مــەدەنی، مزگــەوت و کڵێســاو پــارتی ســیاسی" نەیانتوانیــوە کاری خۆبەخــشی لای کۆمەڵگــە خۆشەویســت بکــەن.

▪ هەژمــونی بەرژەوەندییــە مادیییــەکان وایکــردووە زۆرینــەی

کۆمەڵگـە بیـر لـە کاری خۆبەخـشی نەکەنـەوە، واتـە زۆرینـە کۆمەڵگـە وابیردەکەنـەوە کـە پێویسـتە لەبەرامبـەر هـەر کارێـک بڕێـک پـارە تەرخـان بکـرێ، ئـەم پرەنسـیپەش تاڕادەیەکـی زۆر لەگـەڵ کارو ئەرکـی خۆبەخشـیدا یـەک ناگرێتـەوە.

■ خـودی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مەدەنیـش نەیانتوانیـوە بایـەخ بـە کاری خۆبەخـشی بـدەن، جـا یـان نەیانتوانیـوە یاخـود نەیانزانیـوە ئـەم بەشـە کرنگـە لـە ئەرکـی ڕێکخراوەیـی بـۆ کۆمەڵگـە شـیبکەنەوە.

■ لاوازی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لـە هونـەرەکانی ڕاکێشـان و بەڕێوەبـردن و پاشـان بەردەوامبـوون و مانـەوەی خۆبەخشـەکان لەگەڵیانـدا.

■ نەبـوونی سـەرچاوەی زانسـتی بەزمـانی کـوردی لەبـارەی خۆبەخـشی و ئـەرک و بایـەخ و دەسـتپێکردن و مانـەوەو بەردەوامبـوون و پەرەسـەندنی کاری خۆبەخـشی.

● **چی بکرێ بە پەرەپێدانی کاری خۆبەخشی:**

■ کردنـەوەی سـەنتەری ڕاهێنـانی تایبـەت بـە کاری خۆبەخـشی، لـە ڕێگـەی ئـەم سـەنتەرەوە ئارەزوومەنـدانی کاری خۆبەخـشی ئامـادە بکرێـن.

■ پێویسـتە لەنـاو هـەر ڕێکخراوێکـی کۆمەڵگـەی مەدەنیـدا بەشـێکی تایبـەت بـە کاری خۆبەخـشی بکرێتـەوە، تـا لەڕێگـەی ئـەم بەشـەوە تـەواوی ئـەو کەسـانەی لـە ڕێکخراوەکـەدا کاردەکـەن لـە بایەخـی کاری خۆبەخـشی تێبگـەن و پـەرەی پێبـدەن.

■ ریکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی میدیـاکان بەکاربێنـن تـا لەوێـوە بانگـەواز بکـەن بـۆ ڕاکێشـانی ئـەو کەسـانەی کـە ئـارەزووی کاری خۆبەخـشی دەکـەن.

# تۆڕبەندی - التشبیک - Networking لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا چەمکی "تۆڕبەندی" زیاتر پەرەی پێدرا، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی بەسەر کۆمەڵگەکان و پێداویستییەکاندا هاتووە، ئەم چەمکەش زێدەتر لە سەرئاستی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆتە جێی بایەخی کۆمەڵگەکان، واتە چەمکێکە "ئۆرگانە مەدەنییەکان خاوەندارێتی دەکەن"، لەکاتێکدا دامەزراوەکانی دیکە کەمتر بایەخیان بە چەمکی تۆڕبەندی داوە.

رەنگە بەشێکی ئەم بایەخپێدانە پەیوەندی هەبێ بەیەکێک لە پرەنسیپە گرنگەکانی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە پرەنسیپی "قازانجنەویستی"یە لە ئەجێندای ئۆرگانی مەدەنیدا، لەبەرئەوەی کاری تۆڕبەندیش لەپێناو قازانجیماددیدا دروست نابێ و رێکخراوی مەدەنیش لەبنەڕەتدا بۆ دەستکەوتنی قازانجی ماددی

دانامەزرێـت، بـەڵام چەمکـی تۆڕبەنـدی بۆتـە شـوناسی ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی.

هەندێـک جـار لەسـەر ئاسـتی دامـەزراوە ئەکادیمییـەکان، میدیـاکان، دامـەزراوە حکومییەکانیـش لەچوارچێوەیەکـی سـنوورداردا پێکدەهێنرێـن.

Barker– بارکـەر یەکێـک لـە بایەخپێـدەرانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی ئـاوا کاری "تۆڕبەنـدی" دەناسـێنی کـە:

ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی خـاوەنی سـەرمایەیەکی کەڵەکەبـووی خۆیانـن، هـەر لـەو کاتـەوەی کـە دەچنـە نـاو بازنـەی تۆڕێکـی هاوبەشـەوە، لەوێـوە دەسـتدەکەن بـە ئاڵوگۆڕکـردنی ئەزمـوون و سـەرمایەی مەعنـەوی و مەعریفـەو زانیارییـەکان لەگـەڵ یەکتریـدا.

هەروەهـا لـە ناسـاندنێکی تـردا هاتـووە کـە تۆڕبەنـدی بەتایبـەتی لەبـوارەکانی مافـەکانی ئافـرەت، لایـەنی ژینگەیـی، زانسـتی، تەندروسـتی، پرسـە نەتەوەییـەکان، دەتوانـێ کاریگەرییـەکانی زیاتـر بـێ لەسـەر لایەنـە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان، چونکـە ئـەوەی دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری ناتوانـن بیکـەن دەسـەڵاتی پێنجـەم کـە "ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مەدەنـی"ن دەتوانـن بەتایبـەت لەبـواری پرسـە نەتەوەییـەکان و پرسـە هەرێمییـەکان بـە میکانیزمـی مەدەنییانـە بەئەنجامـی بگەیەنـن.

● **بایەخی "تۆڕبەندی" لەچەند خاڵێکدا:**

▪ کاری تۆڕبەنـدی میکانیزمێکـی بەهێـزە بـۆ بیناکـردنی پەیوەندییەکـی بـاش لەنێـوان ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی.

▪ کاری تۆڕبەنـدی وادەکات هێـزی خواسـت و فشـاری ڕێکخـراوەکان زیاتـر بـێ بۆسـەر دەسـەڵاتەکانی تـر، زۆرجـار بـەم پێکەوەبوونـە دەتوانـن

بڕیـاری گرنـگ بـە دەسـەڵاتەکان دەربکـەن، هەندێـک جاریـش ڕێنمایـی و بڕیارەکانیـان پـێ هەڵبوەشـێننەوە.

■ کاری تۆڕبەنـدی سـیمایەکی جـوان دەبەخشـێ بـە کۆمەڵگـەی مـەدەنی، چونکـە بەیەکێـک لـە ئەرکـە گرنگـەکانی ڕێکخراوەیـی دادەنرێـت.

■ کاری تۆڕبەنـدی دەبێتـە یارمەتیدەرێکـی بـاش بـۆ مسـۆگەرکردنی مافـەکانی کۆمەڵگـە، چونکـە دەتوانـن لەڕێگـەی تۆڕەکانـەوە دەنـگ و خواسـت و داواکارییـەکانی کۆمەڵگـەی بـە "هێـز"ەوە بگەیەنـن بـە دەسـەڵاتەکانی "یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری و میدیـاکان".

■ کاری تۆڕبەنـدی وادەکات "ڕەنگـی جیـاواز، دەنگـی جیـاواز، ئاییـن و ئایینـزای جیـاواز، لایەنگـرانی پـارتی سـیاسی جیـاواز، ئایدیۆلۆجیـای جیـاواز، ناوچـەو کەلتـوورو نەتـەوەی جیـاواز" بەیەکـەوە کۆبکاتـەوەو ئاشـنایان بـکات لەگـەڵ جیاوازییـەکانی یەکتریـدا.

● **جۆرەکانی "تۆڕبەندی":**

لەگـەڵ ئـەوەی کـە لەپێنـاو یـەک پـرسی دیاریکـراودا هەندێـک جـار تۆڕێکـی ڕێکخراوەیـی پێکدەهێـنرێ، یاخـود لەپێنـاو چەنـد ئامانجێکـی لۆکاڵـی تـۆڕی ڕێکخراوەیـی دروسـتدەکرێ، بـەڵام وەک سـتانداردێکی جیهـانی و بـۆ تێگەیشـتن لـە پۆلێنبەندییـەکانی کاری تۆڕبەنـدی، کاری تۆڕبەنـدی دابـەش دەبـێ بەسـەر سـێ پۆلێنـکاری سـەرەکیدا:

■ پۆلێنکاری یەکەم

١. تۆڕی پرسە نەتەوەییەکان:

ئـەم جۆرەیـان بـە بەرزتریـن ئاسـتی تۆڕبەنـدی دادەنـرێ لەناوخـۆی کۆمەڵگـەدا، چونکـە بـە تایبـەت بـۆ بـواری پرسـە نەتەوەییـەکان پێکدەهێـنرێ و جوڵـەو پـڕۆژەکانی تەنهـا لەپێنـاو ئامانجـە نەتەوەییـەکان جێبەجێـدەکات.

٢. تۆڕە هەرێمییەکان:

ئـەم جـۆرە لـە تـۆڕی ڕێکخراوەیـی سـنووری لۆکاڵـی تێدەپەڕێنـێ و دەچێتـە نـاو سـنووری وڵاتـانی دراوسـێ، ئـەم جـۆرە لـە تـۆڕی ڕێکخراوەیـی لەگـەڵ ڕێکخـراوەکانی تـری هاوئامانجیانـدا لەسـەر ئاسـتی وڵاتـانی هەرێمـی بەیەکـەوە کاری هاوبـەش دەسـتپێدەکەن، لەپێنـاو پاراسـتنی مافـە هاوبەشـەکان و چارەسـەری کێشـە هاوبەشـەکانیان، بـۆ نموونـە تـۆڕی ڕێکخراوەیـی دامەزرێـنراوە لەپێنـاو پاراسـتنی خاوێنـی دەریـاکانی سـەر سـنوورەکانیان لـە پیـس بـوون و ژەهـراوی بـوون و. . هتـد

٣. تۆڕە نێودەوڵەتییەکان:

ئـەم جـۆرە لـە تـۆڕی ڕێکخراوەیـی بـە یەکێـک لـە بەرزتریـن ئاسـتەکانی تـۆڕی ڕێکخراوەیـی دادەنـرێ، چونکـە بازنـەی تۆڕەکـە لـە سنوورەکانی لۆکاڵـی و هەرێمـی دەردەچـێ و دەبـێ بـە تۆڕێکـی جیهـانی، لـەم جۆرەیانـدا ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لەسـەر ئاسـتی دەوڵەتـان تـۆڕی ڕێکخراوەیـی پێکدەهێنـن بەئامانجـی کارکـردن لەسـەر ئـەو دۆز و دۆسـییانەی کـە پێویسـتیان بـە کارکـردنی مەدەنییانـە هەیـەو کێشەکانیشـیان هاوبەشـن، بۆنموونـە لەبـارەی دۆسـیەی پەنابـەران، پرسـەکانی هەڵبـژاردن، مـاددەی هۆشـبەر، تیـرۆر، توندوتیـژی بەرامبـەر

بــە ڕەگــەزی ئافــرەت، کارکــردنی پێکەوەیــی لەســەر بەهێزکــردنی پێگــەی ئافــرەت لــە ناوەنــدەکانی بڕیــار، مافــەکانی منــداڵ و. . . هتــد

■ پۆلێنکاری دووەم

١. "تــۆڕی ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی تایبەتمەنــد"، بەواتــای لــە بنەڕەتــدا بــۆ داکۆکیکــردن لــە توێژێــک یاخــود چینێکــی دیاریکــراو پێکدەهێنرێــت، وەکــو تــۆڕی پاراســتنی مافــەکانی منــداڵ، یــان تــۆڕی پاراســتنی مافــەکانی ئافــرەت، یاخــود تایبــەت بــە پاراســتنی مافــەکانی ڕەگــەزی پیــاوان و. . هتــد

٢. "تــۆڕی گشــتی" ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی، بــەو واتایــەی ئــەم تــۆڕە لەپێنــاو پاراســتنی مافــەکانی کۆمەڵگــە بەگشــتی پێکدەهێــنرێ، بەپێچەوانــەی جــۆری یەکــەم.

■ پۆلێنکاری سێیەم

١. تــۆڕی ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی لەســـەر ئاســـتی پارێزگایـــەک، یـــان قەزایـــەک، یـــان ناحیەیـــەک، تەنانـــەت لەســـەر ئاســـتی گەڕەکێکــی دیاریکــراو پێکدەهێــنرێ، کــە تەنهــا لــەم ســنوورە دیاریکـــراوەدا کارەکانی خـــۆی چـــڕ دەکاتـــەوە.

٢. تــۆڕی ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لەســەر ئاســتی دەرەوەی پارێزگایــەک یــان قەزایــەک یــان ناحیەیــەک یــان گەڕەکێکــی دیاریکــراودا، واتــە ئــەو تۆڕانــە دەگرێتــەوە کــە لەســەر ئاســتی هەمــوو وڵات کارو پرۆژەکانیــان جێبەجــێ دەکــەن.

● تۆڕی ڕێکخراوەیی سەرکەوتوو چۆن دەناسرێتەوە؟

هــەر تۆڕێــک بەپێــی سروشــتی کارکــردنی ڕەنگــە لەگــەڵ تۆڕێکــی دیکــەی ڕێکخراوەیــی وەک یــەک نەبــن، هەنــدێ جاریــش هــەر نزیــک نیــن لەیەکــەوە، چونکــە ئــەو تــۆڕەی کــە "پســپۆڕین" و بــۆ یــەک کایــەو بــواری دیاریکــراو دادەمــەزرێ جیــاوازە لــەو "تــۆڕە گشــتی"یە فــرە ڕەنــگ و فــرە ڕەهەنــدەی کــە بازنــەی کاری گشــتیترە، بــەڵام وەک چــۆن هەمــوو ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی لەســەرەتای دەســتپێکردنی کارو پرۆژەکانیانــەوە چەنــد بەنــدو بڕگەیەکیــان وەک مــەرج بــۆ دیاریکــراوە لەلایــەن دەســەڵاتی یاســادانان، کــە وایــان لێــدەکات ڕێکخراوەکەیــان لەســەر بناغەیەکــی پتــەو بینــا بکــەن، ئــاواش چەنــد پایەیەکــی گرنــگ هەیــە کــە دەتوانــێ تــۆڕی ڕێکخراوەیــی هــەم بەهێــز بــکات هــەم بــە بەهێزیــش بیهێڵێتــەوە، لەوانــە:

■ کارکــردن لەنــاو تــۆڕی ڕێکخراوەییــدا دەبــێ ئارەزوومەندانــە بــێ، مــەرج نیــە ئــەو ڕێکخــراوەی نزیکــە لــە ســتراتیژی تۆڕێکــەوە ئــارەزوو بــکات ببێتــە بەشــێک لــە تــۆڕی ڕێکخراوەیــی.

■ هەڵبــژاردنی ســەرۆک و دەســتەی ســەرەکی تۆڕەکــە بەفۆرمێکــی دیمۆکراسییانە وادەکات ڕێگــە بگــرێ لــە هــەر جــۆرە "قۆرخکاری"یــەک لــە پۆســت و ناونیشــان و دەســەڵاتەکانی تۆڕەکــە.

■ هەمــوو ڕێکخــراوە پێکهێنــەرەکانی تۆڕەکــە وەک یــەک تیــم کار بــۆ سەرخســتنی ئامانجــی تۆڕەکــە بکــەن، بایەخــدان بەبەشــێک لەڕێکخــراوەکانی نــاو تۆڕەکــەو پەراوێزخســتنی بەشــێکی تریــان درز دەخانــە نــاو پایــەکانی تۆڕەکــە.

■ "ڕوونی – الشــفافیە " لــە کــۆی بــەش و کایــەکانی تۆڕەکــە، لەوانــە: ســەرچاوەی دارایــی، ژمێریاییەکــەی شــەفاف، شــەفافیەت لــەو ئامانجانــەی

کـە بـۆ پێکهاتـوون، پشـتیوانانی مەعنـەوی تۆڕەکـە، ئاشـکراکردنی پـلانی پێشـوەختەی تۆڕەکـە بـۆ پەیکـەری سـەرەکی تۆڕەکـە.

■ هەمـــوو جـــۆرە زانیارییـــەکان لەبـــارەی کاروبـــاری تۆڕەکـــەوە بگەیەنـــرێ بـــەوانی دیکـــە.

■ راوێژکـــردن لەنێـــوان ئەندامـــە پێکهێنـــەرەکانی تۆڕەکـــەدا، وادەکات هەمـــووان ئینتیمایـــان بـــۆ تۆڕەکـــە بـــە بەهێـــزی بمێنێتـــەوە.

■ نابـــێ کارێـــک بکـــرێ هیـــچ یەکێـــک لـــە ڕێکخـــراوە پێکهێنـــەرەکانی تۆڕەکـــە لەهیـــچ روویەکـــەوە پەراوێـــز بخرێـــن.

■ دابەشـکردنی پسـپۆڕییەکان لەنێـوان ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە نزیکـن لـە سـتراتیژی یەکترییـەوە.

■ گرنگـــە لـــە تـــۆڕی ڕێکخراوەییـــدا ئـــارەزووی "رەگەزپەرســـتی" جێگـەی نەبێتـەوە، بەومانایـەی تـۆڕی سـەرکەوتوو دەبـێ فـرە نەتـەوەو ئاییـن و فـرە رەنـگ و دەنگـی جیـاواز بـێ.

■ مـــافی تۆڕەکەیـــە لێپێچینـــەوە لەگـــەڵ هـــەر ڕێکخراوێکـــی بەشـــداربووی تۆڕەکـــە بـــکات ئەگـــەر هاتـــوو بەبـــێ "هـــۆکار" لـــە تۆڕەکـە هاتـە دەرەوە، لەگـەڵ ئـەوەی کـە بەشـداریکردن لـە تۆڕەکـەدا ئارەزوومەندانەیـە بـەڵام پێویسـت دەکات بەرلـە هاتنـە نـاوەوەی هـەر ڕێکخراوێـــک "کۆنتراکتێـــک" لەنێـــوان تۆڕەکـــەو ڕێکخراوەکـــەدا واژوو بکـرێ، لەنـاو کۆنتراکتەکـەدا مەرجـەکانی بەشـداربوون و هاتنـەدەرەوە لـــە تۆڕەکـــە روونبکرێتـــەوە.

■ نابـــێ رێگـــە بەهیـــچ فۆرمێـــک لـــە ململانـــێ بـــدرێ لەنێـــوان ئەندامـــانی تۆڕەکـــەدا.

● **خاڵە لاوازەکانی دروستکردنی تۆڕی ڕێکخراوەیی:**

تــۆڕی ڕێکخراوەیــی لەپــاڵ بایــەخ و پێویســتی هەبوونیــدا، چەنــد خاڵێکــی لاوازیــشی هەیــە، لێــرەدا بەشــێک لــەم خــەوش و لاوازیانــە ئامــاژە پێدەدەیــن:

**١. ونبوونی ڕێکخراوی بەهێزو لاواز لە تۆڕی ڕێکخراوەییدا:**

هەندێــک جــار شکســت و لاوازی تۆڕەکــە کاریگــەری دەخاتــە ســەر کــۆی ئــەو ڕێکخراوانــەی کــە لەنــاو تۆڕەکــەدا بەشــدارن، واتــە تــۆڕی ڕێکخراوەیــی یەکێــک لــە خەوشــەکانی ئەوەیــە کــە ڕێکخــراوی لاوازو ڕێکخــراوی بەهێــز وەک یــەک لــە تۆڕەکــەدا دەردەکــەون و پێناســە دەکرێــن، ســەرکەوتنی تۆڕەکــە ســەرکەوتنی کــۆی ڕێکخــراوەکانی نــاو تۆڕەکەیــە، شکســتی تۆڕەکــەش بەشکســتی کــۆی ڕێکخــراوەکانی نــاو تۆڕەکــە دەشــکێتەوە.

**٢. بەرتەسککردنەوەی سنووری چالاکی ڕێکخراوەکان:**

تــۆڕی ڕێکخراوەیــی ســنووری چالاکبــوونی ڕێکخــراوەکانی نــاو تۆڕەکــە بەرتەســک دەکاتــەوە، چونکــە وایانلێــدەکات هێــزو وزەی خۆیــان لەنــاو تۆڕەکــەدا بەکاربێنــن، ئەمــەش وادەکات ڕێکخراوەکــە کەمــتر لــەدەرەوەی تۆڕەکــەدا بــون و ڕۆڵــی ڕاســتەقینەی خــۆی بســەلمێنێ.

**٣. ونبوونی توانای تاکە چالاکەکان لەناو تۆڕی ڕێکخراوەییدا:**

خەوشــێکی تــری تــۆڕی ڕێکخراوەیــی بریتییــە لــە ونبــونی هــەوڵ و ڕۆڵ و ماندووبــونی ئــەو کەســانەی کــە لەنــاو تۆڕەکــەدا لــە بــوارو کایــەی جۆراوجــۆردا چالاکــن، بــەڵام نــە ناویــان دەهێــنرێ نــە ڕێگەشــیان پێــدەدرێ لەســەر ئاســتی تــاک خۆیــان دەربخــەن، بەڵکــو توانــاو ڕۆڵــی ئــەوان تێکــەڵ دەکــرێ لەگــەڵ کــۆی ئــەو ڕۆڵــەی کــە تۆڕەکــە بەگشــتی لــە گۆڕەپانەکــەدا دەیگێــڕێ.

**٤. شکستی تۆڕەکە شکستی هەمووانەو سەرکەوتنیشی بۆ هەمووان:**

لەناو تۆڕی ڕێکخراوەییدا هەمیشە چەند ڕێکخراوێکی بەهێز هەن کە هەوڵی باش بۆ سەرخستنی تۆڕەکە دەدەن، هەر لەناو هەمان تۆڕدا چەند ڕێکخراوێکیش هەن کە لەبنەڕەتدا لاوازن، کاتێک تۆڕەکە سەرکەوتوو دەبێ سەرکەوتنەکە دەبێتە سەرکەوتنی هەموویان، کە شکستیش دەهێنێ دیسان دەبێتە شکستی هەموویان، ئەم حوکمدانەش جۆرێک لە نەبوونی دادپەروەری تێدایە، ئەم نەبوونی دادپەروەرییەش وەک یەکێک لە خەوشەکانی تۆڕی ڕێکخراوەیی دەناسێنرێ.

**● چۆن ڕێکخراوی بەهێز لە ڕێکخراوی لاواز جیابکەینەوە لە ناو تۆڕی ڕێکخراوەییدا ؟**

سێ قۆناغی گرنگ هەیە کە هەم دەگونجێ بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەمیش دەکرێ لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمییەکانیش پراکتیزە بکرێ، پراکتیککردنی ئەم سێ قۆناغە وادەکات هەمیشە ئەم دامەزراوەیە خۆی نوێ بکاتەوە:

**قۆناغی یەکەم، بەدواداچوون - Following:**

بەدواداچوون بە یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی زیندوو مانەوەی هەر دامەزراوەیەک دادەنرێ، چونکە ئەم قۆناغە وادەکات بەرپرس و کارمەندانی ناو دامەزراوەکە هەست بە "چاودێری و لێپرسینەوە" بکەن.

**قۆناغی دووەم، نرخاندن - Assessment:**

تـــۆڕی ڕێکخراوەیـــی بـــەوە دەنـــاسرێ کـــە بـــەردەوام لایـــەن و بەهێـز و لایـەنی لاوازی هەیـە، یەکێـک لـە ئەرکـەکانی تۆڕەکـە بریتیـە لـە "دەستنیشـانکردنی خاڵـە بەهێـزو لاوازەکان"، ئـەم قۆناغـە وادەکات لایەنـە بەهێـزەکان بەهێزتـر بکـرێ و لایەنـە لاوازەکانیـش بکرێـن بـە ئامانـج بـۆ بەهێزکردنیـان.

**قۆناغی سێیەم، هەڵسەنگاندن -Evaluation:**

کـە دەستنیشـانی لایەنـە بەهێـزو لاوازەکانمـان کـرد، قۆناغـی سـێیەم دەسـتپێدەکات کـە قۆناغـی "هەڵسـەنگاندن"ە، بـە جێبەجێکـردنی ئـەم قۆناغـە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئایـا ئـەم ڕێکخراوانـەی نـاو تۆڕەکـە کامانـەن ڕۆڵـی باشـیان گێـڕاوە لـە سەرخسـتنی تۆڕەکـەو ئـەم ڕێکخراوانـەش کامانـەن کـە وایانکـردووە تۆڕەکـە لایـەنی لاوازی هەبـێ؟

# دەرئەنجامە گشتییەکان:

١. رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی توانیویانـــە لەئاســـت پرســـە نیشـــتیمانی و نەتەوەیـــی و سیاســـییەکان بـــە بەکارهێنـــانی میکانیزمـــەکانی پرۆتیســـتۆکردن و دەرکـــردنی بەیاننامـــەو رێپێـــوان و کۆنگـــرەی رۆژنامـــەوانی و دروســـتکردنی کەمپەیـــن، تارادەیـــەک ئەرکـــی دروســـتکردنی فشـــار جێبەجـــێ بکـــەن، واتـــە ئـــەوەی حکومـــەت و پارتـــە سیاســـییەکان نەیانتوانیـــوە بیکـــەن، ئـــەوان وەک هێزێکـــی مەدەنیانـــە تـــا رادەی پێویســـت توانیویانـــە رۆڵـــی خۆیـــانی تیـــدا ببینـــن.

٢. رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی لـــە ئامادەکـــردنی رەشـــنوسی بەشـــێك لـــە یاســـا نوێیـــەکان و هەموارکـــردنی یاســـاکانی عێراقـــی پێشـــەنگ بـــوون.

٣. هەروەهـــا بەشـــێک لـــە دامـــەزراوەکانی حکومـــەت بـــە فشـــاری رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی دامەزرێـــنراون، ئـــەم میکانیزمـــەش بـــە

یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەناسرێتەوە.

٤. کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاست چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناو دەزگای (خێزان)و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی(دەرەوەی خێزان) توانیویانە ڕۆڵێکی (مامناوەندی) ببین، واتا نە توانیویانە کاریگەری (زۆر بەهێز) بەجێبهێڵن، نە هێندەش کەمتەرخەم و لاواز دەرکەوتوون لە ئاست دۆزینەوەی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان.

٥. کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (هەندێجار) لە هەوڵدابوون بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ (دادگاو دامەزراوە یاساییەکان) بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتە سیاسی و ئابوری و میدیایی و کۆمەڵایەتیی و خێزانییەکان، واتا بەبەراورد لەگەڵ ئاستی گرفتە جۆراوجۆرەکان بەشێوەیەکی (بەرپرسیارانە) هەوڵیان بۆ دروستکردنی هەماهەنگی نەداوە لەگەڵ دادگاو دامەزراوە یاساییەکان.

٦. هەروەها کاریگەری نەریتە کۆمەڵایەتییە نێگەتیڤەکان ئاستەنگێکی بەهێزی دروستکردووە لەبەردەم کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە جێبەجێنەکردنی ئەو بڕگەو خاڵانەی کە لە بەندی (پرۆگرام یان ئامانجەکان)ی پەیڕەوی ناوخۆیاندا بۆی دامەزراون، ئەو دەرئەنجامەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە "کاری کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی مۆدێلێکی نوێیەو بەرەیەکی کۆنەخوازیش ئەم مۆدێلە نوێیە بە هێزێکی دژبە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بە مەترسی بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەزانێ".

٧. هەروەها زۆرینەی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە بەراورد لەگەڵ تەنگژە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان،

ئەوەنـــدەی لـــە پێنـــاو "بەدەســـتهێنانی بەرژەوەنـــدی تایبەتییـــدا" دامـەزراون ئەوەنـدە لـە پێنـاو لەبەرچاوگرتنـی "بەرژەوەنـدی گشـتییدا" دانەمـــەزراون.

٨. واقیعـــی ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی ئـــەو دەنگۆیانـــە ڕەتدەکاتـــەوە کـــە پێیانوایـــە "ســـەرجەم کۆمەڵـــەو ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی" ئەجێنـدای پارتـە سیاسـییەکان پەیـڕەو دەکـەن، چونکـە سـەرجەمیان، بـۆ جێبەجێکـردنی ئەجێنـدای پارتـە سیاسـییەکان دانەمـەزراون، بەڵکـو بەنـاوی جێبەجێکـردنی ئەجێنـداو بـواری پسـپۆڕی جۆراوجـۆردا کـە لـە پڕۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخۆیانـدا نوسراوەتـەوە بـۆی دامـــەزراون، ئەگەرچـــی تارادەیەکـــی زۆر نەیانتوانیـــوە "ســـەربەخۆیانە" پـــەرە بـــە ئەجێنـــدای ڕێکخراوەیـــی خۆیـــان بـــدەن.

٩. هەروەهـــا کۆمەڵـــەو ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی ڕۆڵێکـــی (باش)یـــان هەبـــووە لەئاســـت چارەســـەرکردنی ئـــەو گرفتـــە کۆمەڵایەتییانـــەی کـــە ڕووبـــەڕووی ڕەگـــەزی (ئافـــرەت) بونەتـــەوە لـــە هەرێمـــی کوردســـتان، واتـــا نـــە ڕۆڵێکـــی (زۆرباش)یـــان هەبـــووە، نـــە کەمتەرخەمیشـیان نوانـدووە لـەم بـوارەدا، بەشـێکی زۆری ئـەو هـەوڵ و هەنگاوانـەی نراویشـن لـەم بـوارەدا جێپەنجـەی ئـەوانی پێـوە دیـارە.

١٠. ئەوەنـــدەی پاڵنـــەرەکانی (چاولێکـــەری و لاســـاییکردنەوە) بونەتـــە فاکتـــەری دامەزرانـــدنی کۆمەڵـــەو ڕێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی، ئەوەنـــدە (پێویســـتی و بۆشـــاییی ڕێکخراوەیـــی) نەبوتـــە پاڵنـــەر بـــۆ دامەزراندیـــان، هـــەر لەبـــەر ئـــەو فاکتەرەشـــە کـــە کۆمەڵـــەو ڕێکخـــراوی (ڕاســـتەقینە)و کۆمەڵـــەو ڕێکخـــراوی (چاولێکـــەر) تێکـــەڵاوی یەکـــتری کـــراون.

١١. ئەگـــەر پڕۆگـــرام و ئامانجـــی پەیـــڕەوی ناوخـــۆی هەمـــوو

رێکخـــراوەکان بـــەوردی بخوێنینـــەوە، تێدەگەیـــن کـــە زۆرینەیـــان بەشـــیوەیەکی "خەیـــاڵ"ی دارێـــژراون و ناتوانـــرێ جێبەجێبکرێـــن، بەومانایـــەی زۆرینـــەی ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی نەیانتوانیـــوە کار بـــۆ جێبەجێکـــردنی ئـــەو خاڵانـــە بکـــەن کـــە وەکـــو (ئامانـــج) لـــە پەیـــڕەوی ناوخـــۆی کارکردنیانـــدا دارێـــژراون و لـــە پێناویـــدا بـــۆی دامـــەزراون، چونکـــە زۆرینەیـــان (ئامانج)ەکانیـــان لـــە توانـــای راســـتەقینەی خۆیـــان باڵاتـــرن و هەندێکیشـــیان بەبـــێ خوێندنـــەوەو لەبەرچـــاو گرتنـــی رەوشی کۆمەڵایـــەتی کۆمەڵگـــەی کوردســـتان دارێـــژراون، لەکاتێکـــدا پێویســـتە ئامانجـــەکانی هـــەر ڕێکخراوێـــک بەجۆرێـــک دابڕێژرێـــت کـــە لەگـــەڵ (واقیعـــی کۆمەڵایەتـــی)دا یەکانگیربـــێ و توانـــای جێبەجێکردنیـــان هەبـــێ.

١٢. تاکـــو ئێســـتا هیـــچ ڕێکخراوێکـــی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی بەفەرمـــی لەلایـــەن حکومـــەت ویاســـاوە مۆڵەتـــی لـــێ نەســـەنراوەتەوە، یـــان هەڵنەوەشـــێنراوەتەوە، یاخـــود لێپێچینـــەوەی یاســـایی لەگەڵـــدا نەکـــراوە لەبەرامبـــەر پابەندنەبوونـــی بـــە یاســـاکانەوە، یـــان نەتوانـــراوە کار بـــۆ هەســـتانەوەی زۆرێـــک لـــە ڕێکخـــراوە لاوازەکان بکرێـــت، لەکاتێکـــدا لـــە یاســـا کوردســـتانییەکانی کۆمەڵـــەو رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی، بەنـــدی تایبـــەت تەرخـــان کـــراوە بـــۆ ئـــەو کۆمەڵـــەو رێکخراوانـــەی کـــە بەهـــۆی لاوازیـــان لەبـــەر هـــەر هۆیـــەک بـــێ لـــەکار کەوتـــوون، داتوانـــرێ بەپێـــی یاســـاو لـــە رێگـــەی دادگاکانـــەوە چارەنوســـیان یەکلایـــی بکرێتـــەوە.

١٣. بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی کۆمەڵـــەو رێکخـــراوەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی بەپێـــی توانـــای کارو پڕۆژەکانیـــان وایانکـــردووە کـــە (متمانەیەکـــی مامناوەنـــدی) کۆمەڵگـــەو دامـــەزراوەی خێـــزان و پارتـــە سیاســـیەکان و کایـــەو پێکهاتـــەکانی دیکـــە بەدەســـتبهێنن، ئەمـــەش بـــە خاڵێکـــی لاوازی دامـــەزراوە

مەدەنییەکان دادەنرێت، واتا نەیانتوانیوە بە کارو پڕۆژەکانیان (رەزامەندی و متمانەی بەهێز) بەدەستبهێنن، هەروەها تاکو ئێستا گرنگی و بایەخی راستەقینەی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو پێویست بۆ کۆمەڵگە نەناسراوەو شینەکراوەتەوە، بەشێکی ئەم نەناسراویەش پەیوەندی بە سەرەتای پرۆسەی دروستبوونی ناسروشتیانەی کۆمەڵەو رێکخراوە مەدەنیەکانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان.

# ڕاسپاردەکان:

بە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەو ئەرک و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بە پێویستی دەزانین چەند (ڕاسپاردە)یەک لەم خاڵانەی لای خوارەوە کۆبکەینەوە:

■ **یەکەم:** دروستکردنی گۆڕانکاری لە "سیاسەتی کارکردنی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان"، بەجۆرێک ببێتە سەرمەشقی پرۆسەو کارکردنی مەدەنیانە، واتە وابکا ببێتە "Focal Point"ی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

■ **دووەم:** کردنەوەی "هۆبەیەکی تایبەت بە کاری کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان"، ئەرکی ئەم هۆبەیە گەیاندنی ڕەوشی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بێ بە (سەرۆک و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان)، بەڵام گرنگە کاسانێک بۆ ئەم هۆبەیە دیاری

بکرێـن کـە (شـارەزایی و ئەزمـوونی ڕێکخراوەیـی) بکرێتـە پێـوەر بـەر لـە هـەر پێوەرێکـی تـر.

■ **سـێیەم:** لەلایـەن پەرلەمانـی کوردسـتانەوە چـاو بـە یاسـای ژمـارە (١٨)ی سـاڵی(١٩٩٣)ی تایبـەت بە(کۆمەڵـەکان، بنکـە وناوەنـدە ڕوناکبیریـەکان، یەکێتیـە پیشـەییەکان، سـەندیکاکان) بخشـێنرێتەوە، لەبەرئـەوەی بـە خوێدنەوەیەکـی وردی خـاڵ وبەندەکانـی ئـەم یاسـایە هەسـتدەکرێ ناوەڕۆکـی یاسـاکە هەڵگـری کۆمەڵێـک کەموکوڕییـە، دیارترینیشـیان نەگونجانـی ناوەرۆکـی یاسـاکەیە بەگشـتی لەگـەڵ ئـەو گۆڕانکاریانـەی بەسـەر کۆمەڵگـەو دامـەزراوە کۆمەڵایەتیەکانـدا هاتـووە، بـە بـەراورد لەگـەڵ سـەرەتای سـاڵانی نـەوەدەکان کـە مێـژووی دەرکـردنی یاسـاکەیە.

■ **چـوارەم:** گەرچـی لـە بـەشی (دەرئەنجامـەکان)دا ئـەو خاڵەمـان خسـتەڕوو کـە زۆرینـەی کۆمەڵـەو ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵـی مـەدەنی بـۆ جێبەجیکـردنی ئەجێنـدای سـیاسی پارتـە سیاسـییەکان دانەمـەزراون، بـەڵام لـە رابـردوودا بەشـێک لـەو کارەکتـەرە حزبیانـەی کـە سـەرقاڵ بـوون بـە کارو پۆسـتێکی حزبییـەوە، لەیـەک کاتـدا ئەرکـی بەڕێوەبـردنی ڕێکخراوێکـی کۆمەڵگـەی مەدەنیشـیان لـە ئەسـتۆ گرتـووە، ئـەم حاڵەتـە هـەم کاری کردۆتـە سـەر تێکەڵکـردنی کاری حـزبی لەگـەڵ ئاراسـتەی کاری ئـۆرگانی مـەدەنی، هەمیـش کاری کردۆتـە سـەر دابەشـکردنی توانـاکان لەنێـوان دوو ئـەرک و بەرپرسـیارێتی قورسـدا.

پێویسـتە لەسـەر پارتـە سیاسـییەکان چاوخشـاندنەوەیەک بـەم دۆخـەدا بکەنـەوە، لەپێنـاو خستنەسـەر ڕێـڕەوی راسـتەقینەی کارکـردنی ئۆرگانـە مەدەنییـەکان و هەروەهـا لەپێنـاو دابەشـنەکردنی ئـەرک و بەرپرسـیارێتی بەرپرسـانی حـزبی لەنێـوان دوو ئـەرک و بەرپرسـیارێتی

قورسـدا، کـە هەڵگرتنـی ئـەرک و بەرپرسـیاریێتی (حـزبی و ئـۆرگانی مەدەنییـە) لەیـەک کاتـدا.

■ **پێنجـەم:** دەکـرێ دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن سـندوقێکی تایبـەت تەرخـان بـکات، لەداهـاتی کۆمپانیـاکانی کـەرتی تایبـەت بەپێـی چەنـد ڕێنماییەکـی داڕێـژراو ڕێژەیـەک دیارییکرێـت بـۆ پـڕۆژەکانی کۆمەڵـەو ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، بـۆ هـەر سـاڵێك (سـێکتەرێك) بکاتـە مـەرج بـۆ پڕۆژەکانیـان، تـا لـەو ڕێگەیـەوە هەریـەک لەکۆمەڵـەو ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی لەمـاوەی سـاڵێکدا هەمـوو توانـا دارایـی و مرۆییەکانیـان بـۆ ئامانجـەکانی سـێکتەرە دیاریکراوەکـە بخەنـەکار.

# سەرچاوەكان:

(١) كامیل شیاع، گەڕانەوەیەك بۆ دیموكراسی و كۆمەڵگەیەكی مەدەنی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژمارە٢٣،بەهاری ٢٠٠٢،.

(٢) كۆمەڵێك دانەر، ڕێكخراوەكان لەسەدەی بیست ویەكەمدا، وەرگێڕانی محەمەد مستەفا قەرەداغی، مركزمشروعات الدولیە الخاصە، بێ مێژوو.

(٣) یاسای ڕێكخراوە كوردستانیە ناحكومیەكانی هەرێمی كوردستان، وەقایعی كوردستان، هەولێر،٢٠٠١.

(٤) یاسای كۆمەڵەكانی هەرێمی كوردستان، بەڕێوەبەرایەتی كۆمەڵەكان، وەزارەتی ناوخۆ، هەولێر،٢٠٠١.

(٥) فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومیەكانی هەرێمی كوردستان، هەولێر، ٢٠١٨

https: //www. dngo. gov. krd

(٦) عەتائەحمـــەد ڕەمـــەزان، کاری ڕێکخراوەیـــی لەکۆمەڵـــگای مەدەنیـــدا، بـــێ چاپخانـــە، ســـلێمانی،١٩٩٩،

(٧) دامـــەزراوەی میهـــەن، کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی هێزێکـــی نـــوێ، وەرگێڕانـــی کۆســـارفەتاحی، دەزگای توێژینەوەوبڵاوکردنـــەوەی موکریانـــی، هەولێـــر،٢٠٠٦.

(٨) موســـلیح عەبدولقەهـــار ئیروانـــی، کۆمەڵـــگای مەدەنـــی و ئاســـتەنگەکانی، گۆڤـــاری ســـەنتەری برایەتی،ژمـــارە ١٥، ٢٠٠١.

(٩) ئـاری ڕەفیـق، ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی ڕۆڵیـان لـە ریفۆرمـی کۆمەڵایەتیـدا، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٣

(١٠) دانـا حەسـەن عەلـی، ڕۆڵـی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی لەدروسـتکردنی بڕیـاردا، گۆڤـاری خامـە، ژمـارە ٢، زسـتانی ٢٠٠٦.

(١١) پەرویـــن ســـازگارا، ئاوڕدانەوەیـــەك لەکۆمەڵناســـی، وەرگێڕانـــی جـــەواد مســـتەفا ســـۆپەیی، چاپخانـــەی ڕۆشـــنبیری، هەولێـــر،٢٠٠٣.

(١٢) موسـڵیح ئیروانی،کۆمەڵـگای مەدەنـی و ئاسـتەنگەکانی، گۆڤـاری سـەنتەری برایەتـی، ژمـارە ١٥،هەولێـر، ٢٠٠١.

(١٣) د. کەریـــم ئەبـــو حـــەلاوە، گیـــروگازی چەمکـــی کۆمەڵـــی مەدەنـی، وەرگێڕانـی کۆمەڵێـك وەرگێـڕ، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی فیکـری و ئەدەبـی نمـا، هەولێـر، ٢٠٠٤.

(١٤) مەریـوان وریاقانـع، شـوناس وئاڵـۆزی، ڕەهەنـدە سـایکۆلۆژی و کلتـــوری و ڕەمزییەکانـــی کۆمەڵـــگای مەدەنـــی، چاپخانـــەی ڕەنـــج، سلێمانی،٢٠٠٤.

(١٥) عەتـا قەرەداخـی، چەمکـی دەوڵـەت و بزوێنـەری مێـژوو لـە کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا، چاپـــی یەکـــەم، دەزگای چـــاپ وبڵاوکردنـــەوەی ئـــاراس، هەولێـــر، ٢٠٠٤.

(١٦) مەریوان وریا قانع، بەختەوەری وبێدەنگی، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گرفتی نەبوونی شوناسی تایبەتی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣.

(١٧) جەمیلە ڕەمەزان، ئاسەوارە دەروونییەکانی ململانێ لە کۆمەڵگای کوردیدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، بێ چاپخانە، ژمارە(٤)، ١٩٩٨.

(١٨) د. شاكرمصطفى سليم،قاموس الانثروبولوجيا، ط١،مطبعة كويت،كويت،١٩٨١.

د. دينكن ميشيل،معجم علم الاجتماع،ترجمة د. احسان محمدالحسن، دارالحرية للطباعة، بغداد،١٩٨٠.

(١٩) عبدالمجيد طاش محمد، مصطلحات ومفاهيم انجليزية في الخدمة الاجتماعية،مكتبةالعبيكان للنشرالرياض،المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٢.

(٢٠) ابوبكر ارميلة،مفهوم الاصلاح ام اصلاح المفاهيم اولا،ليبيا، ٢٠٠٥، متاح على الموقع الالكتروني التالي.www. libyanwritersclub com

فرق بين القائد والمدير https: //mawdoo٣. com

(٢١) د. فريدريك معتوق، معجم العلوم الاجتماعية، اكاديمية انثروناشيونال، لبنان،١٩٩٣.

(٢٢) د. مدحت محمد أبو النصر، ادارة منظمات المجتمع المدني، اتراك للطباعة والنشروالتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٧.

(٢٣)عزمي بشارة، المجتمع المدني، دراسة نقدية، مركز دراسات الوحدة العربية، ط٦،بيروت، ٢٠١٢.

(٢٤) ئاري رفيق شفيق، دورمنظمات المجتمع المدني في تعديل

التشريعـات القانونيـة لتحقيـق المسـاواة بـين الجنسـين، دراسـة اجتماعيـة ميدانيــة في محافظــة اربيــل، رســالة ماجســتير في علــم الاجتــماع كليــة الاداب - جامعــة المنصــورة، مــصر، ٢٠١٥.

(٢٥) عيدالغفارشكر،نشــأة وتطورالمجتمــع المــدني، مكوناتــه واطــاره التنظيمــــي،٢٠٠٥، موقــع www. rezgar. com.

(٢٦) د. هويداعــدلي، دراســة فعاليــة مؤسســات المجتمــع المــدني، تاسـيره عـلى بلـورة سياسـة اتفـاق للخدمـات الاجتماعيـة، بـلا دارالنـشر مــصر،٢٠٠٥.

(٢٧) كارولــين رينولــدزو جــون غريســون، المجتمــع المــدني، البحــث والاعــلام،٢٠٠٦،web. worldbank. org

# پاشکۆکان

# پاشکۆی (١):

یاسای رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان-عێڕاق

ژمارە

(١)ی ساڵی ٢٠١١

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان-عیراق

پشت بە حوکمی برگە (١) لەماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٤)ی رۆژی ٢٠١١/٤/٦ بڕیاری دەرچووانی ئەم یاسایەیدا.

## یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا
## ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١
## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم گوزارشت و زاراوانەی دادێن، ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان: عێڕاق

دووەم: ڕێکخراو: ڕێکخراوی ناحکومی، کە کۆمەڵێك کەسی ئاسایی، یان مەعنەوی، کە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە خاوەن کەسایەتی مەعنەوییەو، هەوڵ بۆ بەجێگەیاندنی ئامانج دەدات، کە دابەشکردنی قازانجی تێدا نیە.

سێیەم: فەرمانگەی ڕێکخراوەکانی ناحکومی، لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا دەبێت.

چوارەم: ڕێکخراوەکانی کوردستان: ئەو ڕێکخراوانەن کە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەهەرێمدا تۆمار کراون.

پێنجەم: ڕێکخراوەکانی عێڕاق: ڕێکخراوەکانی تۆمارکراو بەگوێرەی یاسای عێڕاقی، کارو چالاکی لەهەرێمدا دەکات، بەگوێرەی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

شەشەم: ڕێکخراوەکانی بیانی: ڕێکخراوەکانی تۆمارکراو بەگوێرەی یاسای دەوڵەتێکی دی، کارو چالاکی خۆیان بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم دەکەن.

حەوتەم: تۆڕی کۆمەڵایەتی: ڕێکخراوێکی ناحکومی بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمارکراوە، لە چەندین ڕێکخراو پێکدێت

و خـاوەن کەسـایەتیەکی مەعنەویـە.

## بەشی دووەم
## بنەمای گشتی

مـاددەی دووەم: دامەزراندنـی ڕێکخـراو مافێکـی دەسـتوورییە، نابـێ هیـچ ئاسـتەنگێك لـەدەرەوەی مەرجـی یاسـایی لەبـەردەم دامەزراندنیـدا هەبێـت.

مــاددەی سـێیەم: ڕێکخــراوەکان مافیــان هەیــە لــە ناوخــۆ یــان دەرەوەی هەرێــم و عێراقــدا لقیــان هەبێــت.

ماددەی چوارەم:

یەکـەم: دوو ڕێکخـراوی تۆمارکـراو یـان زیاتـر مافـی دامەزراندنـی تۆڕێکیـان هەیـە لەنێـوان خۆیانـدا.

دووەم:

١. ئـەو تـۆڕی ڕێکخراوانـەی هـەوڵ دەدات کەسایەتییەکی مەعنـەوی بەدەسـت بهێنـێ، دەبـێ داوایەکـی تۆمارکـردن بەگوێـرەی حوکمەکانـی ئــەم یاســایە پێشــکەش بــکات و، کەســایەتی مەعنــەوی بــە دەســت دەهێنێــت و، ســەربەخۆ لــەو کەســایەتییە مەعنەویانــەی لــەو ڕێکخراوانــەی پێکــی دەهێنــن.

٢. ئـەو تـۆڕەی تۆمـار نەکرابێـت یاسـایی دەبێـت، بـەڵام کەسـایەتی مەعنـەوی بەدەسـت ناهێنێـت.

٣. دوو تـۆڕ یـان زیاتـر لـە تـۆڕی ڕێکخـراوەکان بۆیـان هەیـە بچنـە پـاڵ یـەك و، دەکـرێ تـۆڕی ڕێکخـراوەکان لـە ڕێکخراوەکانـی کوردسـتانی یـان عێراقــی یـان بیانــی پێـك بێـت و، هەرکەسـێکی ئاسـایی، یـان مەعنـەوی بـۆی هەیـە ببێتـە ئەنـدام لـە تـۆڕی ڕێکخراوەکانـدا.

٤. داواو مامەڵەی تۆمارکردن لە رەسم دەبەخشرێن.

مـاددەی پێنجـەم: هەرکەسێك بـۆی هەیـە ببێتـە نوێنـەری رێکخـراو یـان تـۆڕ لەبـەردەم دادگاکان و لایەنانـی فەرمـی و نافەرمـی، بەگوێـرەی پەیـڕەوی ناوخـۆی رێکخراوەکـە.

## بەشی سێیەم

## ئەندامیەتی لە رێکخراودا

مــاددەی شەشــەم: مەرجەکانــی ئەندامیەتــی و تەمــەن و مافــی دەنگـدان و خۆپاڵاوتـن و مەرجەکانــی دیکـەش لـە پەیـڕەوی ناوخـۆدا دیــاری دەکرێــن.

ماددەی حەوتەم:

یەکــەم: نابــێ ئەندامــان و کارمەنــدان بەشــداری بکــەن لــە دەرکـردن و دروسـتکردنی ئـەو بڕیارانـەی دەبنـە مایـەی ناکۆکـی لـە نێـوان بەرژەوەنـدی کەسـی یـان وەزیفـی ئـەوان یـان بەرژەوەنـدی رێکخراوەکــە.

دووەم: لەکاتــی ســەرپێچی کردنــی ئەنــدام و کارمەنــدان لــە رێکخراوەکـە لەسـەر ئـەوەی لـە بڕگـەی یەکەمـی سـەرەوە هاتـووە بەپێــی یاســا کارپێکــراوەکان و پەیــڕەوی ناوخــۆ ســزا دەدرێــن.

## بەشی چوارەم

## ئامانج و مافەکان

مــاددەی هەشــتەم: رێکخــراو هــەوڵ دەدات کاربــکات بــۆ بەجــێ گەیاندنـی ئامانجەکانـی، بـەو جـۆرەی لەگـەڵ بنەمانـی دیموکراسـی و

پەیماننامــەو رێککەوتننامەکانــی نێودەوڵەتــی تایبــەت بــە مافــی مــرۆڤ دەگونجێــن و، دەبــێ روون و ئاشــکراش بــن.

مــاددەی نۆیــەم: رێکخــراو بەپێــی یاســا کارپێکــراوەکان ولەبــواری پســـپۆڕایەتیدا:

یەکەم: رۆڵی دامودەزگاکانی دەوڵەت هەڵدەسەنگێنن.

دووەم: گەیشتن بە زانیارییەکان.

ســێیەم: بەســتنی گردبوونــەوەو کۆبونــەوەو خۆپیشــاندان و مانگرتــن و بەســتنی کۆنگــرە وۆرك شــۆپ و، هەرچالاکییەکــی دیکــەی مەدەنــی.

چــوارەم: بڵاوکردنــەوەی راپــۆرت وزانیــاری و چاپکردنــی بڵاوکــراوەو بیــروڕا وەرگرتــن.

## بەشی پێنجەم

## تۆمارکردنی رێکخراوەکان

ماددەی دەیەم: مەرجەکانی تۆمارکردن:

یەکــەم: بــۆ تۆمارکردنــی رێکخراوەکانــی کوردســـتان، دەبــێ ئەندامانــی دامەزرێنــەر داوایــەك پێشــکەش بکــەن بــە فەرمانگــەی تایبــەت بــە تۆمارکردنــی رێکخــراوەکان و بەڕێوەبردنــی کاروبارەکانیــان، بەمەرجێـك ژمارەیـان لـە سـێ کـەس کەمـتر نەبـێ، داوایەکیـش لەلایـەن هەموویانـــەوە واژوو کرابێـــت و پەیـــڕەوی ناوەخـــۆی رێکخراوەکـــەش هاوپێچــی بێــت، کــە ئــەم زانیاریانــەی دادێــن لەخــۆ بگرێــت:

١. ناوی رێکخراوەکەو مەبەستەکانی و ئامانجەکانی.

٢. نــاو، نازنــاو، رەگــەز، رەگەزنامــە، تەمــەن، پیشــە، ئاســتی خوێنــدن و، شــوێنی نیشــتەجێبوونی ئەندامانــی دامەزرێنــەر.

٣. پەیکەری ڕێکخراوەکە و چۆنیەتی کارکردنی.

دووەم: ڕێکخراوەکانی عێراق:

ڕێکخراوەکانی عێراق کە لەلای دەسەڵاتی فیدراڵدا تۆمارکراون، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەهەرێمدا بە تۆمارکراو دادەنرێن و لەسەریانە ئەم زانیاریانە دادێن بە کوردی و عەرەبی پێشکەش بە فەرمانگەکە بکەن:

١. ناوی ڕێکخراوەکەو ناوی ئەو کەسەی کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دەکات لە هەرێمدا.

٢. ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی نوسینگەی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە عێراقدا.

٣. پلانی کاری ئەو چالاکیانەی ڕێکخراوەکە دەیەوێ لە هەرێمدا جێبەجێی بکات.

٤. دانەیەکی ئەرێ کراو(تصدیق) لەبەڵگەنامەکانی فیدراڵی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکە.

سێیەم: ڕێکخراوەکانی بیانی:

لەپێناو بەدەستهێنانی بڕوانامەی تۆمارکردندا دەبێ ڕێکخراوەکانی بیانی ئەم زانیاریانی دادێن بەزمانی کوردی پێشکەش بە فەرمانگە بکەن:

١. ناوی ڕێکخراوەکە.

٢. ناونیشان و و ژمارەی تەلەفۆنی نوسینگەی سەرەکی ڕێکخراوەکە لە عێراق و وڵاتی دایکدا.

٣. ڕوونکردنەوەی ئەو ئامانج و چالاکیانەی ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات لەهەرێمدا جێبەجێیان بکات.

٤. دانەیەکی ئەرێ کراو لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

٥. پشــتگیرییەك کــە تۆمارکردنــی ڕێکخراوەکــە وەك ڕێکخراوێکــی ناحکومییــە لــە وڵاتــی دایکــدا.

ماددەی یانزدەهەم: ڕێکاری تۆمارکردن:

یەکــەم: دەبــێ فەرمانگــە لەمــاوەی (٣٠) ڕۆژدا لــە ڕۆژی وەرگرتنــی داواکــەوە وەڵامــی داوای تۆمارکردنەکــە بداتــەوە، کاتێــك ڕێکخراوەکــە داوا پێشــکەش دەکات، دەبــێ فەرمانگــە پســولەیەکی بــە مێــژووی وەرگرتــن پــێ بــدات، ئــەو پسولەیەش بەڵگەیــە بــۆ وادەی پێشــکەش کردنــی داواکــە بــۆ مەبەســتی ژماردنــی ئــەو ماوەیــە کــە(٣٠)ڕۆژە.

دووەم: لەحاڵەتــی نەبوونــی ئــەو مەرجانــەی یاســا کــە بەگوێــرەی ئــەو یاسایە لــەداوای تۆمارکردنــدا هاتــوون، دەبێ فەرمانگــە لەمــاوەی (١٥)ڕۆژ لــە ڕۆژی پێدانــی پســولەی وەرگرتــن داواکــە بگەڕێنێتــەوە بــۆ ڕێکخراوەکــە بەمەبەســتی تەواوکردنــی کــەم و کوڕیەکانــی لــەو حاڵەتەشــدا مــاوەی وەڵامەکــە لــە ڕۆژی ســەر پســولەی داوا تازەکــەوە ئەژمــار دەکــرێ.

ســێیەم: لەحاڵەتــی وەڵامنەدانــەوەی داواکــەو بەســەرچوونی ئــەو ماوەیــەی لــە بڕگــەی(١)ی ئــەو ماددەیــەدا هاتــووە، ڕێکخراوەکــە بــە تۆمارکــراو دەدەنرێــت و دەبــێ فەرمانگــە لەکاتــی داواکــردن دا بەڵگەنامــەی تۆمــار بداتــە ڕێکخراوەکــە.

چــوارەم: لەحاڵەتێکــدا فەرمانگــە داوای تۆمارکردنەکــەی ڕەتکــردەوە، لەســەریەتی نوسراوێکــی فەرمــی بــە هــۆکاری ڕەتکردنــەوە داوی تۆمارکردنەکــە بــۆ ڕێکخراوەکــە لەگــەڵ ئــەو هۆکارانــە بنێرێــت کــە ئەشــێ فەرمانگەکــە بــۆ ڕەتکردنــەوەی داوای تۆمارکردنەکــە پشــتی پــێ ببەســتێ، ئــەوەش تەنهــا نەبوونــی ئــەو مەرجانەیــە کــە مــاددەی هەشــتەم، دەیــەم و، بڕگــەی (١)ی مــاددەی چواردەیــەم ئــەم یاسایە لــە

ڕێکخراوەکــەدا دەگرێتــەوە.

پێنجــەم: ڕێکخــراو مافــی تانــە لێدانــی بڕیــاری ڕەت کردنەوەیــان هەیــە لەبــەردەم دادگای کارگێــڕی لــە هەرێمــی کوردســتاندا، لەمــاوەی (٣٠) ڕۆژ لــە ڕۆژی وەرگرتنــی بڕیــاری ڕەتکردنەوەکــەدا، دەبێــت دادگاش لەمــاوەی (١٥)ڕۆژدا بڕیــاری ڕەتکردنەوەکــە یەکلایــی بکاتــەوە.

شەشــەم: پــاش دەربڕینــی ڕەزامەنــدی لەســەر داوای تۆمارکردنەکــە یــان بەســەرچوونی وادەی یاســایی بەبــێ وەڵامدانــەوە دەبــێ فەرمانگــە تۆمارنامەکــە لــە ڕۆژنامەیەکــی ڕۆژانــە لــە هەرێمــدا بڵاوبکاتــەوە.

ماددەی دوازدەم:

تۆماری ڕێکخراو:

ڕێکخــراو لەســەریەتی ئــەو تۆمارانــەی دادێــی هەبێــت و دەبــێ لەلایــەن دادنوسیشــەوە ئــەرێ کرابــن:

یەکــەم: تۆمــاری ئەندامــان: نــاو، ناونیشــان، تەمــەن، ڕەگــەز، پلــەی خوێنــدن و ڕۆژی بوونــە ئەنــدام تۆمــار کرابێــت.

دووەم: تۆمــاری بڕیــارەکان: بریتــی دەبێــت لــە بڕیارەکانــی هەریــەك لــە دەســتەی کارگێــڕی ڕێکخراوەکــەو دەســتەی گشــتی و، نــاوی ئــەو کەســەی کــە بــە پێــی پێڕەوەکــەی نوێنەرایەتــی ڕێکخــراو دەکات و تۆمارەکــەش لەلایــەن دەســتەی کارگێــڕی ڕێکخراوەکــەوە ئیمــزا دەکــرێ.

ســێیەم: تۆمــاری ژمێریــاری: داهــات و خەرجییەکانــی ڕێکخــراوی تیــادا دەکرێــت.

چــوارەم: تۆمــاری بنــەڕەت (تۆمــاری هەبــووەکان): هەمــوو ســامانی گواســتەو نەگواســتەی ڕێکخراوەکــەی تیــادا تۆمــار دەکرێــت.

## بەشی شەشەم
## داهاتی رێكخراو

ماددەی سێزدەم:

داهاتەكانی رێكخراو پێك دێت لە:

یەكـــەم: ئـــەو كۆمەكانـــەی كـــە ئەندامانـــی رێكخـــراو پێشكەشـــی دەكـــەن.

دووەم: ئـەو كۆمـەك و بەخشـش و دیـاری و منحانـەی كـە لەلایـەن كەسـان و كەرتـی تایبـەت و لایەنانـی ناوخـۆو بیانـی دیكـەوە پێشـەكەش كـراون.

سـێیەم: هـــەر دەســـتكەوتێكی دی كـــە رێكخراوەكـــە لەرێگـــەی وەبەرهێنانـــی ســـامانەكەی و قازانجـــی چالاكیەكانـــی بەدەســـتی دێنێـــت.

چـوارەم: پشـكی رێكخـراو لـە پـارەی بودجـەی تەرخـان كـراوی هەرێـــم و هـــەر بەخشـــش و یارمەتییەكـــی دیكـــە كـــە لەلایـــەن حكومەتـەوە بـۆ پشـتگیری پرۆژەكانـی رێكخـراوەكان پێشـكەش دەكـرێ.

ماددەی چواردەم:

یەكـــەم: پێویســـتە رێكخـــراوەكان و تـــۆڕەكان حســـابی بانكیـــان هەبێـــت.

دووەم: رێكخـــراوەكان لەڕێـــی بودجەیەكـــی ســـاڵانەوە بەگوێـــرەی سیســـتەمی ژمێریـاری پەیڕەوكـراو لـە هەرێمـدا دارایـی خۆیـان پەیـڕەو دەبـــەن.

سـێیەم: رێكخـــراوەكان و تـــۆڕەكان راپۆرتێكـــی ســـاڵانەی دارایـــی پێشـــكەش بـــە فەرمانگـــە دەكـــەن و لەلایـــەن دیوانـــی چاودێـــری دارایـــی هەرێمـــدا وردبینـــی دەكرێـــن.

چـوارەم: داهـات و موڵـك و دارایـی رێکخـراو لـە بـاج و رەسـمی گومـرگ دەبەخشرێـن.

پێنجـەم: ئـەو رێکخراوانـەی حکومـەت پشـتیوانی داراییـان دەکات لەسـەریانە راپۆرتێکـی ورد دەربـارەی چۆنیەتـی جێبەجێکردنـی پرۆژەکانـی پێشـکەش بـە فەرمانگـە بـکات.

**بەشی حەوتەم**

**راگرتن و هەڵوەشانەوەو تێکەڵ کردن**

ماددەی پازدەم:

فەرمانگـە بـۆی هەیـە لێپرسـینەوە لەگـەڵ رێکخـراو بـکات ئەگـەر سـەرپێچی لـە حوکمەکانـی ئـەم یاسـایەی کـرد، بـەم جـۆرە:

یەکـەم: فەرمانگـە بـۆی هـەی رێکخـراوی سـەرپێچی کاری حوکمەکانـی ئـەم یاسـایە ئـاگادار بکاتـەوە بـۆ لادانـی سـەرپێچی لەمـاوەی (١٥)رۆژدا.

دووەم: لـە حاڵەتێکـدا رێکخراوەکـە سـەرپێچیەکانی لەمـاوەی دیـاری کـراو لـە بڕگـەی (١)ی لانـەدا، فەرمانگـە بـۆی هەیـە کاروچالاکـی رێکخراوەکـە بـۆ مـاوەی (٣٠)رۆژ رابگـرێ.

سـێیەم: بڕیارەکانـی فەرمانگـە بـەر حوکمـی تانەگرتن(التظلـم) لەبـەردەم دادگای کارگێریـدا لەمـاوەی (١٠)رۆژ لـە رۆژی پێگەیاندنـی بڕیـاری راگرتنەکـەوە دەکـەوێ، دەبـێ دادگاش لەمـاوەی (٧)رۆژدا لـە رۆژی وەرگرتنـەوە بڕیـاری یەکلاکـەرەوە لەبـارەی سـکاڵاکە(التظلم)بدات.

ماددەی شازدەم:

دەکـرێ رێکخـراو یـان تـۆڕی ناحکومـی بـە ئارەزومەندانـە یـان بـەزۆر هەڵبوەشـێنرێتەوە:

یەکـــەم: لـــە حاڵەتـــی بـــە ئارەزوومەندانـــە هەڵوەشـــاندنەوەدا، هەڵوەشـــاندنەوەی رێکخـــراو بەگوێـــرەی پەیـــڕەوی ناوخـــۆی دەبێـــت، رێکخراویـــش لەســـەریەتی بـــەلای کەمـــەوە بـــەر لـــە(٣٠) رۆژ لـــە پیادەکردنـــی بڕیـــاری هەڵوەشـــاندنەوەکە، فەرمانگـــە ئـــاگادار بکاتـــەوە.

دووەم: لـــە حاڵەتـــی بـــەزۆر هەڵوەشـــاندنەوەدا، هەڵوەشـــاندنەوەی رێکخراوەکـــە بـــە بڕیارێـــك لـــە دادگای بەرایـــی شـــوێنی رێکخراوەکـــەوە دەبێـــت و تەنیـــا لـــەم حاڵەتانـــەی دادێـــت دەبێـــت:

١. دەستوور یان یاساکانی پەیڕەوکراو لە هەرێمدا پێشێل بکات.

٢. لەســـەر بنەمـــای ســـکاڵایەتی دادوەری کـــە لەلایـــەن فەرمانگـــەوە پێشـــێل کرابێـــت، ئەگـــەر رێکخـــراو یـــان تـــۆڕ ســـەرپێچیەکەی بـــە گوێـــرەی کـــە لەمـــاددەی (١٥)ی ئـــەم یاســـایەدا هاتـــووە لانـــەداو هەڵـــی نەگـــرت.

٣. ســـێیەم: رێکخـــراو یـــان تـــۆڕ مافـــی تانەدانـــی لـــە بڕیـــاری دادگا هەیـــە لەمـــاوەی (٣٠)رۆژدا لـــە رۆژی راگەیاندنـــی بڕیارەکـــەوە لەبەردەمـــی دادگای تەمییـــزدا.

ماددەی حەڤدەم:

یەکـــەم: لـــە حاڵەتێـــك کـــە بڕیـــاری دادوەری بـــە هەڵوەشـــاندنەوە دەرچـــوو، لەســـەر دادگایـــە پاکتـــاو کارێـــك دابمەزرێنـــێ.

دووەم: لەســـەر رێکخـــراو یـــان تـــۆڕە، تۆمارێـــك بـــە هەمـــوو ژمێریارییـــەکان و بنەچـــەکان

(اصـول) و داهاتـەکان بـە پاکتـاو کاربـکات، بنەچـەکان یەکـەم بـۆ دانـەوەی قـەرزی موسـتەحەقی رێکخـراو یـان تـۆڕ بـەکار دێـت و، بنەچەکانـی (اصـول) دیکـەش بـۆ موڵکیەتـی رێکخـراو یـان تۆڕێکـی دیکـە دەگوازرێتـەوە کـە هەمـان قازانجـی هەبێـت یـان ئامانجەکانـی

لــە ئامانجەکانــی ڕێکخــراو یــان تــۆڕە هەڵوەشــاوەکەوە نزیــك بێــت.

ماددەی هەژدەم:

یەکــەم: دوو ڕێکخــراو یــان زیاتــر بۆیــان هەیــە تێکــەڵ بەیــەك بــن و یــەك ڕێکخــراو پێــك بهێنــن بــە پەیڕەوێکــی ناوەخــۆ، ئەویــش بەگوێــرەی پەیــڕەوی ناوخــۆی هەریــەك لــەوان.

دووەم: ڕێــکاری تێکــەڵ کــردن و دامەزراندنــی ڕێکخــراوە نوێیەکــە دەکەوێتــە بــەر حوکمەکانــی ئــەم یاســایە.

ســێیەم: هەمــوو ســامانی گواســتە و نەگواســتە دەچێتــە ئەســتۆی ڕێکخــراوە نوێیەکــە.

**بەشی هەشتەم**

**حوکمە گشتییەکان**

مــاددەی نــۆزدەم: پێویســتە حکومەتــی هەرێــم پــارەی پێویســت لــە بودجــەی ســاڵانە بــۆ یارمەتیــدان و هاوکاریکردنــی ڕێکخــراوەکان، لەســەر بنەمــای توانــاو پــڕۆژە و چالاکیەکانیــان تەرخــان بــکات.

مــاددەی بیســتەم: دامودەزگاکانــی هەرێــم دەتوانــن ســود لــە توانــاو چالاکــی ڕێکخــراوەکان وەربگــرن لــە ڕێــگای ئەنجامدانــی پــڕۆژەی هاوبەشــەوە.

مــاددەی بیســت و یەکــەم: ڕێکخــراو بــۆی نیــە بــەدوای ســوودی ماددیــدا بگەڕێــت، تەنهــا لــە چوارچێــوەی بەدیهێنانــی ئامانجەکانیانــدا نەبێــت.

مــاددەی بیســت و دووەم: هەمــوو ئــەو بڕیارانــەی رێکخــراو یــان لــە تــۆڕەوە دەردەچــن، قابیلــی تانــە لێدانــن لەبــەردەم دادگای بەرایــی لەمــاوەی (١٥)رۆژدا لــەرۆژی دەرچوونیانــەوە بــە پێــی داوای هــەر کەســێك بەرژەوەندییەکــی لــەوەدا هەبــێ.

مــاددەی بیســت و ســێیەم: رێکخراوەکانــی دەســتبەکار لــە هەرێمــدا لەســەریانە روشــی خۆیــان لەگــەڵ حوکمەکانــی ئــەم یاســایەدا لەمــاوەی یــەك ســاڵ لــە رۆژی بــڵاو بوونــەوەی بگونجێنــن.

مــاددەی بیســت و چــوارەم: حوکمەکانــی ئــەم یاســایە ســەندیکا پیشــەیی و کۆمەڵــەکان و یەکێتییــەکان و حیزبــەکان ناگرێتــەوە.

مــاددەی بیســت و پێنجــەم: یاســای رێکخــراوە کوردســتانیە ناحکومیەکانــی ژمــارە (١٥)ی ســاڵی ٢٠٠١ و بڕیــاری ژمــارە (٢٩٧)ی ســاڵی ١٩٩٩ هەڵدەوەشــێندرێتەوە.

مــاددەی بیســت و شەشــەم: کار بەهیــچ دەقێکــی یاســایی یــان بڕیارێــك ناکرێــت کــە لەگــەڵ حوکمەکانــی ئــەم یاســایەدا ناکــۆك بێــت.

مــاددەی بیســت و حەوتــەم: ئــەرك و پســپۆڕایەتی پێکهێنانــی فەرمانگــە بــە پەیڕەوێــك دیــاری دەکرێــت.

مــاددەی بیســت و هەشــتەم: ئەنجومەنــی وەزیــران و لایەنانــی پەیوەندیــدار لەســەریانە حوکمەکانــی ئــەم یاســایە جێبەجــێ بکــەن.

مــاددەی بیست و نۆیــەم: ئــەم یاســایە لــە رۆژی بڵاوکردنــەوەی لــە

رۆژنامـەی (وەقایعـی کوردسـتان)ەوە جێبەجـێ دەکرێـت.

هۆی دەرچوونی:

لەبەرئـەوەی ڕێکخراوەکانـی ناحکومـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا کار لـە گەشـەپێدانی کۆمـەڵ و ژیانـی دیموکراسـی و مەدەنـی هەرێـم دەکـەن و، لـە ئاکامـی ئـەم گەشـەکردنە گەورەیـەی ڕێکخـراوەکان تێیـدا دەژیـن لـە پـاڵ ڕۆڵـی بەرجەسـتەیان لـە زۆربـەی جومگەکانـی ژیانـی کۆمـەڵ، هەروەهـا بەمەبەسـتی ڕێکخسـتنی چوارچێـوەی یاسـایی ئـەو ڕێکخراوانـەو، لـە پێنـاوی بەدیهێنانـی ئـەم مەبەسـتە و هێنانـە ئـارای یاسـایەکی هاوچەرخـی پێشـکەوتوو کـە لەگـەڵ کەلتـووری دیموکراسـی و مەدەنیـدا بگونجێـت، ئـەم یاسـایە دەرچوێنـدرا.

تێبینی:

ئـەم یاسـایە بـە بڕیـاری ژمـارە ١٠ی سـاڵی ٢٠١١ لەلایـەن بەڕێـز سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانەوە دەرچوێـنرا.

# پاشکۆی (٢):

یاسای کۆمەڵەکان
(سەندیکاکان، یەکێتیە پیشەییەکان، سەنتەر و بنکەو ناوەندە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان)

ژمارە
(١٨)ی ساڵی (١٩٩٣)

یاسای (کۆمەڵەکان)ی هەرێمی کوردستان-عێراق
ژمارە(١٨)ی ساڵی ١٩٩٣

مادەی یەکەم:

١- کۆمەڵـە: کۆمەڵـە کەسـێکە سـیفەتێکی هەمیشـەییان هەیـە و بریتیـن لەچەنـد کەسـێکی ئاسـایی یـان مەعنـەوی بـۆ مەبەسـتێك کـە قازانجـی مـاددی تێـدا نەبێـت.

٢- هەمـوو یانـە و ڕێکخـراو یەکێتـی و مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی و سـەندیکا و دەزگای خێرخـواز، کۆمەڵـەن و حوکمەکانـی ئـەم یاسـایە دەیانگرێتـەوە، تەنیـا مەگـەر ڕێکخراوەکـەی یاسـایەکی تایبەتـی بگرێتەخـۆی.

٣- ئەگـەر کۆمەڵـە مەبەسـتێکی زانسـتی یـا کۆمەڵایەتـی یـا پیشـەیی یـا هونـەری یـان وەرزشـی یـان خێرخـوازی یـان سـودێکی گشـتی هەبـوو لـەو کاتـەدا ئـەو کۆمەڵانـە بـەو پێیـە پۆلێـن دەکرێـن و هەریەکەیـان بەپێـی مەبەسـتی خـۆی.

مادەی دووەم:

١- ئـەو کۆمەڵـەی کـە بەپێـی حوکمەکانـی ئـەم یاسایە دادەمەزرێـن کەسـیەتیەکی مەعنـەوی دەبـێ و دەتوانـێ هەمـوو کاروچالاکییەکانـی خـۆی بنوێنـێ و بـۆی هەیـە مـاڵ و موڵکـی گوێـزراوە و نەگوێـزراوە لەپێنـاوی بەدیهێنانـی مەبەسـتەکانی خـۆی هەبـێ.

٢- کۆمەڵـە ناتوانـێ ببێتـە کەسـیەتیەکی مەعنـەوی تاکـو پێـڕەوی ناوخـۆی لـە ڕۆژنامـەی ڕەسـمیدا لەسـەر داوای بڵاونەکرێتـەوە.

مادەی سێیەم:

سـەرۆك یـا ئـەو کەسـەی کـە دەسـەڵاتی پێـدەدات نوێنەرایەتـی کۆمەڵـە دەکات لەبـەردەم داگا و لایەنـە ڕەسـمی و ناڕەسـمیەکاندا.

مادەی چوارەم:

ئامانجەکانی کۆمەڵە دەبێ ئەم مەرجانەیان هەبێ:

١- دەبێ ئاشکراو ڕوون و شەرعی و ڕەوا بێ.

٢- خزمەتـی کۆمەڵێکـی دیاریکـراوی گەلـی کوردسـتانی عێـراق بـکات.

٣- نابـێ کەرتـکاری و جیـاوازی ڕەگـەزی و ئایینـی و مەزهەبـی بکاتـە ئامانـج.

٤- نابـێ لەگـەڵ بنەماکانـی دیموکراسـی و جاڕنامـەی جیهانـی مافـی مـرۆڤ نەگونجـاو بێـت.

٥- نابێ دژی داب و دەستوری گشتی و ڕەوشت بێ.

مادەی پێنجەم:

پێویسـتە کۆمەڵـە ڕێبـاز و هـۆی دیموکراتـی و ئاشـتی بگرێتەبـەر بـۆ بەدیهێنانـی مەبەسـتەکانی بەپێـی یاسـای ڕەچاوکـراو.

مادەی شەشەم:

کۆمەڵـە مافـی خۆپێشـاندان و مانگرتـن و میهرەجـان و ئاهەنـگ سـازدان و پەیداکردنـی هۆیەکانـی ڕاگەیاندنـی بەپێـی یاسـا پەیڕەوکـراوەکان هەیـە.

مادەی حەوتەم:

بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە مەرجە داوایەك پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ بکرێت لەلایەن ئەندامە دامەزرێنەرەکانەوە ئیمزا کرابێ، بەمەرجێ ژمارەیان لە (١٥) ئەندام کەمتر نەبێ و هەموو بەپێی یاسا شیاو بن و پێڕەوی ناوخۆی پێوە لکابێ و ئەم زانیاریانەی تێدابێت:

١- ناوی کۆمەڵەکە و مەبەست لە دامەزراندنی و مەڵبەندی بەڕێوەبردنی دەبێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق بێت.

٢- ناوی هەموو ئەندامە دامەزرێنەرەکان و نازناو و ڕەگەزنامە و پیشەیان و شوێنی دانیشتنیان و بڕوانامە و پلەی زانستیان.

٣- مەرجەکانی ئەندامێتی و نەمانی.

٤- سەرچاوەکانی دارایی کۆمەڵە.

٥- ئەو دەستانەی کە نوێنەرایەتی کۆمەڵە دەکەن و کاروباری هەڵسوراندنی دەگرنە ئەستۆ و تایبەتمەندی هەریەکێکیان و ڕێگای هەڵبژاردن و کۆتایی پێهێنانیان.

مادەی هەشتەم:

١- دەبێ وەزیری ناوخۆ لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لەمێژووی تۆمارکردنی داواکە لە وەزارەت بڕیارێك لەبارەیەوە بدات.

٢- وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ئەگەر داوای دامەزراندنەکە مەرجی یاسایی تەواوی تێدا نەبوو، بیگەڕێنێتەوە بۆ دەستەی دامەزرێنەران لەو ماددەی کە لە برگەی (١) ی سەرەوەدا هاتووە تەواوکردنی ناتەواوییەکانی و لەگەڵ ڕۆژی پێشکەشکردنەوەی داواکەش ماوەی سەیرکردن و بڕیار لەسەردانی یا نەدانی دەست پێدەکات.

٣- کاتێــك کــە داواکــە لایــەك بەلایــەك نەکــراو ئــەو ماوەیــەی کــە لــە بڕگــە (١) ی سەرەوەشــی بەســەردا تێپــەڕی ئــەوە بەپێــی یاســا داواکــە بەپێــی یاســا پەســەند کــراوە.

٤- ئەگــەر وەزیــری ناوخــۆ داوای دامەزراندنەکــەی لەبــەر هــەر هۆیــەك ڕەتکــردەوە، ئــەوا ئەندامانــی دامەزرێنــەر بۆیــان هەیــە لەمــاوەی (١٥) ڕۆژ لــە پێڕاگەیاندنیــان بڕیــاری ڕەتکردنەوەکــە تەمییــز بکــەن لــەلای دەســتەی بــاڵای دادگای تەمییــزی هەرێمــی کوردســتانی عێــراق و ئــەو کاتــە بڕیــاری دادگا دوا بڕیــارە.

٥- ئــەو کارانــە لەکاتێکیشــدا دەکرێــن کــە پێــڕەوی ناوخــۆی کۆمەڵەیەکــی مۆڵەتــدراو هەمواربکرێــت.

ماددەی نۆیەم:

دارایی کۆمەڵە لەمانە پێکدێن:

١- ئابونەی بەشداربونی ئەندامان.

٢- ئابونەی ساڵانەی ئەندامان.

٣- بەخشــیش و دەســتو دیــاری و پیتــاك و پارەکۆکردنــەوە و لــە قەبــەڵ کــردن لەلایــەن کــەس و لایەنــی دیکــەوە.

٤- دەســتکەوتی دیکــە کــە کۆمەڵــە لــە ئەنجامــی چالاکــی و خســتنە مامەڵــەی پارەکانیــەوە چنگــی دەکــەوێ.

ماددەی دەیەم:

١- کۆمەڵــە مــاڵ و دارایــی خــۆی بــۆ خــۆی بەڕێوەیــان دەبــات، لەڕێگــەی بودجــەی ســاڵانەی کــە بەپێــی سیســتەمی ژمێریــاری کــە لــەلای فەرمانگــە رەســمییەکانی هەرێــم پەیــڕەو دەکــرێ ڕێکدەخــرێ و جێبەجــێ دەکــرێ.

٢- هەمــوو حســاباتێکی کۆمەڵــە دەکەوێتــە بــەر چاودێــری دارایــی هەرێمــی کوردســتان.

ماددەی یازدەیەم:

پێویســـتە لەســـەر هـــەر کۆمەڵـــە و لقەکانـــی ئـــەم تۆمارانـــەی خـــوارەوە ڕێکبخـــات و بەمەرجـــێ لـــەلای دادنـــوس (کاتبـــی عـــەدل) تەســـدیق کرابـــن:

١- تۆمـــاری ئەندامـــان: نـــاوی ئەندامانـــی کۆمەڵـــە و ناونیشـــان و تەمـــەن و ڕەگەزنامـــە و پیشـــە و بڕوانامـــەی زانســـتی و هونـــەری و مێـــژووی هاتنـــە نـــاو کۆمەڵـــەی تێـــدا تۆمـــار بکـــرێ.

٢- تۆمـــاری بڕیـــارەکان: ئەمـــەش هەمـــوو بڕیارەکانـــی ئەنجومەنـــی بەڕێوەبـــردن و دەســـتەی گشـــتی تێـــدا تۆمـــار دەکـــرێ و لەلایـــەن دەســـتەی بەڕێوەبردنـــی کۆمەڵـــەوە ئیمـــزا دەکرێـــن.

٣- تۆمـاری ژمێریـاری و هەمـوو داهـات و خەرجییەکـی تێـدا تۆمـار دەکـرێ.

٤- تۆمـــاری کـــەل و پـــەل و مـــاڵ و هەرچـــی موڵکـــی کۆمەڵـــە بـــێ لـــە کەلوپـــەل و موڵـــك و ماڵـــی گوێـــزراوە و نەگوێـــزراوەی تێـــدا تۆمـــار دەکـــرێ.

مادده دوازدەیەم:

دەســـتەی گشـــتی کۆمەڵـــە بـــۆی هەیـــە بـــە ئـــارەزووی خـــۆی دوای ڕەزامەنـــدی دوو لەســـەر ســـێی ئەندامانـــی کۆمەڵەکـــە هەڵوەشـــێنێتەوە.

ماددەی سێزدەیەم:

دەشـێ کۆمەڵـە بەبڕیارێکـی دادگای بەرایـی (بیدائـە) هەڵوەشـێتەوە دوای بڕیـاردان لەسـەر دامەزراندنـی، ئەمـەش لەسـەر داوای وەزیـری ناوخـۆ یـان ئـەوەی دەسـتەڵاتی پێـدەدات دەبـێ و لـەم حاڵەتانـەی خـوارەوە:

١- ئەگـەر سـاڵێك بەسـەر دامەزراندنـی کۆمەڵەکـەدا ڕەت ببـوو، دەسـتی بـەو کارانـەی نەکردبـوو کـە لـە پێـڕەوی ناوخۆیـدا هاتـوون، یـان بەبـێ هـۆ لـە جێبەجێکردنـی کارەکانـی وەسـتابوو.

٢- ئەگـەر لـە چالاکییەکانیـدا لـەو هۆیانـەی لادا کـە لـە مـاددەی (چـوارەم وپێنجەمـی) ئـەم یاسـایەدا هاتـوون.

٣- ئەگـەر کۆمەڵـە نەیتوانـی بەڵێنەکانـی خـۆی بەجـێ بگەیەنـێ، یاخـود پارەکـەی خـۆی یـان قازانجـی پارەکانـی بـۆ غەیـری ئـەو ئامانجانـە تەرخانکـرد بـۆی دروسـت بـووە.

٤- ئەگـەر چـەك و تەقەمەنـی لـە مەڵبەنـد یـا لـە یەکێـك لـە لقەکانـی خـۆی دا عەمبـار بـکات.

ماددەی چواردەیەم:

١- دادگا بەگورجـی سـەیری داوای هەڵوەشـاندنەوەکە دەکات و بڕیارەکـەی لـە ڕۆژنامـە ناوخۆییەکانـدا لەمـاوەی هەفتەیـەك لـە مێـژووی دەرچوونییـەوە بڵاودەکاتـەوە، ئـەوەی مەغـدورە بـۆی هەیـە ئـەو حوکمـە لـەلای دەسـتەی بـاڵای دادگای تەمییـزی هەرێمـی کوردسـتان لەمـاوەی (٣٠) ڕۆژ لـە مێـژووی بڵاوکردنـەوەی تەمییـزی بـکات.

٢- ئەگـەر دادگا داواکـەی هەڵوەشـاندنەوەی ڕەتکـردەوە، ئـەوە بـۆی

هەیە کرداری تانوت لێدانەکە لەکاربخات.

ماددەی پازدەیەم:

کاتێك کۆمەڵە هەڵوەشێنرایەوە، پاکتاوکەرەوەیەك یان زیاتری بۆ دادەنرێ و ئەم دانانەش دەستەی گشتی کۆمەڵە دەیکات ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکە بەئارەزووی خۆیان بێ، یاخود دەستەی گشتی داداگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عێراق دایدەنێت ئەگەر هەڵوەشاندنەوەکە قەزایی بێت و دادگای بەرایی(بیدائە) ش هەر ئەو دەمە دەستی بەسەردادەگرێ تاکو پاکتاوەکە دەکرێ.

ماددەی شازدەیەم:

دوای تەواو کردنی پاکتاوکردنەکە، پاکتاوکارەکان دەستدەکەن بە دابەشکردنی ئەو پارانەی کە ماون بەپێی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە، ئەگەر بۆ ئەمەش دەقێك لە ناو پێڕەودا نەبوو یاخود هەبوو، بەڵام ڕێگەی دابەشکردنەکەی لە توانا بەدەر بوو لەو کاتەدا ماڵی ئەو کۆمەڵە هەڵوەشێنراوەیە بۆ ئەو کۆمەڵەیە یان ئەو کۆمەڵانەی کە ئامانجیان نزیکە لە ئامانجی، یاخود دەدرێت بە هەر لایەنێکی خێرخواز کە ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشانی دەکات.

ماددەی حەڤدەیەم:

١- وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە کە لە هەر لادانێکی یاسایی کۆمەڵە ئاگادار بکاتەوە.

٢- کۆمەڵە بۆی هەیە ئیعتیراز لە بڕیاری وەزیری ناوخۆ بگرێت لەبەردەم دەستەی گشتی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی

عێراق لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لەپێڕاگەیاندنی بڕیارەکە.

ماددەی هەژدەیەم:

١- هەموو بڕیارێکی دەستەی گشتی کە لەگەڵ یاسا و پێڕەوی ناوخۆ دروست نەبێ و یا هەر کارێکی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە و ئەنجومەنەکانی بەرێوەبردنی لقەکان بیکەن و لەسنوری کاری خۆیان دەربچێ، یاخود نادروست بێ لەگەڵ حوکمەکانی یاسا و پێڕەوی ناوخۆ، یان بڕیارەکانی دەستەی گشتی، دەشێ بەحوکمی داگای بەرایی (بیدائە) کە مەڵبەندی گشتی کۆمەڵە سەربەئەوە، لەسەرداوای کەسێکی بەرژەوەند هەڵوەشێنرێتەوە. ئەمەش لەماوەی (٦٠) ڕۆژ لە دەرچوونی بڕیارەکەوە دەبێ، یاخود لە ڕۆژی دەستبەکار بونەکەیەوە، ئەوەی لەسەرەوەدا هاتووە هەمووی تەنیا لەگەڵ مافی شارستانیدا دەگونجێ.

٢- ناتوانرێ داواکاردنی بەتاڵکردنەوە ئاراستەی کەسانی نیازپاك بکرێ، ئەوانەی کە هەندێ مافیان چنگ کەوتووە لەسەر بنچینەی بڕیارو تانوت لێدراوەکان.

ماددەی نۆزدەیەم:

نابێ کۆمەڵەی سەربازی یان نیمچە سەربازی نا حکومی دابمەزرێ، هەروەها نابێ کۆمەڵەی پیشەیی پێکبهێنرێت تەنیا مەگەر لەو کەسانە دابمەزرێ کە هاوپیشەن.

ماددەی بیستەم:

کۆمەڵە لە ڕەسمی دامەزراندن و لە ڕەسمی تەسدیقکردنی تۆمارەکان دەبووردرێ.

ماددەی بیست و یەکەم:

هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە و ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردنی لقەکانی بەلێسەندنی گوژمە(مبلغ) پارەیەك سزا دەدرێ، بەمەرجێ لە (٥٠٠) دینار زیاتر نەبێ و لە(١٠٠) دینار کەمتر نەبێ.

١- ئەو تۆمارانەی ڕێکنەخستبێ کە لەم یاسایەدا هاتوون و گوێی بە مەرجە دیاریکراوەکانی نەدابێ.

٢- ئەگەر لایەنی تایبەت بەو کاروبارانەی ئاگادار نەکردبێتەوە، کە بەپێی یاسا دەبێ پێی رابگەیەنرێ.

٣- ئەگەر ئەندامێکی وەرگرتبێ و مەرجی ئەندامێتی بەپێی پێڕەوی ناوخۆی لێنەیەتە جێ.

ماددەی بیست و دووەم:

١- پێویستە لەسەر ئەو کۆمەڵانەی کە هەنە باری خۆیان لەماوەی(٦) مانگ لەڕۆژی بەکارکەوتنی ئەم یاسایە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بگونجێنن.

٢- هەر کۆمەڵەیەك کەخۆی بەحوکمی بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیە نەبەستێتەوە، بەپێی یاسا بەهەڵوەشاوە دادەنرێت.

ماددەی بیست و سێیەم:

کاروباری ڕێکخراوە کوردستانیەکانی کە لە بواری یارمەتیدان و ئاوەدانکردنەوە کاردەکەن، بەپێی یاسایەکی تایبەت ڕێکدەخرێن.

ماددەی بیست و چوارەم:

بەهیــچ دەقێکــی تــر کار ناکرێــت، کــە لەگــەڵ حوکمەکانــی ئــەم یاســایەدا نەگونجێــت.

ماددەی بیست و پێنجەم:

وەزیــری ناوخــۆ بــۆی هەیــە بــۆ ئاســانکردنی حوکمەکانــی ئــەم یاســایە ڕێنمایــی دروســت دەربچوێنــێ.

ماددەی بیست و شەشەم:

دەبــێ وەزیــرە تایبەتــەکان حوکمەکانــی ئــەم یاســایە جێبەجــێ بکــەن.

ماددەی بیست و حەوتەم:

ئــەم یاســایە لــەڕۆژی بڵاوکردنــەوەی لــە ڕۆژنامــەی ڕەســمیدا کاری پــێ دەکــرێ.

جوهر نامق سالم

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق



**ئاری ڕەفیق**

■بڕوانامـەی (دبلـۆم) لـە زانکـۆی (ئۆپسـالا) لـە (سـوید)، بـواری (یەکسـانی جێنـدەری) سـاڵی ٢٠٠٩.

■بڕوانامـەی (بەکالۆریـۆس) لـە بەشـی کۆمەڵناسـی لـە کۆلێجـی ئەدەبیاتـی زانکـۆی سـەلاحەدین سـاڵی ٢٠٠٧.

■بڕوانامـەی (ماسـتەر) لـە بەشـی کۆمەڵناسـی زانکـۆی منصـورە لـە وڵاتـی میـسر بـە پلـەی (نایـاب) سـاڵی ٢٠١٥.

■ ئامادەکـردن و چاپکردنـی توێژینەوەیەکـی "تیـۆری و مەیدانـی" بـە ناونیشـانی "ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی ڕۆڵیـان لـە ڕیفۆرمـی کۆمەڵایەتیـدا" لەسـاڵی ٢٠١٣.

■ ئامادەکـردن و چاپکردنـی توێژینەوەیەکـی دیکۆمێنتـی بەسـێ زمانـی "کـوردی، ئینگلیـزی، عەرەبـی" بەناونیشـانی "حکومـەت و پرسـی یەکسـانی" بەهاوبەشـی لەگـەڵ دوو توێـژەری تـردا، چاپـی یەکـەم سـاڵی ٢٠١٧، چاپـی دووەم سـاڵی ٢٠١٨.

■ ئامادەکـردن و بڵاوکردنـەوەی توێژینەوەیەکـی تیـۆری بەناونیشـانی "میدیـاو ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی" سـاڵی ٢٠١٢.

■ کارکـردن و بەردەوامبـوون وەك "ڕاهێنـەر"ی بـواری پەرەپێدانـی مرۆیـی و پرسـی یەکسـانی لەشـارو شـارۆچکەو گوندەکانـی هەرێمـی کوردسـتان.

■ بڵاوکردنـەوەی وتـار و توێژینـەوەی زانسـتی، لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـار و ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـەکان.

■ لـە سـاڵی ٢٠٠٢ تاکـو ٢٠٠٧ کارکـردن لـە بەڕێوەبەرایەتـی کۆمەڵـەو پارتـە سیاسـییەکانی وەزارەتـی ناوخـۆ.

■ لـە ئێسـتادا وەك "یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی" بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی دژبـە ئافرەتـان کاردەکات لەوەزارەتـی ناوخـۆ.

# Civil Society Organizations

## The fifth authority in Kurdistan region

**Ari Rafiq**

**Kurdistan 2019**